# بەفرو
# خوێن

# بەفر و خوێن

نووسەر: جەبار عوسمان

بابەت : ڕۆمان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە:  ئومێد محەمەد

هەڵەبڕی و پێداچوونەوە: جەواد حەیدەری

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢١

تـــــــــیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ:            دینار

چاپ: چاپخانەی چوارچرا

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٢٠٦٠ ) ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە

ڕۆمان

# بەفرو خوێن

جەبار عوسمان

2021

کەسایەتیمان وێنای هەموو ئەو ئەندێشانەیە،
کە ڕۆژانە بەقوڵی بیریان لێدەکەینەوە.

■ نوسەر

# یەکەم ڕۆژی بەفرباڕین

# ١

ئەو بەفرەی لەسپێدەوە باریبوو هەموو شاری لەخۆیدا تەواو سپیپۆش کردبوو، تا دەهات زێدەتر چڕ دەبوو، بە هێندەیەک کە هەموو باڵە خانە بڵندەکان و شەقام و دەشت و کۆڵان و ماڵەکانی لەسپێتی خۆیدا نغرۆ کردبوو، تا ئەو ئاستەی لەبینیندا سۆمای چاوی مرۆڤی دەبرد. لەگەڵ ئەو کەشە سپییە ئەفسوناوییەدا، زۆرێک لەمرۆڤەکان، ئەوانەی تەمەنێک ڕق و کینە دڵەکانیانی ماندووکردبوو، ئەو دیمەنە هەستێکی شادمانی و پڕ لەئارامی پێدەبەخشین، ئارەزووی ئەوەیاندەکرد ئەو بەفرە لەنێو سپێتی خۆیدا، هەموو تاریکی ناخ و دەروونیان ڕۆشن بکاتەوە یان ئەوەتا لەگەڵ گەمەیەکی شەڕەبەفردا تۆڵەی شاراوەی چەندین ساڵەی

ناخیان لەگەڵ دیمەنی ئەو بەفرەدا خاڵی بکەنەوە، بەڵام ئایا هەموو ئەو دڵانەی بەبیرو هەستی تاوان تاریک بوون و نەستیانی داگیر کردووە، لەڕۆژێکی ئاوادا ڕۆشندەبنەوە یان ئەوەتا بەردەوام لەنێو تاریکی خۆیاندا پەراوێز دەکەون و بەردەوام ڕۆح و هەستی خۆیان، بەکینە و حەزی تۆڵەی ناخیان دەرزی ئاژەن دەکەن، تا ئەو کاتەی چارەنووس بە تاوانێکی نامۆیان دەناسێنێت و بۆ هەتا هەتایە لێی پەژیوان دەبنەوە.

ئاخر بەفر ئەفسونێکی تایبەتی خۆی هەیە، کاتێک سروشت لەخۆیدا سپیدەکات، دڵ و هەست و نیگاگانی مرۆڤ بۆخۆی دەبات، وەکئەوەی بیەوێت هەموو تاریکی ناخی مرۆڤەکان لەگەڵ خۆیدا ئاوێتە بکاتەوە و بەسروشتی خۆیان ئاشنا بکاتەوە.

لە ئێستادا، لەهەموو کووچە و قوژبنێکی جیهاندا، زۆرن ئەو دڵانەی بەهەستی تاوان ڕەش بوون و چاوەڕواندەکرێت لە چرکەساتێکدا، لەگەڵ هەڵچوونی کەڵەکە بووی ڕق و کینەی ناخیاندا تاوانێک بکەن و نەفرەت لە مرۆڤبوونی خۆیان بکەن، بەڵام لەم شارەدا، لەماڵێکی کەنارکەوتووی کۆڵانێکی تەنیاو تەریکدا، لەنێو بیدەنگی ئەو بەفرەدا، دوودڵی پڕ لەقین مات وخامۆش بوون و تاریکی ناخیان، دیمەنی هەموو ماڵەکەی لەخۆیدا ڕەش و تاریک کردووە.

لەوێدا هەستی تۆڵە لەهەموو شوێنێکی ئەو ماڵەدا خۆی مەڵاس داوە، لەهەموو شوێنێکی ژوورەکاندا، لەحەوشەو باخچەکەدا لەخەون و بیرکردنەوەکانیاندا، تەنانەت لەنێو

پێخەف و پۆشاکەکانیشیاندا. لەگەڵ هەموو یادەوەرییەکی تاڵ و شیریندا، وەک برینێکی بەسوێ، دووبارە نوێ دەبێتەوە و هەستی ڕق و تۆڵە و تاوان لەناخی مرۆڤەکانی ئەو ماڵەدا زاڵ و بەهێز دەکات، تا دەگاتە ئەو ئاستەی تاوانێک ڕوودەدات، تەنانەت بۆخۆشیان نازانن کێ دەبێتە بکوژ و کێ دەبێتە قوربانی ئەو هەموو ڕقەی ماڵەکەی تەنیوەتەوە .

لەو خانووەدا کەتەنها لەدوو ژوور و داڵانێک پێکهاتووە، بەشی پێشەوەی داڵانەکەی بەجامخانەیەکی ئاسن گیراوە کە بە بۆیەی سەوز ڕەنگکراوە، کە بەسەر حەوشە فراوانەکەی ماڵەکەدا دەڕوانێت، لەگەڵ گەرماوێک و ئاودەستێک کە بەشێوازێکی ناقۆڵا لەلایەکی داڵانەکەوە دروستکراوەو دیمەنێکی نائەندازەیی بەداڵانەکە بەخشیوە، لەژورەکەی پێشەوە کەلە پەنجەرە یەکەوە دیمەنی ئەو باخچە بچکۆلەیەی لێوە دیارە، کە تەنها دارێکی تووی چڕ لەناوەڕاستیدایە و بەفر هەموو سەری سپیکردووە، پیاوێکی بەتەمەن لەسەر قەرەوێڵەیەکی ڕەنگ ڕەساسی دانیشتووە، کە پێچکەکانی لەچەند لایەکەوە ژەنگ ڕەنگەکەی سوور کردووە، چاویلکەیەکی پزیشکی قۆقزی لەسەر چاوە سەوزە و بچکۆلانەکانی داناوە و بەدەنگێکی نزم و لەرزۆکەوە قورئان دەخوێنێت، هەر لەو ژوورەدا ژنێکی لاو پشتی بە دیوارەکەی تەنیشت قەرەوێڵەکەوە داوە، کە بۆیاخەکەی لەچەندین لایەکەوە پەڵەی ئاوی باران لێی کردۆتەوە و دیمەنی تابلۆیەکی سوریالی بەڕووی پەنجەرەکەدا داوە.

ژنەکە ناوی ئەفسانەیە، ئەژنۆکانی لەئامێزی خۆی گرتووە و چاوە مات و هەنگوینییەکانی، کە بەنیگایەک دڵی هەموو پیاوێکی دەبزوێنێت و ئاوێتەی خۆی دەکات ئاراستەی پەنجەرەکە کردووە، ئەو بۆخۆیشی نازانێت هەستەکانی لەگەڵ نیگا دڵبەرەکەیدا لەکوێدا یەکدی دەگرنەوە، تەواو لەنێو خۆیدا ڕۆچووە، لەنێو ئەندێشەیەکی بێسەرەو بەرەو تاریک و نادیاردا، کە تا دەهات تێیدا بزر دەبوو، بەبێئەوەی ئامانجێک یان هیچ بابەتێکی دیاریکراو لەئاوەزیدا چەکەرەی کردبێت و بەشوێنی کەوتبێت، بەڵام بێئاگا لەخۆی، چاوەکانی بۆ شوێنێک دەیانڕوانی، شوێنێک کە خۆی تەواو بێئاگابوو لێی و مەبەستدار نەبوو، کاتێک لەچاوە خومارەکانیت دەڕوانی واهەستتدەکرد لەنێو پەنجەرەکەوە چاوەکانی لەسەر ئەو کوڕەی ماڵەکەی بەرامبەریان لەنگەریان گرتووە، کەلەسەر ئەو نەردەوانەی بەڕووی خانووەکەیاندا بۆ نهۆمی دووەم دەچوو هەڵتروشکاوە، چاوە زیت و پڕلە شەهوەتەکانی بەنێو دیمەنی بەفرەکەدا ئاراستەی پەنجەرەکە کردووە، بەڵام ڕوون نییە کوڕەلاوەکە تاچەند لەپەنجەرەکەوە ژنەکە دەبینێت، تەنها تاو ناتاوێک چاوە بزێوەکانی تیژترو بچوکتردەکاتەوە بۆئەوەی لەگەڵ جوڵەیەکدا هەست بەبوون و جوڵەی ئەفسانە بکات.

ماڵەکە بەهێندەیەک خامۆش و بێدەنگە بۆنی مەرگی گرتووە، تەواو لەکەشێکی ماتەمینی دەچێت، کە مەلایەک نوێژ لەسەر جەستەیەکی مردوویەک بخوێنێت، لەو دۆخەدا ئەفسانە وەک ئەوەی لەخەوێکی قوڵدا بەئاگا بێتەوە

لەشوێنی خۆی ڕادەچڵەکێت و چاوەکانی لەسەر ئەو جرجە لەنگەر دەگرێت، کەبە هێمنی بەکەناری دیواری پەنجەرەکەدا بەرەو لای دەرگاکەی ژوورەکە دەچێت، بیر لەوە دەکاتەوە شتێک بدۆزێتەوە کە تێی بسرەوێنێت و بەپیاکێشانێک دواهەناسەی لێببڕێت، بەهێمنی چاوێک بەئەملاو ئەولای خۆیدا دەگێڕێت دواتر جرجەکە فەرامۆش دەکات، ئایا لەوە دڵنیا دەبێت کەهیچ شتێکی گونجاو شک نابات هەتا جرجەکەی پێ بکوژێت یان پەژیوان بۆتەوە لەو تاوانەی کەلە ناکاوێکدا ناخی داگیر کردووە، چاوەکانی بۆسەر پیاوەکەی دەگوازێتەوە کە ناوی دەروێشە، تا بزانێت ئەو هەستی بەجوڵەی جرجەکە کردووە یان نا، بەڵام دەروێش زووتر لەژێر چاویلکەکەیەوە چاوە بزێوەکانی لەسەر قورئانەکە دەگوازێتەوە بۆسەر دیمەنی جرجەکە، کەلە کونی ئاوەڕۆی ژێر دەرگاکەوە دەرباز دەبێت.

دەروێش بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵ و پڕ لەئازارەوە قورئانەکە دادەخات و بەهەردوو دەستی تا نزیکی سەری بڵندی دەکات و دوای ماچکردنی دەیخاتە سەرسەری و دواتر لەتەنیشت خۆیەوە بەهێمنی دای دەنێت و بەنیگایەکی تووڕەوە ڕوو لە ئەفسانە دەکات، بەدەنگێک کە هەڵچوونی پێوە دیارە دەڵێت:

« ژنەکە چەند جار پێم وتی کە چوویت بۆ بازاڕ لەگەڵ خۆت دەرمانێک شتێک بهێنەرەوە بۆئەم جرجە نەفرەتیانە، جرج خەریکە دەمانخوات،ماڵەکە بووە بەلانەی ئەوان، بەئارەزووی خۆیان دێن و دەچن و زاوزێ دەکەن و

دەخۆن و دەخۆنەوە دەڵێی ئەوان خاوەن ماڵن و ئێمەش میوان» .

ئەفسانە وەڵام ناداتەوە، بەجوڵەیەک ڕانە نەرم و گۆشتەنەکەی چەپی لەسەر دۆشەکە کۆن و دڕاوەکەی ژێر خۆی ڕادەخات و ئانیشکی دەستی ڕاستی لەسەر ئەژنۆ چەماوەکەی ڕاستی جێگیر دەکات و بەپەنجە گۆشتنەکانی ڕوومەتە پان و کۆڵمە ئەسمەرەکەی لای ڕاستی دادەپۆشێت و بەنیگایەکی پڕلە پرسیارەوە لەدەروێش دەڕوانێت، دەروێش بەردەوام چاوەکانی لەسەر ئەفسانەیە دڵنیا دەبێت کە وەڵامی ناداتەوە، لەناخیدا هەست بە تێکچونێک دەکات، وەک هەموو جارەکانی تر پڕ بە دڵی ئارەزووی ئەوە دەکات بە زللەیەک وەڵامی ئەو بێدەنگییەی بداتەوە، بەڵام زووتر لەو بڕیارە پەژیوان دەبێتەوە، وەک ئەوەی هەست بکات ئێستا هێزی ئەوەی نەماوە وەک ڕابردوو بەو ڕەفتارانەی ناچاری بکات بەفەرمانەکانی ڕازامەند بێت، هەر بۆیە بە دەنگێکی نەرم و پڕ لەتکاکردنەوە پێی دەڵێت :

« ژنەکە بۆچی وەڵام نادەیتەوە ها ... چیتە .. دیسان شەیتان مێشکتی تەنیوەتەوە؟»

ئەفسانە دەیەوێت بە تووڕەبوونێک کە ئازاری چەندین ساڵەی تەمەنی وێنا دەکات وەڵامی بداتەوە، بەڵام دەنگێک لەناخیدا زووتر لەو بیرۆکەیە پەژیوانی دەکاتەوە، هەربۆیە بەوێنەی دەروێش بەدەنگێک کە بێزاری پێوە دیارە دەڵێت :

–ئاخر پیاوەکە، بەم بەفر و سەرماو کرێوەیە کێ دەتوانێت بچێت بۆ ئەو بازاڕە دوورە دەستە.

-دەزانم ژنەکە، دەزانم سارد و سەرمایە، بەڵام خۆ ناکرێت بەم حاڵەوە لەگەڵ ئەم جانەوەرانە بژین... (بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی پڕلە حەسرەتەوە) ئاااى ژنەکە، نەخۆشی و تەمەن چی لەپیاو دەکات، ئەگەر ئەو هێزو گوڕەی جارانم دەبوو بۆخۆم هەموو کارێکم دەکرد و پێویستیم بەوە نەدەبوو لەتۆ بپاڕێمەوە، تۆ بزانە نەخۆشی چۆن هێزی لەبەر بڕیوم تەنانەت هێزی ئەوەم نییە وەک جاران بەم بەفر و سەرمایە بۆ نوێژی هەینیش بچم.

ئەفسانە وەک ئەوەی گرنگی بەو قسانەی دەروێش نەدات، کە ژیلەمۆی ئازاری ناخی دەبوژانەوە یان پێدەچوو مەبەستی نەبێت گوێی لەو قسانە بێت، کەبەردەوام ئازاری ناخ و هەستەکانی ئەدا، هەربۆیە چاوەکانی لەسەر ئەو گوڵانە نابوو، کە ماکسییە ڕەنگ سوورەکەی ڕازاندبۆوە. دەروێش دەستێکی بۆ گۆچانەکەی تەنیشتی خۆی دەبات و لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و بە چەند هەنگاوێکی هێمن و بەئاگاوە خۆی دەگەیەنێتە بەردەم پەنجەرەکە، لەدیمەنی بارینی ئەو بەفرە دەڕوانێت، کە بەچڕی دێتەخوارەوە و هەموو بینایی داگیر کردووە، لەو کاتەدا کوڕی ماڵەکەی دراوسێکەیان کاتێک تارمایی دەروێش لەپەنجەرەکەوە دەبینێت، بەهێمنی بەدەم کێشانی جگەرەکەیەوە لەشوێنی خۆی هەڵدەستێت و بەرەو ئەو ژوورە دەڕوات کەلە نهۆمی دووهەمە و بەسەر ماڵەکەی دەروێشدا زاڵە.

دەروێش چاوەکانی لەنێو دیمەنی سپی بەفرەکەدا ڕۆچووە پێدەچێت یادەوەرییەکی پڕچێژی لەگەڵ دیمەنی ئەو

بەفرەدا هەبێت، بێئاگایانە خەندەیەک لێوە چرچ و وشکەکانی دەبزوێنێت، هەستێکی پڕ لەشادومانی و وروژێنەر هەموو ناخی گەرم دەکاتەوە، لەو دۆخەدا هەستدەکات چێژێک خەریکە هەموو جەستەی شاگەشکە دەکات، بەهێمنی دەستە لەرزۆکەکەی بەسەر چووکە نەرمەکەیدا دەهێنێت و ماوەیەک بەدەستە زبرو لەرزۆکەکەی هەڵیدەگلۆفێت، لەناکاوێکدا نائومێدییەک هەموو ئەو هەستە چێژبەخشە لەبیریدا کاڵدەکاتەوە، لەگەڵ ئەو دۆخەدا پڕبەدڵ ئارەزوو دەکات لەگەڵ ئەو یادەوەرییەدا بمێنێتەوە لێی جودا نەبێتەوە هەربۆیە بەناچاری ئەو حەزەی لەپرسیارێکدا کۆدەکاتەوە و بەئەفسانە دەڵێت :

«لە یادت ماوە ژنەکە، ئەو کاتەی هێشتا مانگێک دەبوو تۆم هێنابوو، بەوێنەی ئێستا بەفرێکی زۆر باریبوو، تۆش لەبەردەم دەرگاکەی حەوشەوە مات و مەلول و وەستابوویت و لەئێمەت دەڕوانی ... ها، لەبیرتە ئەو کاتەی من و براکانم لە کۆڵان شەڕەبەفرمان دەکرد، ئەو ساتە پڕ بە دڵ ئارەزووی ئەوەم دەکرد بەگەمەیەک لەو هەستە منداڵییەت قوتارت بکەم، هەربۆیە تۆپەڵێک بەفرم تێسرەواندیت، بەڵام تۆ لەبری ئەوەی خەندەت بەدۆخەکە بێت و گەمەم لەگەڵ بکەیت وەک منداڵێکی شەرمن دەستتکرد بە گریان و هەتا شەو هەر هەنسکت هەڵکێشا؟.»

ئەو یادەوەرییەی لای دەروێش چێژێکی ئەفسوناوی بەهەستەکانی دەبەخشی، بەڵام بۆ ئەفسانە شتێکی جودا بوو، هەستێکی غەمگین بەوێنەی شەپۆلێکی توڕەی دەریا

چۆن کەفەکەی خۆی بەرەو کەنارەکانی تاو دەدات، هەموو جەستە و ناخی ئەفسانەی داگیرکرد و ئاسەواری ئەو هەستە پڕلە ڕق و کینە و بێزارییە لەچاوەکانیدا بوون بە چەند دلۆپێک ئەسیرن، بە وێنەی شەونم بەسەر کولمە بەرزەکانیدا خلیسکانە خوارەوە،

ئەفسانە لەو دۆخەدا درکی بەشتێک دەکرد، کە گەرووی توندتر دەکات و خەریکە دەیخنکێنێت، بیری لەوە دەکردەوە ئەوە گریانێک بێت وەک هەموو جارەکانی تر بۆ خاڵی کردنەوەی تووڕەیی ناخی بێت بەرامبەر بەهاوسەرە پیرو پەککەوتەکەی بەڵام ئەو هەستە تەنها هەڵچوونی گریانێک نەبوو، بەڵکو ئەوە زایەڵەی دەنگی ئەو تارماییە بوو کەهەر لەسەرتای لەدایکبوونی (موحەمەد) ی کوڕییەوە لەناخیدا دروستببوو، بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوو بێدەنگ و سەرکوتەی بکات یان وەک منداڵێکی گرۆزن بیخەوێنیت هەتا ئارامی بەناخی خۆی بدات.

ئێستا ئەو دەنگە یان ئەو تارماییەی ناخی بەئاگا هاتۆتەوە، لەهەوڵی ئەوەدایە بیدوێنێ و تەڤیی بکات لەبیری تاوان، تاوانێک کە هەرگیز لەگەڵ هێز و توانای جەستەی خۆیدا نییە ئەنجامی بدات، ئەو بەردەوام لەگەڵ ئەو دەنگەدا دەجەنگاو بەرپەرچی ئەدایەوە، زۆر جار بۆئەوەی فەرامۆشی بکات و خۆی لێ بەدوور بگرێت، بیری لەشتگەلێکی نامۆ و جودا دەکردەوە، شتگەلێک کە هیچ پەیوەندییەکیان بەحەزو بیرکردنەوەکانی ئەفسانەوە نەبوو وەک ئاودانی گوڵی ئینجانەکانی بەردەم پەنجەرەکەی یان

خاوێنکردنەوەی هەموو دیواری ماڵەکەی یان شتگەلێکی سەیر کە بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆچی ئەنجامیان دەدات، وەک گەڕان بەناو ئەو کەنتۆرە شەق و شڕەی کە لە ژوورەکەی دواوە بوو، دەرگاکانی بەئاستەم کلۆم دەدران.

ئەفسانە بەنێو خۆیدا تەواو ڕۆچوو بوو، بێئاگابوو لەوەی چاوەکانی بەخوڕ فرمێسکیان لێدەچۆڕێت، لەبەر خۆیەوە وەک ئەوەی لەگەڵ کەسێکدا بدوێت هەر ورتەی دێت و دەستەکانی بەبێ مەبەست دەبزوێنێ، پێدەچێت بیەوێت بەو ڕەفتاری بڕوا بەکەسێک بهێنێت، کە وەک تارماییەکی نەبینراو لەبەرامبەریدا دانیشتووە و جگەلە خۆی کەسی تر هەستی پێناکات.

دەرویێش کاتێک بۆ وەڵامی پرسیارەکەی ئاوڕ بۆلای ئەفسانە دەداتــەوە، نیگەرانییەک دەمـووچـاوە چـرچ و تاریکەکەی داگیر دەکات و بەچاوە زیتەکانی، کە پێدەچێت لەچێژێکی هەست بزوێندا نغرۆ بووبێت لێی دەڕوانێت، بیر لەوە دەکاتەوە بەچەند گفتێکی شیرین و هێورکەرەوە دڵی بداتەوە، بەڵام شتێک وەک دیوارێک ڕێگربێت لەبەرامبەر هاتنی هەستەکەی ناخیدا پەژیوانی دەکاتەوە، ماوەیەک لەو دیمەنە نامۆیەی ئەفسانە دەڕوانێت، بۆخۆشی نازانێت لەو دۆخەدا چۆن ڕەفتار بکات، دواجار هەستێک، کە گومانی ئەوەی لێدەکات ئەو گریانە بیانوویەک بێت بۆ شاردنەوەی مەبەستێکی شاراوە، سیما پڕ لەنیگەرانییەکەی دەگۆڕێت بۆ نیگایەکی پڕلە پرسیار وگومان، بەدەنگێکی پڕ لە بێزارییەوە پێی دەڵێت :

(تاكەی  ئەو شەیتانەی ناخت بەنەفرەت ناكەیت ها، تۆ بزانە بەهۆی ئەم دۆخەتەوە ژیانی منت چۆن وێرانكردوە؟ دایكم بەڕەحمەت بێت ڕاستیدەكرد دەیگوت « ئەم ژنە شەیتان چۆتە بن كلێشەیەوە، هەربۆیە لەدوای موحەمەد هەموو منداڵێكی  لەبار دەچێت» تۆبزانە ئەگەر ئەم ڕفتارە قێزەونانەی تۆ نەبایە ئێستا ئەم ماڵە ئاوا چۆڵ و خامۆش نەئەبوو).

ئەفسانە بەردەوام لەگەڵ شەپۆلە دژوارەكانی بیری خۆیدا ڕۆچووە، بۆخۆی بێئاگایە لەوەی دەرویش باسی چیدەكات، بەڵام دڵنیا بوو لەوەی تارماییەكەی ناخی دواجار هەموو ئەو قسە پوچانە لەهەستێكی تۆڵەدا كۆدەكاتەوە و وەك چەپۆكێكی توند بەڕوویدا دەداتەوە یان وەك خەونێكی مەترسیدار، لەنیوەی شەودا وەك مۆتەكەیەك دەبێتە میوانی و ناچاری دەكات  بیدوێنێت.

كاتێك دەروێش لەوە تێدەگات قسەكردن لەگەڵیدا بێسوودە، وەك ئەوەی دەردەدڵی خۆی بۆ كەسێكی نادیار بكات بەو گۆچانە ڕەنگ قاوەییەكەیەوە كەتەنها لەنگەری بەجەستە قەڵەوەكەی دەدا، بەناو ژوورە تەنگەبەرەكەدا دێت و دەچێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

« تائێستا حەوت منداڵی لەبارچووە ... ئاااى  حەوت منداڵ ... ئاخر ئەگەر ئەوە دەستی شەیتانی تیانەبێت دەبێت چی بێت ها ؟»

بەدەم پیاسەكردنەوە تاو نا تاوێك نیگا تیژو پڕ گومانەكانی بۆسەر ئەفسانە دەگوازێتەوە، لەهەستی

خۆیدا ئارەزووی ئەوە دەكات بەو قسانە بهێنێتە گۆ، بەڵام ئەفسانە هیچ وەڵامێكی بۆ ئەو نییە، تەنها بەدەم هەنسكی گریانێكەوە دەمووچاوە ئەسمەرەكەی لەنێو هەردوو دەستەكانیدا شاردۆتەوە، وەک ئەوەی هێزی ئەوەی نەبێت لەچاوە ئاگرین و تۆقێنەرەكانی هاوسەرەكەی بڕوانێت یان ئەو قسانە بەشێوازێک ئازاری ناخی دەدەن، كە پەلكێشی هەموو یادەوەرییە بەئازارەكانی ژیانی ڕابردووی بكەن.

دەروێش لەسەر پەیڤە كاریگەرییەكانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

(تۆ بزانە... تائێستاش ئەم هەموو دكتۆرەش نازانن هۆكاری ئەم نەخۆشییە نەفرەتییەی تۆ چییە؟ تەنها ئەو شێخە نەبێت كە دایكم كاتی خۆی تۆی برد بۆلای و وتی: «ئەم ژنە شەیتان لەناخیدا دەژیّ، بۆئەوەی لێی ڕزگار بێت پێویستە ڕۆژانە قورئانی بەسەردا بخوێنرێت» ئەوەتا... لەو ڕۆژەوە من بەردەوام قورئانت بۆ دەخوێنم، تەنها بۆئەوەی لەو شەیتانەی ناخت دەربازت بكەم، بەڵام ئەفسوس هەموو ڕەنجێكی من لەگەڵ تۆدا بەباچوو، ئێستا من لەوە تێدەگەم تۆ بۆخۆت ئەوەت پێخۆشە لەبری من، لەگەڵ شەیتاندا بژیت و بخەویت، من دەزانم دەمێكە دڵی تۆ بۆتەماڵی شەیتان و بەویستی خۆت جێگەت بۆ كردۆتەوە، ئەگەر نا، چۆن شەیتان بەبیستنی قورئان و ناوی خودا خۆی بۆ دەگیرێت؟ تۆ بزانە بۆچی خودا شەیتانی بەنەفرەت كردووە و لەبەهەشت بەدەری نا، ها؟... تەنها لەبەرئەوەی سەرپێچیی

خودای کردو دواجار بووە سەرچاوەی  شەڕو ئاشوب).
دەروێش هەنگاوەکانی لەبەر دەم پەنجەرەکەدا ڕادەگرێت و بێمەرام لەپەنجەرەکەوە بۆ دەرەوە دەڕوانێت، لەو کاتەدا کوڕە گەنجەکەی ماڵەکەی بەرامبەریان دەبینێت، کەبەتاسەوە چاوەکانی لەسەر لەپەنجەرەکەی ژوورەکەیان ناوە، بەو دیمەنە  هەستێکی پڕلە گومان و ئیرەیی ناخی داگیر دەکات، هاوکات ئاوڕێک بۆ ئەفسانە ئەداتەوە، گومانی ئەوە دەکات لەڕەفتارەی ئەو کوڕە بەئاگابێت، بەڵام ئەفسانە بەردەوام سیمای لەنێو دەستەکانی خۆیدا شاردۆتەوە و بێدەنگ بووە و نوتقی لێوە نایەت، دەرویش واتێدەگات ژنەکەی بەو دۆخەوە نووستووە هەربۆیە تۆنی دەنگی بڵندتر دەکات،پێدەچێت مەبەستی بێت بەپەیڤەکانی ئەفسانە بەئاگابێنێتەوە، بەهەستێکی کەمێک هەڵچوونەوە دەست بەقسەکانی دەکاتەوە و دەڵێت:
«ئاااى دایکە گیان... تۆ چەند ژنێکی ژیرو وریا بوویت، چۆن زوو هەستت بەو شەیتانەی  ناخی ئەم  ژنەم کرد... هەزار ڕەحمەتت لێ بێت و گۆڕەکەت هەمیشە پڕ لەنوور بێت.»
لەدوای ئەوقسانە دەروێش دەزانێت ژنەکەی هیچ پەرچەکردارێکی نییە بەهێمنی لێی نزیک دەبێتەوە و وەک کێوێک لەبەرامبەریدا دەوەستێت و کەمێک سەری بۆی نەوی دەکات، بەو هەڵوێستەی لەوە دەچێت بیەوێت قسەیەک بەگوێیدا بچپێنێت، ئاوا لەو دیمەنی ژنەکەی دەڕوانێت، کە خۆی بەشێوەیەک گرمۆڵە کردووە، لەمنداڵێک دەچێت،

که وڕکی شتێکی گرتبێت، پاشان بەئاستەم قاچەکانی ئەنوشتێنێتەوە و لەتەنیشتییەوە دائەنیشێت و بەدەنگێکی نەرم وەکئەوەی بیەوێت بلاوێنێتەوە دەڵێت:

(هەستە ژنەکە... واز لەم گریان و نوزە نوزە بێنە، بڕۆ کێردە دەسک سوورەکەم بۆبێنە، ئەو کێردە پیرۆزەی لەباب و باپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە، یادی بەخێر باوکم دەیگوت:»کاتی خۆی پیاوێکی نورانی خەڵکی گوندەکەی خۆمان هەبوو چەقۆی دروستدەکرد، بەشی زۆری داهاتی ژیانی لەسەر ئەو کارەی بوو» لەسەر داوای باوکم ئەو کێردەی بۆ دروستکردین. دەیگێڕایەوە و دەیگوت: «کاتێک خەڵکی گوندەکەمان بڕیاری قوربانی یان خێرێکیان بۆ کەسێکی خۆیان بدایە، بەو کێردەی باوکم قوربانییەکەیان سەردەبڕی، ئەو کێردە ئەوەندە پیرۆز بوو بەرەکەتێکی زۆری دەخستە ئەو ماڵەوە. کاتێک ئەو پیاوەکە چەقۆ یان کێردێکی دروستدەکرد، بەردەوام قورئانی بەسەردا دەخوێند و لەناخی دڵییەوە نزای بۆ خاوەنەکەی دەکرد خودا بەرەکەت بڕژێنێتە ماڵ و ژیانییەوە» هەڵسە ژنەکە... بڕۆ کێردەکەم بۆم بهێنە، با جوان تیژی بکەمەوە و بۆ موحەمەدی ئامادە بکەم، نە وەک ئەمڕۆ دوای نوێژی هەینی سەردانمان بکات، بۆئەوەی بەدەستی خۆم ڕادەستی بکەم و بیری نەچێتەوە، من دەمێکە قەراری خێرم بۆ دایکم داوە، پێشی دەڵێم لەکاتی خێرەکەدا ناوی تۆش بهێنێت، ئەمە خواکردە بەشکم ببێتە شفایەک بۆتۆش) .

## ٢

گومان ژەهرێکی کوشندەیە، کاتێک ڕۆدەچێتە ناخی مرۆڤەوە هەموو ژیانی دەتەنێتەوە و لەگەڵ خوێن بەناو هەموو جەستەیدا گوزەر دەکات و خۆی لەهەموو ڕەفتارەکانیدا وێنا دەکات، بەجۆرێک کە چیدی بوار بۆهەستی خۆشەویستی و جوانی ژیان ناهێڵێتەوە. ئەوەی وادەکات گومانەکان گەورەتر بن و هەست و نەستی مرۆڤەکان ڕەش بکاتەوە، بوونی ئەو هەستە گوماناوییە، کە وەک ئەهریمەنێک خۆی دەخزێنێتە بیرو ئەندێشەکانییەوە و ڕۆژبەرۆژ مەزنتر دەبێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی، مرۆڤ لەخودی خۆی ون دەکات و لەناو بیری خۆیدا دەیگلێنێت تا بە تاوانێک یان هەڵوێستێکی شەڕەنگێزانە خۆی خاڵی

دەكاتەوە. ئاخر مرۆڤ بوونەوەرێكی زۆر لاوازە لەبەردەم هەستەكانیدا، كاتێک گومان لەهەستەكانییەوە چرۆ دەكات چیتر هێزی ئەوەی نامێنێت لەبەرامبەریدا بووەستێتەوە و خامۆشی بكات.

لەو كەشە ئارام و بێدەنگ و خامۆشەی ماڵەكەی دەروێشی گرتۆتەوە تەنها دەنگی خشەخشی ئەو كێردە دێت، كە دەروێش بەهێمنی بەسەر هەسانە بەردەكەدا دەهێنێت، ئەو گومانەی چەند ڕۆژێكە دڵی تەنیوە ئارامی لەجەستە نەخۆش و داهێزراوەكەی بڕیوە، هەربۆیە تاو نا تاوێک لەگەڵ تیژكردنەوەی كێردەكەدا لەژێر چاوە بزێوەكانییەوە بەنیگایەكی تیژ لەپەنجەرەكەوە بۆ دەرەوە دەڕوانێت.

بەفرەكە كەمێک خۆشی كردۆتەوە دەروێش بەڕوونی ماڵەكەی بەرامبەری خۆیان دەبینێ، هەموو بیركردنەوەی لەو كوڕە دا كۆبووە، كە ماوەیەكە بۆتە دراوسێیان و بەبیانووی ماڵینی بەفری نەردەوانەكەوە خۆی مژوڵكردووە و تاو ناتاوێک لەژێرەوە بەچاوە پڕشەهوەتەكانییەوە لەپەنجەرەكایانەوە بۆناو ژورەكەیان دەڕوانێت. بەدەم تیژكردنەوەی كێردەكەوە حەزی تاوان بیری دەتەنێتەوە، دەیەوێت هەستەكانی لەنێوان دووڕیانی چارەنوسیدا یەكلابكاتەوە، ئەویش ڕەوایی و ناڕەوایی ڕەفتارەكانی مرۆڤە، كاتێک خۆی لەبەرامبەریاندا دەبینێتەوە، دەبێت كام لەو ڕێگایانە هەڵبژێرێت، كە خوداو نەریتەكان پەیڕەوی

دەکەن و ژیانێکی شکۆمەندا بۆ هەردوو دنیای مرۆڤایەتی فەراهەم دەکەن، ئاخر مرۆڤ کاتێک بەویستی خۆی ئەو ڕێگا ناڕەوایە هەڵدەبژێرێت و پشت لەهەموو شتە پیرۆز و بەنرخەکان دەکات دەبێت سزای خودا بۆ ئەوانە چی بێت، ئاخر چۆن ژن دەتوانێت ناپاکی لەهاوسەری خۆی بکات و دژ بەهەموو نەریت و فەرمانەکانی خودا بێتەوە و پەنا بۆ ڕەفتارە و کارە ناڕەواکان بەرێت، ئاخر چۆن دەکرێت ڕێگە بەوە بدەم بەم تەمەنەمەوە ژنێک ڕەدووی هەوەسە شەیتان ئامێزەکانی خۆی بکەوێت و بۆهەتا هەتایە سەرشۆڕی هەردوو دنیام بکات.

خودا بۆخۆی لەبەرامبەر هەموو ڕەفتارە ڕەواو ناڕەواکانی مرۆڤ لەو دنیادا پاداشتی بەمرۆڤ بەخشیوە، پاداشتی کارە چاک و خراپەکان و ڕەفتارە ڕەواو ناڕەواکانی، ئاااخ خودا پەنامان بدات، ئەم ژنەم بەم تەمەنەیەوە خەریکە ئاوەزی لەدەست دەدات و خۆی گیرۆدەکای کارێکی ناڕەواو ئابڕووبەرانە دەکات، دەبێت خودا سزای چی بێت بۆ ئەو کەسانەی پێچەوانەی فەرموودەکانی ڕەفتار دەکەن، واای خودای مەزن پەنامان بدە و لەئاگری دۆزەخ بمانپارێزە، خودا بۆخۆی مرۆڤەکانی بە هەموو شێوازێک تاقیدەکاتەوە هەتا بزانێت مرۆڤ چەند دەتوانێت لەهەمبەر چێژو خۆشییە ناڕەواکانی ژیاندا خۆی دەگرێت و پەیڕەوی فەرمانەکانی دەکات، ئاخر کاتێک خودای مەزن دەچێتە خەونی (حەزرەتی ئیبراهیم) ڕەزای خودای

لەسەربێت فەرمانی ئەوەی پێدەکات (ئیسماعیل)ی کوڕی خۆی سەربڕێت، بەڵام خودا مەبەستی نییە ئەو کارە بە (حەزرەتی ئیبراهیم) ڕەزای خوای لەسەر بێت ئەنجام بدات، تەنها (حەزرەتی ئیبراهیم) تاقیدەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی هیچ بیانوویەک نادۆزێتەوە تا هۆکاربێت بۆ سەربڕینی ئیسماعیلی کوڕی خۆی، بەڵام بەهیچ کلوجێک سەرپێچی فەرمانی خودای خۆی ناکات، هەربۆیە کاتێک (حەزرەتی ئیبراهیم) لەتاقیکردنەوەکەی خودای مەزن سەرکەوتوو دەبێت، خودا بەرانێکی لەئاسمانەوە بۆ دەنێرێتە خوارەوە وفەرمانی ئەوەی پێدەکات لەبیری (ئیسماعیل)ی کوڕی ئەو بەرانە سەرببڕێت.

هەڵبەت خودا بۆخۆی دەزانێت بۆچی بیرۆکەی سەربڕینی (ئیسماعیل) نیشانی ئێمە دەدات، هەرچەندە ڕاستەوخۆ ڕەوایی بەسەربڕینی مرۆڤەکان نادات لەهەمبەر تاوان و کارە ناڕەواکانی بەڵام خودا ئاوەزی بەمرۆڤ بەخشیوە، بۆئەوەی لەو چیرۆکەوە بیرلەوە بکەینەوە و قوربانی بدەین لەپێناوی خودای مەزن و ئافەریدەکار، هەربۆیە ژیان قوربانی دەوێت، قوربانی خوێنێکە مێژووی هەیە لەپێناو پیرۆزییەکاندا، لەپێناو خوداو بنبڕکردنی ڕەفتارە ناڕەواکانی مرۆڤدا، ئەوکاتەی مرۆڤ ئەو ڕێگا ناڕەوایانە هەڵدەبژێرێت، کە سەرپێچی فەرمانەکانی خودا دەکات، دڵنیام دەبێت بەهەمانشێوەی ئەو بەرانەی خودا لەبری (ئیسماعیل) هێنایە خوارەوە، مرۆڤە بەدکارەکانیش

بەژیانی خۆیان قوربانی بۆ بدەن، بۆئەوەی سزای ڕەفتارە بەدەکانی خۆیان وەرگرن و ببێتە سزایەک بۆ پاراستن و بەردەوامی ژیان، لەهەمبەر هەموو ئەو بیرە ناڕەوایانەی مرۆڤایەتی پێەوە دەناڵێنێت.

دڵنیام ئەفسانە ترسی خودای لەبیر کردووە، ئەو شەیتان چۆتە بن هەنگڵیەوە و هەموو ناخی بەبیری پیس و ناڕەوا پڕ بووە ... ئاخ ئەفسانە تۆ لەخودای خۆت ناترسیت، لەو دنیا سڵ لەئاگری بەتینی دۆزەخ ناکەیتەوە.

ئەفسانە لە دالانەکەدایە سەرقاڵی چێشت لێنانە، دالانەکە بەناندینێکی بچوک دەچێت، کەوانتەرێکی بچوکی تەنەکەی ژەنگاوی و تەباخێکی غازی چوارچاو بەتەنیشت دیواری گەرماوەکە دانراوە، بەڕووی ئەو دیوارەیە کە بەرامبەر دەرگای ژورەکەی پێشەوەیە، بەجەستەیەکی گران و هەستێکی پڕ لەهەڵچوونەوە ڕەفتار دەکات، واهەستدەکات هەموو ڕقی ناخی لەو ئەسکوییەدا کۆدەکاتەوە کەبەنیو برنجەسورەکەی ناو مەنجەڵە بچوکەکەدا دەیسوڕێنێت، لەو دۆخەدا کە چاوە مات و غەمگینەکانی لەسەر برنجەکەیە، دەنگەکەی ناخی بۆلای خۆی بانگی دەکات و بەپرسیارێکی بەئازار جارێکی دی دەیەوێت پەلکێشی ئەو ئەندێشەیە بکات، کە سالانێکە وەک فریادڕەس لەناخ و جەستەیدا دەژی، هەربۆیە بەتووڕەییەوە پێی دەڵێت:

«ئەفسانە بە خۆت وەرەوە، ئاوەزت بەکاربخە و خۆت لەم کۆت و بەندە نەفرەتییە قوتار بکە کەپێی دەڵێن ژیان،

هەتاکەی خۆت کۆیلە و گیرۆدەی ئەو نەریتە قێزەونە کردووە، کە هەموو خەونی منداڵیتی لێ زەوت کردوویت» ئەفسانە وەک ئەوەی بەرامبەر کەسێک بدوێت نیگاکانی لەسەر دیواری ناندینەکە ڕامابوو لەبەرخۆیەوە دەدوا، بەڵام هیچ دەنگێک لەلێوە گۆشتنەکانییەوە دەرنەدەهات تەنها ئەوە نمایشێک بوو وێنای هەڵوێستەکانی ناخی خۆی دەکرد، بە هەستێکی پڕلە ئازارەوە وەڵامی ئەو دەنگە دەداتەوە کە زۆر کات وەک تارماییەکی ڕەش خۆی نیشان دەدا و دەڵێت:

«تکا دەکەم لێم گەڕێ، با بەم دۆخەی خۆمەوە بژیم، تا ئەو ڕۆژەی ڕۆح لەجەستەم جودا دەبێتەوەو بەرەو کەناری ئارامی هەڵدەکشێت».

دەنگی بڵندگۆکانی مزگەوتەکەی نزیکیان بێدەنگیماڵەکە دەڕەوێنێتەوە، لەگەڵ وتارەکەی هەینیدا، کە باسی لەمردن و سزای دۆزەخ و پابەندبوون بەنەریتە پیرۆزەکانەوە دەکرد، ئەفسانە لەدوای نانەوەی سەری مەنجەڵەکە بەرەو ڕووی جامخانەکە دەچێت و لەدالانەکەوە لەدیمەنی ئەو بەفرە زۆرە دەڕوانێ، کە وەک مافورێکی سپی هەموو حەوشەکەی داپۆشیبوو. بەویستی خۆی نەبوو، پێدەچوو ئەو دەنگەی ناخی کاری لەهەست و ئەندێشەکانی کردبێت و بیەوێت لەو ڕێگەیەوە بە ئازارەکانی ئاشنای بکاتەوە، تا بگاتە ئەو ئاستەی خۆی لەگەڵیدا ئاوێتە بکا و هاوبیرو هاوتای ڕەفتارەکانی بێت، هەربۆیە ئەفسانە لەخۆیدا وەک

شەپۆلێکی نەرمی دەریا بەهێمنی بەرەو یادەوەری منداڵی خۆی گەڕایەوە و خۆی لەکەناری ئەو ئەندێشانەدا بینییەوە کە منداڵ بوو، دەنگەکە لەناخیدا بڵندتر دەبوو بەردەوام دەیدواند و پرسیاری لێدەکرد:

«ئەفسانە بیر بکەرەوە، بزانە ئەو کاتەی تەمەنت تەنها دوانزە ساڵان بوو، کچێکی وردیلە و ژیکەڵە بوویت، تۆبزانە بۆچی تۆیان لەدەروێش مارە کرد، کە ئەو کاتە بەتەمەنی باوکت دەچوو، ئەو ساتە وەک منداڵێک هەستەکانت بۆ ئەو تاوانە چۆن بوو ها؟ وەڵامم بەرەوە ئەفسانە».

ئەفسانە بە گەروویەکی توندەوە، کە گریانێکی بەسوێ تێدا قەتیس بوو، وەڵامی دەنگەکە دەداتەوە، بەتۆنێکی غەمگینەوە کە تێکەڵ بەگریانێکی خنکاو بوو، کاتێک یادەوەرییەکانی بەتەڵخی دەهاتە پێش چاوەکانی دەڵێت:

هەموو تاوانی برا گەورەکەم بوو منی کردە قوربانە هەڵەی خۆشکە گەورەکەم، ئاخر من تاوانم چی بوو کە خوشکە گەورەکەم بەناڕەوایی کچێنی خۆی بەخشییە کوڕێکی هاوڕێی، بۆچی دەبێت من باجی تاوان و هەڵەی کەسێکی دی بە ژیانی منداڵی خۆم بدەمەوە؟ برا گەورەکەم لەترسی ئەوەی منیش بەهەمان ڕێگای خوشکەکەم نەچم، لەو تەمەنە کەمەدا منی بەدوو هەزاری سویسری بە دەروێش فرۆشت، بەڵێ من تەنها بەدووهەزار دینار فرۆشرام، ئەو کاتە بەو هەستە منداڵانەوە بۆخۆشیم نەمدەزانی چارەنوسم بەکوێ دەگات، کاتێک بەو تەمەنەوە منیان گواستەوە بۆماڵی

باوکی دەروێش، واهەستم دەکرد ئەو کارە تەنها گەمەیەکی منداڵانەیە و بۆ ئێوارە دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە، بەڵام ئەفسوس ئەوە گەمە نەبوو، بەڵکوو تاوانێک بوو بەرامبەر بەمنداڵیم کرا. تاوانێک بەرامبەر بەخەون و هەستەکانی منداڵیم. ئاااى ئەو کات بۆ شەوەکەی چەند گریام، پاڕامەوە بمگەڕێننەوە بۆماڵەوە، بەڵام دایکی دەروێش، بەو دیمەنە تۆقێنەرەی کە نیوچەوان و چەناگە پانەکەی بەخاڵ کوترا بوو وەک دڕندەیەکی ناشیرین هاتە بەردەمم و بەنیگایەکی ترسناک و هەڵچوونەوە پێی وتم: «کچێ بۆکوێ دەچیت؟ تۆ تازە بووکی ئەم ماڵەیت و ژنی دەروێشیت. دانیشە بەعاقڵی تا بەدەروێشم نەوتووە بەلێدان هەموو گیانت شین و مۆر بکاتەوە». ئای چەند ترسام و بەگریانەوە لێی پاڕامەوە، بەهەستێکی منداڵانەوە دەکڕوزامەوە بمبەنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لەو ساتەدا دەروێش پەلە باریکەکانی گرتم و لەجێگەی خۆم بڵندی کردم و بەرەو ژورێکی تری بردم و دەرگاکەی لەسەر کڵۆمدام .

ئەفسانە بە بێئەوەی بەخۆی بزانێت یان هەست بەوە بکات لەبەردەم جامخانەی داڵانەکەدا وەستاوە و فرمێسک بەخوڕ لە چاوەکانی دێتە خوارەوە لەنێو یادەوەرییەکانی منداڵیدا ڕۆچووە. دەنگی بڵندگۆی مزگەوتەکە کەتاو ناتاوێک لەسە وتارە ئاگرین و تۆقێنەرەکانی دۆزەخ هەڵدەچوون، ناخی ئەفسانەی زێدەتر جۆش دەداو لەنێو ئازارەکانیدا ئاوێتەی دەکرد. لەو ساتەدا دەنگەکەی ناخی وەک فریشتەیەکی

سپی باڵدار لەپێش چاوەکانیدا خۆی نیشان دەدا و پێی دەڵێت: « باسی ئەو کاتەم بۆبگێڕەوە، کە چۆن ناچاریان کردیت بەوەی بویت بەژن و کچێنێت لە دەستدا». ئەفسانە بەهەستێکی پڕلە میهرەبانییەوە لەدیمەنی ئەو دەنگەی دەڕوانی کە لە ئەندێشەیدا وەک فریشتەیەک خۆی وێنا کردبوو، بەتۆنێکی زاڵەوە وەک ئەوەی لەناو ئەشکەوتێکدا هاوار بکات و زایەڵەی بێتە گوێکانییەوە دەڵێت:

(ماوەی دوو هەفتە لەو ماڵەدا مامەوە، کاتێک دەرویێش هەندێک لەشەوەکان خۆی دەخزاندە نێو جێگەکەمەوە و لە دواوە چووکی لەنێو ڕانم دەناو بەدەستە زلەکانی مەمکە بچکۆلەکانمی هەڵدەگلۆفی، پڕ بەگەرووم هاوارم دەکردوو قریشکەم هەموو ئەندامانی خێزانەکەی بەئاگا دەهێنایەوە، ئەو هەڵوێستە منداڵانەیەم، کە نامۆبوو بەو ڕەفتارانەی دەروێش وایدەکرد دەروێش بەپەلە لەژورەکەم هەڵدەهات و دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.

دوای دوو هەفتە لەگواستنەوەم بۆ ئەو ماڵەی، کە بەدۆزەخێکی ترسناک دەچوو، دایکی دەروێش بانگی کردم و بەدەنگێکی هێمن و پڕ لەمیهرەبانییەوە پێی وتم: « کچم تۆ تازە بووکی ئەم ماڵەی، دەبێت بەویستی پیاوەکەت ڕەفتار بکەیت و نابێت ڕێگری هیچ شتێکی لێ بکەیت، ئەو حەڵاڵی خۆتە و هاوسەری شەرعیتە خۆ بیگانە نییە. دەزانم بەهۆی تەمەنتەوە ئەزموونی ئەوەت نییە، بەڵام خۆ ئێمەش تۆمان بۆ نان و چایی خواردن نەهێناوە، دەبێت

خۆت بدەیت بەدەستەوە و نەوەیەکم بۆ بخەیتەوە. ئەمە فەرمانی خوداو پێغەمبەرە کچم. کێ دەتوانێت سەرپێچی کاری خودا و پێغەمبەر بکات ... باش گوێبگرە کچم، بۆ ئەوەی کوڕەکەم سەرشۆڕی خەڵک و خزم و کەسوکاری نەبێت، پێویستە ئەوەی پێت دەڵێم ئەنجامی بدەیت. ئێمە بۆ تەمەنەکەت لەڕێگەی شەرعەوە پرسیارمان لە مەلا کردووە کە چۆن کوڕەکەم بەپێی شەرع ڕەفتارت لەگەڵدا بکات، لەسەر قسەی مامۆستای ئایینی کوڕەکەم چیتر لێت نزیک نابێتەوە تا دووساڵی تر یان تا ئەو کاتەی بێ نوێژ دەبێت باشە کچم .»

ئەو قسانەی خەسووم ئاهێکی بەدەروونە شێواوەکەم هێنایەوە، بەڵام خەسووم وەک ئەوەی پیلانێکی لەژێر سەردا بێت بە هێمنی وتی :

-شتێکت پێدەڵێم دەبێت تەنها لەنێوان خۆماندا بێت، ئەگەر بە قسەم نەکەیت ئەوا بە دەروێش دەڵێم بێتە گیانت.

وتم : ئەو شتە چییە دایە؟

وتی : بۆ ئەوەی کەس و کارت و خزمان واهەستبکەن دەروێش تۆی کردووە بەژن، سبەی مریشکێک سەردەبڕم و تۆزێک لە خوێنەکەی دەڕێژمە سەرپارچەخامێک، کاتێک دەچین بۆماڵی باوکت، تۆبە بێدەنگی خامەکە ڕادەستی دایکت دەکەیت و دەگەڕێیتەوە بۆ لای من ... باشە کچم .

لەو ساتەدا واهەستمدەکرد ئەوە کارێکە من لەو دۆخەدا ڕزگارم دەکات، وەک منداڵێکی گوێڕایەڵ ئەوەی خەسووم

فەرمانی پێکردم بە ئەنجامم گەیاند. کاتێک دایکم خامەکەی بینی لەخوێندا سوور بووە، بە دڵێکی شادمانییەوە هەردوو دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵند کرد و وتی :» ئۆخەیش خودایە ئەم کچەم سەربەرزی کردم و بەشەرف دەرچوو«. تەنها ئەو قسەیەی دایکم بوو کە هەستێکی پڕشکۆی بەناخم بەخشی و لەوماڵەدا، کە بۆمن بە دۆزەخ دەچوو ئارام بگرم.

دەنگەکە وەک ئەوەی لەشوێنێکی دوورەوە بێتە گوێکانی وتی: « ئەفسانەکەم پێمبڵێ، ئایا ئەو کارەی بە تۆیان کرد ڕەوا بوو ها... ئەوە ڕەوابوو؟» شەپۆلێکی گریان گەروی ئەفسانەیان توند کردبوو، هێزی ئەوەی نەبوو وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ بانگی نیوەڕۆدا بەخۆی هاتەوە و گەڕایەوە بۆ نادینەکەی خۆی و دەستی بەکارەکانی کرد.

دەروێش لەگەڵ بانگەکەدا دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵند دەکات و نزا دەکات، ئەفسانە دێتە ژوورەوە، سفرەیەک ڕادەخات و قاپێک زەڵاتە و دوو قاپ برنجی سووری لەسەر دادەنێت و چاوەڕوانی دەروێش دەکات نوێژەکەی تەواو بکات، کاتێک دەرویش لەسەر بەرماڵەکەی هەڵدەستێت و لەبەردەم خوانەکە دادەنیشێت و برنجە سوورەکە دەبینێت، بەدەنگێکی هێمن دەڵێت « وامزانی بەم بەفرە ترخێنەت بۆ لێناوم» ئەفسانە بەبێئەوەی لەنێگا پڕلە پرسیارەکەی دەروێش بڕوانێت کەلە چاوەڕوانی وەڵامەکەیدا نیگای

لەسەر دیمەنە خەمناکەکەی ناوە، لەبەر خۆیەوە دەڵێت « تەنها سێ سەلک ترخێنەمان ماوە، سبەی ئەگەر کەشەکە خۆش بوو دەچم بۆبازاڕ کەرەستەی بۆدەکڕم».

کەشی دەرەوە دڵگیرو ئارام بوو، لە ژوورەوە دەنگی ئەو خەڵکانە دەبیسران، کە بەدەم قریوە و هاوارەوە گازی یەکدییان دەکرد و یەکییان ڕاو دەنا، ئەفسانە سفرەکە کۆدەکاتەوە و لەجێگەکەی خۆی بڵند دەبێت و پاشا بەرەو ناندێنەکە دەچێت، بیری ئەفسانە تەواو ئاڵۆز بووە وەک ئەوەی بیر لەشتێک بکاتەوە یان شتێکی گرنگی ون کردبێت، هەستدەکات ئەو دەنگە هێدی هێدی خەریکە ناخی دەتەنێت و کۆنترۆڵی هەموو هەست و بیرکردنەوەکانی دەکات، بیری لەدەنگەکەی ناخی دەکردەوە دەبێت کێ بێت و چۆن هەروا بەسانایی هاتە نێو خەیاڵ و خەونەکانییەوە و بەردەوام ئەیدوێنێ و هانی تاوانێکی دەدات، کە هەرگیز بۆخۆی پێی ڕەوانییە و بەرپەرچی دەداتەوە.

شەپۆلەکانی بیرکردنەوەی گەڕاندییەوە بۆ ئەو ساتانەی، کە (موحەمەد) ی کوڕی لەدایک بوو، ئەو کاتەی گوێی لەگریانی دەبێت، واهەست دەکات هەموو ژاوەژاو هەراو زەنای ئەو شارە لەناخ و مێشکیدا کۆبۆتەوە، هەر ئەو کاتە لەگەڵ یەکەمین گریانی لەدایکبوونی کوڕەکەیدا بەدەم ئازاری ناخییەوە بە هەردوو دەستەکانی گوێکانی خۆی دەگرێت، وای بۆدەچێت ئەو دەنگی گریانە تەنها لەمنداڵە

تازە لەدایکبووەکەیدا دێتە دەرەوە، بەڵام ئەو دەنگە گریانی منداڵەکەی نەبوو، بەڵکوو گریانی مناڵێکی دی بوو لەناخیدا جێمابوو، زۆر جار ئەفسانە واهەستی دەکرد منداڵەکەی بەتەنێ لەدایک بووە و ئەو دەنگەی ناو مێشکی، ڕۆح و هەستی منداڵەکەیەتی لەناخ و هەناویدا جێماوە، هەربۆیە لەدوای لەدایکبوونی (موحەمەد) هەرگیز ئارەزووی ئەوەی نەبوو منداڵەکەی خۆی لەئامێز بگرێت و مەمکە بچووک و تورتەکانی لەنێو دەمی بنێت، هەر ئەو دۆخە وای لەدایکی دەروێش کرد بۆ ماوەیەکی زۆر منداڵەکە لەئەفسانە بەدوور بگرێت، هەمیشە ترسی ئەوەی هەبوو ئەفسانە بەهۆی ئەو دۆخە نالەبار و نامۆیەوە شتێک لەمنداڵەکەی بکات، یان بەهۆی ئەو دەنگە نامۆیەوە، کە شیمانەی ئەوەی دەکرد دەنگی بوونەوەرێکی نامۆ و نەبینراوەکان بێت هانی بدات لەنیوە شەوێکدا منداڵەکەی بخنکێنێت، بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات.

دایکی دەروێش هەستی بەدەنگەکەی ناخی ئەفسانە کردبوو، هەربۆیە کاتێک ئەفسانە گریانی دەنگەکەی ناخی بێزاری دەکرد، هەردوو دەستەکانی بەگوێکانییەوە دەناو هاواری دەکردوو لێی دەپاڕایەوە و دەیگوت: « تکا دەکەم بێدەنگ بە ئیتر بەسە مێشکم پێوە نەما»، ئەو دەنگەی ناخی، کە هەر لەسەرەتای لەدایکبوونی موحەمەدەوە بەگریان دەستی پێکردبوو بەردەوام بوو، ئەو گریانە کاتی نەبوو، زۆر کات لەنیوەی شەودا، کە هەمووان لەقوڵایی

خەودا بوون ئەفسانە لەناکاوێکدا گریانەکەی ناخی بەئاگای دەهێنایەوە و پڕ بە گەرووی هاوار و قریشکەیەکی سامناکی دەکرد، کە هەمووانی لەشیرینی خەودا ڕادەپەڕاند.

ئەفسانە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک بەو ئاریشەیەوە دەناڵێنێت و ئازار دەچێژێت، دایکی دەروێش بەناچاری ڕۆژێک ئەفسانە دەباتەلای شێخێک و هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، کە شێخەکە دۆخی ئەفسانە دەبینێت و پرسیاری ئەو دەنگەی لێدەکات، شێخەکە ئەو دەنگە بەشەیتانە ناوزەند دەکات و بەدایکی دەروێش دەلێت « ئەو دەنگە شتێکی نامۆیە تەنها بەدەنگی شەیتان دەچێت، هەر ئەوان دەتوانن بچنە ناو جەستەو ڕۆحی مرۆڤەکانەوە، بۆ ئەوەی ئەم ژنە لەم بەڵایەی شەیتان قوتاری بێت، پێویستە بەردەوام لەماڵەکەیدا قورئان هەبێت و قورئان بخوێنرێت، تا ئەو کاتەی شەیتانەکەی ناخی بێزار بێت و بەویستی خۆی لەجەستە و ناخی دەچێتە دەرەوە».

ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە دەروێش بەردەوام قورئانی دەخوێند، زۆرجار تکای لەئەفسانە دەکرد کە نوێژ بکات تا شەیتانەکەی ناخی بێتە دەرەوە و لێی دەرباز بێت، بەڵام ئەفسانەی نوێژی نەدەکرد و متمانەی بەوە نەبوو ئەو دەنگە دەنگی شەیتان بێت، هەر لەسەرەتاوە هەستێکی نامۆی بۆ ئەو دەنگە بێزارکەرە هەبوو، زۆرجار پێی وابوو ئەو دەنگە ڕۆحی منداڵەکەی بێت و لەناخیدا جێمابێت یان ئەوە دەنگی بێزاری و ناڕەزامەندی خۆیەتی و لەخودی

خۆی جودا بۆتەوە و بیرو خەیاڵ و خەونەکانی پەرت کردووە و ناتوانێت لەگەڵ خودی خۆیدا ئاشتی بکاتەوە و ئاوێتەی خۆی بکاتەوە.

ئەو دەنگە بەردەوام لەگەڵ ئەفسانەدا دەژیا، تەمەنی بەهێندەی تەمەنی کوڕەکەی بوو، تا دەهات دەنگەکە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی کوڕەکەیدا لەگریانەوە دەگۆڕدرا بۆ دەنگی منداڵێکی بچکۆلە، زۆرجار تێکەڵ بەهەستەکانی خودی دەبوو، هەتا وای دەکرد ئەفسانە بەبێ ویستی خۆی ئارەزووی ئەو ڕەفتارانە بکات کەبەمنداڵی ئارەزووی دەکردن. کاتێک دەروێش ئەو ڕەفتارە منداڵانەیەی لەئەفسانەدا بەدی دەکرد تەواو پێی نیگەران دەبوو، ئاخر ئەو چاوەڕوانی ئەوەی لەئەفسانە دەکرد وەک ژنێکی هەستبزوێن ڕەفتاری بکردبا و بەدەورییەوە بایە، هەربۆیە زۆر جار بە تۆنێکی توندەوە پێی دەگووت «ئەفسانە، تا کەی واز لەم کارە قێزەونانە ناهێنێت، تۆ ئێستا ژنیت، ژن ... منداڵت هەیە، دەبوو لەبری ئەم ڕەفتارانەت، منداڵەکەی خۆت لەئامێز بگرتایە و بتلاوێندایەتەوە، نەوەک دایکم منالی من پەروەردە بکات و تۆش وەک منداڵێک خۆت بە گەمەوە سەرقاڵ بکەیت».

ئەو قسانە بۆ ئەفسانە گرنگ نەبوون، هەربۆیە زۆرجار دەروێش بەناچاری بەردەبوو جەستەی ئەفسانە و لێدانێکی وای لێدەدا، کە هەموو جەستەی شین و مۆر دەکردەوە، بۆ شەوەکەشی بەتۆپزی دەچووە تەنیشتییەوە، بەبێ ئەوەی

ئەفسانە بەو ڕەفتارەی دەرویش ڕەزامەند بێت و بتوانێت ڕێگری لێبکردبا، دەروێش پۆشاکەی لەبەریدا دادەماڵی و بەویستی خۆی کاری خۆی دەکرد.

کاتێک ئەفسانە لەنێو ئەو بیرە پڕ لەئازارانەی خۆیدا ڕۆچووبوو، بەدەنگە لەرزۆکەکەی درویش بەئاگا دێتەوە، بە گومانێکەوە بیرلەوە دەکاتەوە ئایا دەروێش گازی کردبوو، یان تەنها دەنگی ئەو بوو کە بەردەوام لەخەیاڵیدا زایەڵەی هەبوو، ئەفسانە بەرەو ژوورەکەی پێشەوە دەچێت و لەسەر دۆشەکەکە دادەنیشێت، دەروێش لەبەردەم پەنجەرەکەدا بەگۆچانەکەیەوە ڕاوەستاوە، وەک ئەوەی لەسەر لوتکەی شاخێکی بڵندەوە بۆ دامێنی خۆی بڕوانێت لەدیمەنی ئەو بەفرە ورددەبێتەوە، کە هەموو باخچەو حەوشەکەیانی داپۆشیوە، بەڵام دەروێش بەویستی خۆی نەبوو، کە هەنگاوەکانی هێنابویانە بەردەم پەنجەرەکە، بەڵکوو سەرنجە تیژ و نامۆکانی کوڕەکەی دراوسێیان بوو، دەروێشی خستبووە نێو دڵە ڕاوکێی گومانی داوێن پیسییەوە، بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێبکات یان بەویستی خۆی بێت، چاوە شین و بزێوەکانی کەلە ئیرەیی و ڕقدا ئاگریانگرتبوو، تاو ناتاوێک لەسەر نەردەوانەکەی ماڵەکەی دراوسێیان لەنگەریان دەگرت، لەناو گومانی ڕەفتارە بەدکارەکانی کوڕەکەدا بیری لەشتگەلێکی نامۆ دەکردەوە، شتگەلێک کە هێدی هیدی وێنای تاوانێکی ئابڕووبەرانەی لەهەستەکانیدا دەنەخشان، کە هەرگیز ئارەزووی نەدەکرد،

هەربۆیە گومانی ئەوە دەکات ئەفسانە بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵیدا بەستبێت، ئەگەرنا بۆچی ئەم هەتیوە کەڵلەزلە بێشەرمانە لەماڵ و ئابرووی دەڕوانێت، ئاخر ئەگەر ژن بەڕەفتارە هەستبزوێنەرەکانی خۆی نمایش نەکات و وەک مانگایەکی بەکەڵ پیاو بەدووی خۆی نەخات، کێ دەتوانێت ڕەفتاری بێشەرمانە لەبەرامبەریدا بنوێنێ، یان بیری لەوە دەکاتەوە موحەمەدی کوڕی لەم ڕەفتارەی کوڕەکە و ئەفسانە ئاگادار بکاتەوە یان ئەوەتا موحەمەد بنێرێتە سەری و لەو بەد ڕەفتارییەی ئاگاداری کوڕەکە بکاتەوە پێی بڵێت «هەی خوێری نامەرد، بۆخۆت شەرفت نییە، دایک و خوشکت نییە، چۆن دەتوانیت بێشەرمانە چاو لەماڵێک بکەیت کە ژنێکی مێردداری تێدایە؟» دەرویێش لەنێو ئەو بیرانەدا مێشکی ئاڵۆز کابوو، لە ناکاو بیرێک بەوێنەی بروسکەیەک هەموو جەستەی دێنێتە لەرزین و نائارامییەک هەموو ناخ و هەستەکانی دەتەنێتەوە، گومانی ئەوەی لەناخیدا دروستدەکات، کە چیتر وەک جاران ناتوانێت لەگەڵ ئەفسانەدا بخەوێت، ئێستا پیر و پەکەوتەیە و ئەو هێزەی جارانی نەماوە بە تۆپزی ئەفسانە لەئامێز بگرێت و ناچاری بکات بەویستی خۆی ڕەفتار بکات، نەخۆشی بەردەوام هەموو ماسولکەکانی جەستەی لاواز کردووە و ناتوانێت وەک پیاوێکی بەهێز و بەکردار ڕەفتار بکات، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا فشاری خوێنی بەرزە و نەخۆشی شەکرەی خوێنیشی ئەوەندەی تر

لاوازی کردووە، بەڵام ئەفسانەی دڵبەر و نازدار، لەلوتکەی جوانیدایە و ئێستا لەوپەڕی چێژ و حەزی لاویێتی خۆیدا دەژێ و جەستە ناسک و نەرمەکەی توینی ئامێزی پیاوێکە کە دڵی بلاوێنێتەوە و ناخی ئاو بدات.

لەنێو ئەو ئەندێشانەدا دەروێش بێئاگایانە نیگەرانییەکانی لەسیمایدا خۆیان وێنادەکردو چرچەکانی نێو چەوانی زێدەتر دەبوون و لەنیگا خەمناکەکەیدا هەستی تووڕەبوونێکی بێئامان بەڕوونی دەبینرا، هەموو ئەو هەستە دژوارانە، دەروێشیان بەئاقاری بیرێکی تردا برد، هەر بۆیە پڕ بەدڵی ئارەزووی ئەوەی دەکرد بەدەستەکانی خۆی کوڕەی دراوسێیان بەکێردە تیژەکە سەربڕێت و پارچە پارپەی بکات، بەڵام ئەو بیرە وەک بایەک زۆر بەخێرایی بەمێشکیدا تێپەڕی و بەدووی شتگەلێکی تردا دەگەڕا، کە لەتوانا و ویستی خۆیدا بێت یان هەوڵێک بێت بۆ ئەوەی ئەفسانە لەزەلکاوی داوێن پیسی بەدوور بگرێت و نەبێتە سەرچاوەی ئابڕووبردن، بەو هەستەوە ئاوڕێکی خێرا بۆ ئەفسانە دەداتەوە، کە چاوە مەنگەکانی لەسەر نەخشی قاڵییەکەبوو، بەدەنگێکی نەرم پێی دەڵێت: «ئەرێ ژنەکە گوێت لەوتاری هەینی بوو، لەسەر ناپاکی و ڕەفتاری خراپ و ناڕەوا چی وت ؟»

ئەفسانە لەنێو خۆیدا بوو وەک ئەوەی لەخەوندا ڕاچەنێت بەدەنگێکی پڕ لە نیگەرانییەوە بەرسیڤی دەداتەوە دەڵێت:

–نەخێر.

–ژنەکە ئەی تۆلە کوێ بوویت؟

ئەفسانە وەڵام ناداتەوە، پێدەچێت هەرگیز ئارەزووی ئەقسانە نەبێت، کە بە درێژایی تەمەنی گوێکانی پڕکردبوو، هەر بۆیە ئەوقسانەی دەرویێش بەلایەوە وەک شتگەلێکی بێنرخ و قێزەون و بێمانا بەهەستیدا تێپەڕین.

دەروێش بیر لەوە دەکاتەوە ترسێک لەناخی ئەفسانەدا دروستبکات تا لەڕێگەیەوە بتوانێت کۆنترۆڵی بیرو ئەندێشەو ڕەفتارەکانی بکات، ترسێک گومانەکانی ناخی بڕەوێنێتەوە یان ترسێک بۆئەوەی نەکا بیری ناپاکی و بەدڕەوشتی ناخی بتەنێت و بێتە جێگەی ئابڕووی خۆی و بنەماڵەکەی، هەر بەو تۆنەوە درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت:

«لەبیرت ماوە ژنەکە، برا گەورەکەت خوشکەکەتی لەسەر چی کوشت... ها، لە بیرت ماوە؟ وەڵامم بەرەوە ژنەکە بێدەنگ مەبە، جوان بیر لەوە بکەرەوە، بزانە بەو ڕەفتارەی چی بەسەر ژیانی خۆیدا هێنا و بنەماڵەکەتانی چۆن شەرمەزاری هەردوو دنیا کرد».

ئەو قسانەی درەویێش بۆ ئەفسانە وەک ئەوە وابوو فوویەکی بەهێز لە ژیلەمۆیەکی خامۆشی بکات هەر بۆیە ئەفسانە ئاگری ڕقی ناخی بەجۆرێک گەشایەوە، تا ئەو کاتەی فشاری خوێنی هەموو جەستەی لە چاوەکانییەوە دەبینرا، بە هەستێکی توند و بێزارییەوە نیگایەکی پڕ نەفرەتی لەدەروێش دەگرێت، دەروێش کاتێک ئەو دیمەنەی ئەفسانە دەبینێت، هەستدەکات قسەکانی کاریگەریی خۆی کردووە، بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «ئاخر هەر بەو هۆیەشەوە بوو

تۆیان بەمندا، بۆ ئەوەی شەرەفیان بپارێزم و بەو تەمەنە کەمەتەوە تۆشی کارێکی ناشەرعی ئابڕووبەرانە نەبیت و نەتکوژن، ژنەکە مرۆڤ دەبێت بەو یاساو نەریتانەوە پابەند بێت، کە مرۆڤ لەتاوان و کاری نارەوا دەپارێزێت».

ئەفسانە تا دەهات کەفی ناخی زێدەتر هەڵدەکشا و لە سیما گەنم ڕەنگەکەیدا زێدەتر بەدەر دەکەوتن، لەو ساتەدا بەتەواوی خودی خۆی لەدەستدابوو، خۆی ڕادەستی ئەو دەنگەی ناخی کرد، کە زۆر بوێرانە، ڕۆژانە لەگەڵیدا دەدوا و لەهەوڵی ئەوەدا بوو وەک تارماییەکی ترسناک بەنێو هەموو جەستەیدا بڵاو بێتەوە وێنای ڕاستەقینەی خودی خۆی بکات، ئەفسانە چیتر لەبەر دەم ئەو دەنگەی ناخیدا ڕێگر نەبوو، بەڵکو ئارەزووی ئەوەی دەکرد هێزی ئەوەی هەبا، بەتەواوی ئەوی لەخۆیدا وێنا بکردبا، هەر بۆیە بەدەنگ و هەستێکی نامۆوە کە هەرگیز بەو شێوازە لەگەڵ دەروێشدا نەدوابوو وتی:

–تۆ باسی تاوان و داوێن پیسی دەکەیت ها ... بۆ ئەوەی تۆ لەگەڵ مندا کردووتە تاوان نییە؟

–چیم کردووە ئەفسانە،ها تاوانی من چی بووە پێم بڵێ؟

–تۆ باش بیر بکەرەوە بزانە چۆن لەبێئاگایی خۆمدا کچێنیت لێ دزیم، ئایا ئەوە تاوان نییە ها، جوان بیر بکەرەوە، بزانە ئەوەی تۆ کردت بەپێی شەرع و یاساکەت ڕەوا بوو؟

–بۆچی کچێنی تۆم دزیوە ژنەکە، من هەرگیز لەنەریت و فەرمانی خودا و ئاین لام نەداوە، پاشان بۆچی ئێستا لەدوای بیست ساڵ ئەم باسە دووبارە دەکەیتەوە، خۆ من لەدوای ئەوەی کاری شەرعی خۆم کرد چەند جارێک هەموو ئەوەی ڕوویدا وەک خۆی بۆم گێراویتەتەوە.

–ئەی نەریت و ئاینەکەت ڕێگەی ئەوەت پێدەدات کچێکی تەمەن پانزەساڵ بەحەبی خەو بێهۆش بکەیت و بەویستی خۆت کاری خۆتی لەگەڵ بکەیت و کچێنی لێ بسێنیتەوە ها پێم بڵێ ؟

–ژنەکە تۆ حەلاڵی منیت، خۆ لەخۆمەوە ئەو کارەم نەکردووە، دەستدرێژیم بۆ سەر ناموسی کەس نەکردووە، پاشان تۆش ئەوەندە ئینکار بوویت خەریکبوو لەناو خانەوادەکەمدا ئابڕووم بەریت، خۆت نەدەدا بەدەستەوە، هەر بۆیە منیش بە ناچاری ئەو کارەم کرد.

–نەفرەت لەخۆت و نەریتەکانت، ئەو نەریتەی ڕەوایی بەو تاوانە دەدات کە تۆ بە ڕەوای دەبینی، باشە، من هەرگیز تۆم خۆش نەویستووە، بەڵام تۆ بەم نەریتە قێزەونە، کە بەرژەوەندی خۆتی تیا دەبینیتەوە هەرگیز هەستی منت بەلاوە گرنگ نەبووە، تەنها وەک ئاژەڵێک بە درێژایی چەندین ساڵ ئارەزووە قێزەونەکانی خۆت لەجەستەی مندا خاڵی کردۆتەوە .

–ژنەکە هێور بەرەوە بۆخاتری خودا، تۆ بۆچی ئێستای زمانت درێژ بووە و کراوەتەوە و بەم شتە قۆڕانە

تاوانبارم دەکەیت، دڵنیام، زۆر دڵنیام، ئەم قسانەی تۆ دەیکەیت قسەی خۆت نییە، ئەوە قسەی شەیتانەکەی ناخە بۆگەنەکەتە هانی تاوانت دەدات، دڵنیام هەتا تۆ لەگەڵ ئەو شەیتانە نەفرەتییەی ناختا بژیت، ڕۆژێک دێت تاوانێک یان نازانم، بەڵام دڵنیام کارێکی ئابڕووبەرانە دەکەیت، دایکم ڕاستی دەکرد دەیگوت: «تۆ لەگەڵ شەیتاندا دەژیت»، هەر بۆیە کوڕەکەی لێ دوور خستیتەوە، تەنانەت ئەوە بۆ مانگێک دەبێت موحەمەد ژنی هێناوە، ئەوەتا نایەوێت بێتە سەردانت، بۆچی، ها؟ بۆ ئەوەی مێشکی ژنەکەشی وەک خۆت تێک نەدەیت، ئاخر دایکم لەخۆیەوە ئەو قسانەی نەدەکرد، ئەو ژنێکی بە ئەزموون و لەخودا ترس بوو، هەر ئەو دەیزانی دەردی تۆ چییە، تکا دەکەم ژنەکە کەمێک لەخوا بترسە و بیرێک لەو دنیا و ئاگری دۆزەخ بکەرەوە .

–بۆ ئێستا ئەم ژیانەی من تێیدا دەژیم دۆزەخ نییە، ئیتر دەبێت چ ترسێکم لە دۆزەخ هەبێت.

لەدوای ئەو قسانە بێدەنگییەکی ترسناک ژوورەکە دەکاتەوە و دەروێش لەخۆیدا نوقم دەکات، لەپاش چەند خولەکێک ئەفسانە وەک ئەوەی تەواو ئاوەزی لەدەستدا بێت دەست بۆ ئەلقەکەی دەستی دەبات کە لە پەنجەکەیدا توووند بووە، بیر لەوە دەکاتەوە خۆی لێ قوتار بکات و بەدەستێکی خەریکی دەرهێنانی دەبێت، بەڵام بەهۆی قەڵەوبوونی پەنجەکانییەوە کەچەندین ساڵە لەپەنجەیدایە ناتوانێت دەری بهێنێت، دەروێش بە نیگایەکی پڕ لە

نیگەرانییەوە لەڕەفتارەکەی ئەفسانە ڕادەمێنێت و بیرگەلێکی خراپ بە مێشکیدا دێت، ئارەزوو دەکات لەمەرامی ئەو ڕەفتارەی ئەفسانە تێبگات هەر بۆیە بە دەنگێکی هێمن و پڕ لە پرسیارەوە دەڵێت:

–ئەوە چیدەکەیت؟

–ئەمەوێت خۆم لەم ئەڵقە نەفرەتییە ڕزگار بکەم، ئازاری پەنجەم دەدات.

–ئەی چەندساڵە بۆچی ئازاری پەنجەتی نەداوە؟

–ئاخر ئەو کاتە منداڵ بووم، بەڵام ئێستا گەورە بووم.

–مەبەستت چییە لەوەی گەورە بویت...ها؟

–مەبەستم ئەوەیە پەنجەم گەورە بووە.

دەروێش هەستدەکات بەو قسانەی کە ئومێدی ئەوەی هەبوو ترسێک لەگومانی داوێن پیسی لەناخی ئەفسانەدا دروست بکات سەرکەوتوو نەبوو، ترسی ئەوەی هەبوو بەو ڕەفتارەی ڕقی ئەفسانە زیدەتر بکات، بیری لەوە دەکاتەوە چۆن ساڵانی ڕابردوو وەک منداڵێک ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرد و بەچەند پەیڤێکی نەرم و نیان ئەفسانەی ئارام دەکردەوە، بەو هەست و ئەندێشەیەی جارانەوە بەهێمنی دەچێتە تەنیشتییەوە و دەستێکی دەکاتە ملی و کەمێک لێوەکانی لە ڕوومەتە پانەکەی نزیک دەکاتەوە کە چاڵێک ئەوەندەی تر سەرنج ڕاکێشی کردبوون، ئەفسانە هەستدەکات دەروێش دەیەوێت هەستی ببزوێنێت یان بیر

لەڕاموسینی دەکاتەوە، بەهێمنی خۆی لێ بەدوور دەگرێت و بەدەستەکانی پاڵێک بەدەرویێشەوە دەنێت، دەرویێش کەمێک بەنیگایەکی پڕلە گومانەوە لەئەفسانە دەڕوانێت، بەڵام ئەو ڕەفتارەی ئەفسانە لەبری ئەوەی دەماری تووڕەبوونی ببزوێنێت، هەستێکی پڕ لە چێژ هەموو جەستەی داگیردەکات و زێدەتر ئارەزووی ئەوەی دەکات وەک ساڵانی ڕابردوو بە ویستی خۆی لەگەڵیدا بخەوێت.

بەو هەڵوێستەی ئەفسانە دەرویێش بیری ئاوێتەی یادەوەرییەکانی ڕابردووی دەبێت، کە چۆن ئەفسانە بەردەوام ڕێگری دەکرد و ئەمیش چێژی لەوە دەبینی وەک گەمەیەکی سێکسی بەتۆبزی باوەشی پیادە کرد و لەژێر خۆیدا، جەستە وردیلەکەی دەشاردەوە و بەدەم ماچکردنی لێوە ئەستورەکانییەوە پەنجە ئەستورەکانی بۆ دەرپێکەی دەبرد و هەتا قولە پێکانی دای دەماڵی، زۆرجار ئەگەر ئەفسانە ڕێگری بکردبا، چەند زللەیەکی توندی لەڕوومەتە گۆشتنەکانی ئەسرەواند تا ئەو کاتەی ئەفسانە تەواو شەکەت دەبوو، پاشان وەک مەڕێکی لاواز و بێدەسەڵات لەژێر جەستە کەتەکەیدا دەکەوت، ئەمیش بە ویستی خۆی چووکی لەنێو لەشی دەنا و بە هەموو هێزی تەکانی دەدا، لەو ساتەدا ئەفسانە بەهۆی ئازاری زۆری لەشی و لەژێر فشاری ئەو جەستە قورسەیدا هاواری دەکرد و دەگریا و دەینرکاند، دەرویێش چێژیکی لەو دۆخەی پڕ لەئازارەی ئەفسانە دەبینی هەر بۆیە زۆر کات ئارەزووی ئەوەی دەکرد زێدەتر ئازاری بدایە.

کاتێک لەو خەیاڵە پڕلە چێژەی ڕابردووی خۆی بەخۆی دێتەوە، ئارامییەک هەموو جەستەی دەتەنێتەوە، دەبینێت ئەفسانە دەگری، بۆ ئەوەی ئارامی بە دەروونە شێواوەکەی بداتەوە، بەهێمنی دەستی چەپی بۆسەر شانە گۆشتنەکانی درێژ دەکات و بەنەرمی لەئامێزی خۆی دەنێت، ئەفسانە وەک ئەوەی لەهۆش خۆی چوو بێت یان هێزی ئەوەی نەمابێت بەدانیشتنەوە خۆی بگرێت، لەجێگەکەی خۆیەوە وەک مردوویەک بەدیوارەکەی پشتیەوە تلیساوەتەوە، بەردەوام هەموو گیانی وەک هەویرێکی شل خاو دەبێتەوە، جەستە نەرمەکەی لەئامێزی دەروێشدا قورس دەبێت و بەلادا دەکەوێت، دەروێش بەمەبەست دەستی بۆ شل دەکات تا ئەو کاتەی بەهێمنی لەتەنیشتییەوە لەسەر لا ڕادەکشێت. واتێدەگات خەوێکی قوڵ چاوە مەنگ و جەستە نەرمەکەی قورس کردووە یان شیمانەی ئەوە دەکات وەک هەموو ئەو جارانەی، کە گەرووی توند دەبوو، لەبری گریان لەهۆش خۆی دەچوو، ئەمیش بەئارامی لێی دەگەڕا تا لە خەوێکی قوڵی درێژخایەندا کەفی ناخی وەک دەریایەکی مەنگ کش و مات دەبوو. بەڵام ئەمجارە دەروێش لێناگەڕێت ئەفسانە بەتەنێ بنوێ یان بچێتە نێو ئەندێشەکانییەوە، حەزێک هەموو جەستە و بیری دەروێشی گرتوتەوە، ئارەزوو دەکات هەرچۆنێک بێت بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری ناخی، ئەفسانە توند لەئامێزی بگرێت و بەیادی ئەو شەوانەی ئارەزووی پڕ لەشەهوەتبازی خۆی تیا خاڵی دەکردەوە ئاوا ڕەفتاری لەگەڵدا بکات.

دەروێش کەمێک لەجەستە ڕاکشاوەکەی ئەفسانە دوور دەکەوێتەوە و بەچاوە پڕ لەشەهوەتەکانی لەقولە پێ ڕووت و گۆشتنەکەی دەڕوانێت، هەستی دەکرد زیدەتر خۆی لەنێو ئارەزووی جەستەیدا ڕۆدەچێت، هەر بۆیە دەستە چرچ و زلەکانی لە بەینی ڕانە شلەکانی ئەفسانە دەنێت و بەهێمنی بەرەو تەنگی هەردوو ڕانەکانی دەیکێشێت.

دەروێش بیرلەوە دەکاتەوە ئەفسانە چوبێتە خەوێکی قوڵەوە، یان ئەوەتا وەک هەموو جارەکانی ساڵانی ڕابردوو بە ناچاری خۆی شل کردووە و جەستە نەرمەکەی ڕادەستدەکات، کاتێک ئەفسانە بەو ڕەفتارەی هیچ پەرچەکردارێکی نابێت، بەهێمنی لە دواوە خۆی بە کەفەڵە بەرزوو نەرمەکەیەوە دەنوسێنێت تا ئەو کاتەی بە هەموو هێزی خۆی لەجەستە نەرمەکەی توند دەکات، لەو ساتەدا ئارەزووی ئەوە دەکات بەدەستی چەپی مەمکە بچووکەکانی بگوشێت، بەڵام ئەفسانە وەک ئەوەی لەئاسمانەوە تورِی بدەنە خوارەوە، لەشوێنی خۆی ڕادەپەڕێت و هەموو خەون و هەستی ئارەزووە پڕ لەشەهوەتەکانی دەروێش پەرت و بڵاو دەکاتەوە پێی دەڵێت: «ئێستاش بەم تەمەنەتەوە وازم لێناهێنیت ... پیری نەخۆش» ئەفسانە وەک باڵندەیەکی سرکی کێوی لەئامێزی دەروێش هەڵدێت و خۆی بەژوورەکەی پشتەوە دەکات، دەروێش لەشێوێنی خۆیدا بەبێ ئەوەی ببزوێت، دووبارە ڕۆدەچێتە ئەندێشە پڕلە گومانەکانی خۆیەوە .

# ٣

ئەمڕۆ بۆ ئەفسانە ڕۆژێکی تەواو جیاواز بوو، هەموو یادەورییە بە ئازارەکانی وەک شەپۆلی دەریایەکی تووڕە و شووم، هەموو جەستە و بیری ڕادەژنی، جەستەیەکی کەیل لە نائارامی و بێزاری ژیان و نائومێدی، لەو خەونانەی وەک فریادڕەسێک شەوانە هەستە غەمگینیەکانی ئارام دەکردەوە، لەنێو گومانی هەستی تاوان و بەزەییدا ڕۆ چوو بوو، بەردەوام هەموو ئەو یادەورییە تاڵانەی خۆی لەدەنگەکەی ناخیدا دەبینییەوە، هانی ئەوەی دەدا خۆی ڕادەستی چارەنووسێکی نادیار بکات، ئەو بۆخۆیشی نەیدەزانی لەهەموو ئەو بیرگەلانەی ئاوەزی پەرتکردبوو، لەکوێدا ئارام دەگرێت ئایا بەمەرگی خۆی یان بەمەرگی دەروێش،

هەستیدەکرد لەناو خۆیدا تەواو پەرت و بڵاو بووە و خۆی بۆ کۆنابێتەوە، بۆخۆیشی نەیدەزانی لەو دوو بۆچوونەدا کامیان پێش دەکەوێت، بەڵام لە هەر دوو بارودۆخەکەدا ئومێدی بەوە هەبوو، ڕۆژێک دەبێت هەموو ئەم شەپۆلانەی ناخی لە کەنارێکی ژیانیدا ئارام بێت و بیر لەسەرەتایەکی دی بۆ ژیان بکاتەوە.

ئەفسانە لەژوورەکەی دواوە، کە تەنها ڕۆشناییەکی کەم لەپەنجەرەکەی بەردەم داڵانەکەوە جەستە ڕاکشاوەکەی ڕۆشن دەکردەوە، لەنێو خەیاڵەکانی خۆیدا ڕۆچوو بوو، بۆ ئەوەی دەروێش بێزاری نەکات دەرگا تەختە شڕەکەی لەسەر خۆی کڵۆم دابوو، قسەکانی دەروێش شەپۆلەکانی بیری ئەفسانەیان لەخۆیدا نغرۆ کردبوو، پێدەچوو دەنگەکەی ناخی بەمەبەست ئەفسانە بۆ نێو ئەو یادەوەریە تاڵانە پەلکێش بکات، هەر بۆیە ئەفسانە کەوتەوە یادەوری ئەو ڕۆژانەی کەلە بێئاگایدا کچێنی خۆی لەدەستدابوو.

ئەو شەوەی مەرامە قێزەونەکانی دەروێش چێژێکی چاوەڕوانکراوی بەجەستەی بەخشیبوو، بیری لەپلانێک کردبۆوە، بۆئەوەی کاری خۆی لەگەڵ ئەفسانەدا تەواو بکات، ئەو کارەی زیاتر لە دوو ساڵ دەبوو خەونی پێوە دەبینی و پلانی بۆ دانابوو. کاتێک ئەفسانە ئەو چاییە دەخواتەوە، کە بێئاگایە لەوەی چەند حەبێکی خەوی بۆ تێکراوە، لەدوای چەند خولە کێک، خەوێکی قورس هەموو جەستە لاواز و چاوەگەشەکانی گران دەکات، دەروێش بەردەوام چاودێری ڕەفتارەکانی ئەفسانە دەکات، تا ئەو

کاتەی هێزی ئەوەی نامێنێت بەدانیشتنەوە خۆی بگرێت، بەهەستێکی وروژێنەرەوە لەئەفسانە نزیک دەبێتەوە و بەهێمنی جەستەی ڕادەژەنێت و پێی دەڵێت: « ژنەکە دیارە خەوێکی زۆرت دێت، بۆچی ناچیت بۆ ژوورەکەی خۆت؟» بەڵام ئەفسانە ئەوەندە زەبوون ببوو، تەنانەت توانای ئەوەی نەماوبوو بەدەم و لێوە قورسەکانی وەڵامی بداتەوە تەنها لەبەر خۆیەوە ورتەیەک دەکات، لەو کاتەدا ئەفسانە مەبەستی ئەوە بوو بڵێت: «زۆر خەوم دێت نازانم بۆچی؟» بەڵام ئەم وتانە تەنها لەناخی ئەفسانەدا بیستران.

دەروێش کە دڵنیادەبێت لەوەی خەوێکی قوڵ ئەفسانەی بێهێز و شەکەت کردووە، بەودەستانەی تینووی جەستەی بوون تاو دەداتە کەمەرە بارێک و ڕانە نەرمەکانی و بەرەو ژوورەکەی خۆی دەیبات و لەسەر پێخەفەکەی درێژی دەکات، ئەوەندە بە تامەزرۆییەوە ڕەفتار دەکات، بەپەلە دەرگای ژوورەکە کلۆم دەدات و دەکەوێتە داماڵینی ماکسیەکەی بەری و تەواو ڕووتی دەکاتەوە، لەدوای ئەوەی خۆی تەواو ڕووت دەکاتەوە، لەدوورەوە دەوەستێت و کەمێک لەجەستە نەرم گۆشتنەکەی دەڕوانێت، پاشان چاوە پڕ لە حەزەکانی بۆ سەر سیما مات و خەوتووەکەی ئەفسانە دەگوازێتەوە، وای دەبینێت ئەفسانە حۆرییەک بێت خودا لەشەوێکی پیرۆزدا بۆی هێنابێتە خوارەوە.

دەروێش چیتر هێزی ئەوەی نامێنێت لەبەردەم ئەو جەستە پڕ لە چێژەدا خۆی بگرێت، بەڵام هەتا ئەوە کاتەش

ترسێک لەناخیدا ئاسەواری مابوو، ترسی ئەوەی دەبێت ئایا تا چەند جەستەی ئەفسانە دەتوانێت بەرگەی ئەو جەستە زل و کەتەکەی خۆی دەگرێت، هەر بۆیە کاتێک هەر دوو قاچە باریک و لاوازەکانی ئەفسانە بۆ سەر شانی بڵند دەکات، بەترسێکەوە سەری چووکی لەنێو لەشی ئەفسانە دەنێت، لەنێوان چێژێکی لەڕادەبەدەر، کەهەموو ئەندێشە و جەستەی تەنیوە لەگەڵ ترسی بە ئاگاهاتنەوە ئەفسانە لەئازاری جەستەیدا ڕادەمێنێت، بەڵام هەستە ورووژێنەرەکەی دەرویێش بەتەکانێک هەموو ئەو دیواری ترسەی ناخی دەڕوخێنێت و بەجارێک هەموو چووکی دەخزێنێتە ناو لەشیەوە.

لەگەڵ هەڵکشانی چێژی ناخیدا بەردەوام تەکان لێدەدات و ئەفسانەش بەبێهۆشی وەک جەستەیەکی سارد و سڕ و مردوو لەژێریدا کەوتووە، تا ئەو کاتەی بەسەرییەوە جەستە زللەکەی لەلوتکەی چێژدا خاو دەبێتەوە، ماوەیەک لەگەڵ ئەو چێژە پڕ ئەفسونەدا، کەهەموو ناخی تەنیبوو خەونێکی قوڵ دەیباتەوە، کە بەئاگادێتەوە، دەبینێت جەستەی خۆی و ئەفسانە لەخوێندا سوور بووە، بۆ ئەوەی ئەفسانە هەست نەکات لەبێئاگایدا کچێنی لەدەستداوە، بلەز ئەو پەڕۆیەی پێش کارەکەی ئامادەی کردبوو، هەموو ناو لینگی ئەفسانەی پێ خاوێن دەکاتەوە.

بۆ سپێدە ئەفسانە بێئاگا لەوەی شەوی ڕابردوو چی بەسەری هاتبوو، بەجەستەو سەرێکی گرانەوە

بەخەبەردێتەوە، بەڵام گومانێک هەموو ئاوەزی ئەتەنێتەوە، بۆخۆیشی نازانێت چی بەسەر هاتووە یان چییان لێکردووە، تەنها ئەوە نەبێت هەست بەوە دەکات شتێک بەسەر جەستەیدا هاتووە، شتێکی نامۆ کە وەک ئەوەی لەناوەوە هەموو لەشی بەنەشتەر بریندار کرابێت.

ئەو ڕۆژە ئاوا لەنێو ئەو گومانەدا ڕۆدەچێت، بۆ ئێوارەکەی ئەفسانە هەست بەتەڕییەک دەکات لەجەستەیەوە دێتە دەرەوە، کاتێک لەخۆی دەڕوانێت خوێنێکی ڕوون بەردەوام بەسەر ڕانە نەرمەکانیدا ڕێچکەی بەستووە و بەرەو قولە پێکانی دەچۆڕێتە خوارەوە، ئەو خوێنە تا دووڕۆژ بەردەوام دەبێت، دەرویش کاتێک بەوە دەزانێت ئیتر لەوە تێدەگات شتێکی خراپ بەسەر ئەفسانەدا هاتووە، هەتا دووهەفتە توخونی ناکەوێت، بەڵام چێژی ئەو شەوە بەردەوام لەهەست و جەستەیدا هەر دەمێنێتەوە، ئارەزووی ئەوە دەکات چیتر گرنگی بەڕێگرییەکانی ئەفسانە نەدات.

لەدوای ئەوەی تەندروستی ئەفسانە ئاسایی دەبێتەوە، دەرویش بۆشەوەکەی دەچێتە سەرجێگەکەی و داوای ئەوەی لێدەکات خۆی ڕووت بکاتەوە، بەڵام ئەفسانە دەیەوێت وەک هەموو جارەکانی تر ڕێگری بکات، دەرویش بەبێ ئەوەی گرنگی بە گریان و هاواری ئەفسانە بدات، کە وەک بەرگرییەک بۆخۆی بەکاری دەهێنا، لێی نزیک دەبێتەوە پێی دەڵێت: «گوێبگرە ژنەکە، ئێستا بیانووی ئەوەت نەماوە دایکم بەرگریت لێبکات و بڵێت منداڵە، تەمەنت نزیکی پانزە ساڵە و

جەستەت ئامادەیە بۆ هەموو شتێک، ئەگەر بەویستی خۆت ڕەفتار ناکەیت ئەوا بەقایش ئەوەندەت لێدەدەم هەتا بێهۆش دەبیت، ئەو کات بەویستی خۆم هەموو شتێک دەکەم، تۆ ژنی شەرعی منیت، بۆت نییە ڕێگری هیچ شتێکم بکەیت» .

ئەفسانە بە ترسێکەوە کە هەموو جەستەی دەلەرزێنێت دەیەوێت هەرچۆنێک بێت ڕێگری لەو مرۆڤە کەتە و زللە بکات، کە بەهێندەی تەمەنی باوکی دەبوو، ئەو دیمەنە قێزەونەی دەروێش کە لەبەرامبەریدا وەک جەللادێک بەقایشێکەوە وەستاوە و لە ئامادەباشی ئەوەدایە بکەوێتە وێزەی گیانی، بەڵام ناخ و ویستی ئارەزووی ناکات و ڕادەستی نابێت، تا ئەو کاتەی تووڕەیی دەروێش لەقایشەکەی دەستیدا کۆدەبێتەوە و هەموو جەستەی شین و مڕۆر دەکاتەوە.

ئەفسانە بەو ڕفتارەی دەروێش لەوە تێدەگات کە ئەوە چارەنوسێکە و هێزی ئەوەی نییە بەری پێبگرێت و دەبێت بەناچاری پەسەندی بکات، بەدەم هەنسکی گریانەوە بیر لەوە دەکاتەوە، کە تەنانەت هیچ کەسێک ناتوانێت لەم دۆخە دژوارەدا قوتاری بکات، بەبێزارییەوە خۆی ڕادەستی حەزە سەرشێتەکانی دەروێش دەکات، دەروێش دەزانێت ئەفسانە خەریکە دەستەمۆ دەبێت، بەدەنگێکی هەڕەشە ئامێزەوە بەگوێکانیدا دەچپێنێت و پێی دەڵێت: «باش گوێبگرە، تۆ ژنی منیت و حەلاڵی منیت، چیم بوێت لەگەڵتدا دەکەم، ئەگەر وەک ژنێکی باش ڕەفتار بکەیت ئەوا ئازارت نادەم». لەگەڵ تەواو بوونی قسەکانی دەروێش، بۆخۆی تاو دەداتە پۆشاکەکەی

و تەواو ڕووتی دەکاتەوە و وەک بەراز ئامبازی دەبێت، ئەفسانە لەتاو ئازاری جەستەی دەگری و هاوار دەکات و لەدەرویش دەپاڕێتەوە کەمێک لە سەرخۆ بێت و لەوە زیاتر ئازاری نەدات، بەڵام دەرویش زێدەتر بەو ڕەفتارە و قسانە دەورووژێت و هەموو هێزی لەو تەکانانەدا کۆدەکاتەوە، کە بەردەوام شەپۆل بەجەستە لاوازەکەی ئەفسانە دەدات، کاتێک وەک بەراز بەدەم مرە مڕ و هانکە هانکەوە دەگاتە لوتکەی چێژی خۆی، بەجەستەیەکی گرانەوە لەسەری هەڵدەستێت، لەو کاتەدا ئەفسانە بە شەکەتی و دڵێکی تەنگەوە دەیەوێت ئەو خوێنە ببینێت کە چاوەڕێی دەکرد لەناو لەشیەوە بێتە دەرەوە و دوا چرکەساتەکانی لەدەستدانی کچێنی خۆی ببینێت، کاتێک ئەوەی بیری لێدەکاتەوە ڕوونادات، بە ترس و گومانێکەوە سەیرێکی چاوە مەستەکانی دەرویش دەکات کە هێشتا چێژی تیا نەڕەویوەتەوە، بەڵام دەرویش زووتر لەنیگاکانی ئەفسانە تێدەگات، بەدەنگێکی پڕ لە هەستی نێرانەوە پێی دەڵێت «ژنەکە، بۆ دووهەفتە زیاتر دەبێت، تۆ لەخەودا بوویت کردمیت بەژن، پێویست ناکات خۆت نیگەران بکەیت».

ئیتر فسانە لەو شەوەوە هەستیکرد چیتر شتێک نەماوە تا خەونی پێوە ببینێ، هەر ئەوە شەوە پێکەنین و خەونەکانی لەناخیدا خنکا و وەک جەستەیەکی مردوو لەخۆیدا ناشتی.

کاتێک مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی ناچار دەبێت کارێک بکات یان ژیان و نەریتێکی قێزەون ناچاری دەکات ببێتە

کۆیلەی دۆزەخێک کە ویستی مرۆڤایەتی پێی ڕەوا نییە، ئیتر دەبێت ژیان لەو دۆخەدا چ مانایەکی هەبێت، دەبێت دۆزەخ لەپای چی بوونی هەبێت، کاتێک مرۆڤەکان بەویست و حەزی خۆیان ژیانێکی دۆزەخ ئاسا بۆ مرۆڤایەتی دروستدەکەن. لەو شەوەوە چیتر ئەفسانە ترسی لەو دۆزەخە نەبوو، کە دەروێش بەردەوام بۆ ترساندن و دەستەمۆکردنی وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام بەگوێی ئەفسانەیدا دەدا.

ئەفسانە بیری لەوە دەکردەوە دەبێت لەژیاندا خۆشەویستی و حەز و خەونەکانی مرۆڤ پێویستی چی هەبێت، کاتێک مرۆڤ نەتوانێت بەویستی خۆی چێژیان لێبکات، ئەی دەبێت دۆزەخ بۆ چ کارو کردەوەیەکی قێزەون دروستکرابێت کاتێک نەریت بۆخۆی سروشتی دۆزەخی لەخۆیدا وێنا کردووە، ئایا ئەوەی هەموو ئەو یاسا و نەریتانەی داڕشتووە بۆ بەرنامەی ژیان و بەناوی خوداوە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەیسەپێنێت، دەبێت ئاگای لەو هەست و ناخی کەسانی وەک خۆی هەبێت کەبوونەتە قوربانی هەموو ئەوانەی بەرژەوەندی خۆیان لەنێو ئەو نەریتە بۆگەنانەدا دەبیننەوە، ئایا دۆزەخێک هەیە کە سزای ئەو مرۆڤانە بدات، کە بەناوی خودا و نەریت و یاساکانی ژیانەوە، ژیانی مرۆڤەکانی دی دەکەن بەدۆزەخ یان دەبێت بەهەشتێک هەبێت بارتەقای ئازارەکانی ئەفسانە، ژیانێکی نوێی پێ ببەخشێتەوە و تەمەنی منداڵی و لاوێتی، جارێکی دی بۆ ئەژمار بکاتەوە و بە ویستی خۆی چێژ لە ژیان بکات؟

ئەفسانە ماوەیەکی زۆر لەژوورەکەی دواوە بەزیندەخەوی لەنێو خۆیدا ژیا، بەڵام لەو ساتەدا دەنگەکەی ناخی وەکئەوەی ئومێدێک بەژیانە وێرانەکەی بداتەوە وتی «نیگەران مەبە ئەفسانە، هەموو کێشەیەک سنورێکی خۆی هەیە، مرۆڤ دەبێت ئارام بێت تائەو کاتەی ژیان دەرفەتێک بەخەونەکانی ئەداتەوە. تۆ دەبێت هەررۆژێک بێت گۆزەکەی بەختی خۆت بدەیت بەزەویدا و بیشکێنیت، تا بزانیت چی لە نێویدایە و بتوانیت ڕێگایەکی نوێ بۆژیانی خۆت بدۆزیتەوە، تۆ دەبێت هێزی ئەوەت هەبێت ئەفسانە، مەترسە بڕیاری خۆت بدە ئەو ترسەی ناخت لەناوبەرە، هەمیشە ترس مرۆڤ لاواز دەکات و کۆیلەی ئازارەکانی دەکات، بۆ ئەوەی ژیانی خۆت بگۆڕێت، سەرەتا پێویستە ترس لە ناخی خۆتدا بکوژیت».

ئەفسانە ئارەزووی دەکرد زێدەتر لەگەڵ دەنگەکەی ناخیدا بمێنێتەوە، تامەزۆری هەموو ئەو پەیڤانە بوو، کە وەک ئاوی ڕووبارێک بەخوڕ دەڕژایە ناو کێڵگەی وشکەڵهاتووی ناخییەوە و پاراوی دەکرد، ئومێدێک هەموو جەستە گران و داهێزراوەکەی سووک کرد، بەڵام دەنگی دەروێش لەو دۆخە هیوا بەخشە بەئاگای هێنایەوە.

دەبێت ئەوە ماوە زۆری ئەفسانە لەنێوخۆیدا دەژیا، دەروێش بەچییەوە سەرقاڵ بووبێت؟ ئایا خەوتبوو یان بەوێنەی ئەفسانە ئەویش لەگەڵ گومان و حەزەکانی خۆیدا دەژیا، دەروێش بێئارام بوو، لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشابوو بۆ ئەوەی سەرخەوێک بشکێنێت، بەڵام هەڵوێستە نامۆکانی

ئەفسانە خەونی زڕاندبوو، گومانێکی قوڵ دڵە لاوازەکەی هێنابووە لەرزین، بیری لەوە دەکردەوە دەبێت ئەفسانە لەو گفتار و هەڵوێستانەی بەرامبەری نواندی، دەبێت چ مەرامێکی قێزەون و ئابڕووبەرانەی لەپشتەوە هەبێت، تۆ بڵێی وەک خوشکە بێڕەوشتەکەی بیر لە کارێکی ناپەسەند و ناڕەواو ئابڕووبەرانە نەکاتەوە؟ دەروێش وەک ئەوەی دەروونە شێواوەکەی خۆی لەو گومانانە ئارام بکاتەوە بەخۆی دەگوت « ئەفسانە ژنی شەرعی خۆمە و بەپێی یاسا و ئاین حەلاڵی خۆمە، هیچ کەسێک بۆی نییە نەک دەستی بۆ بەرێت، تەنانەت بۆیشی نییە بە چاوێکی حەز و ناپاکییەوە لێی بڕوانێت، نەک خەڵکی، بەڵکوو ئەفسانەش بۆی نییە هەتا من لە ژیاندا بم بیر لەکارێکی ناپەسەند و دژ بەنەریت و ئاین بکاتەوە، ئەگەر شتێکی وەها ڕووبدات، بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەفسانە بۆخۆی بێتە قوربانی هەموو هەڵە و ڕەفتارەکانی خۆی». لەنێو ئەو بیرە ئاڵۆزانەدا دەروێش کاتێک بیری لەتەمەن و لاوازی جەستەی خۆی کردەوە، دووبارە گومانی داوێن پیسی هەموو ئاوەزی ژەهراوی کرد، کوڕەکەی دراوسێیانی کەوتەوە یاد، گومانی ئەوەی دەکرد دەبێت ماوەیەکی زۆر بێت ئەم هەتیوە چاوە حیزەکانی لەسەر ئەفسانە بێت، یان ئەوەتا ئەفسانە بۆخۆی مەیلی پێداوە و بەبێئاگایی دەروێش چاوبڕکێی لەگەڵدا کردووە، ئاخر ئەگەر ژن وەک مریشکێکی دەستەمۆ خۆی لەبەردەم کەڵە شێرێکدا بانەدا پیاو چلۆن دەتوانێت بەتۆبزی سواری بێت و خۆی

لەقەرەی بدا، دڵنیام ئەفسانە مەیلێکی بەلای ئەم هەتیوە چاو حیزەوە هەیە، ئەگەرنا، خوێڕییەکی ئاوا چۆن بێشەرمانە چاو لە شەرەف  و ناموسی خەڵکی دەکات.

هەموو ئەو گومانانە دەرونی دەروێشیان تەنگ کردبوو، بەڵام لەو ساتەدا بۆچی بانگی ئەفسانەی کرد؟ پێدەچوو بۆ ئەوەی گومانەکەی ناخی برەوێنێتەوە، زێدەتر دڵنیابێت لە هەڵوێستەکانی بەرامبەر کوڕەکەی دراوسێیان، کاتێک ئەفسانە دێتە ژوورەکەی پێشەوە، دەروێش بە تۆنێکی ئارام دەڵێت: «ئەفسانە تۆ وەرە لەپەنجەرەکەوە لە دەرەوە بڕوانە، بزانە بەفرەکە تەواو خۆشی کردۆتەوە، پێدەچێت سبەی کەشەکە خۆش  بێت»، ئەفسانە بەهێمنی دەچێتە بەردەم پەنجەرەکەو  بەهەردوو دەستەکانی لەچکە شێواوەکەی خۆی ڕێکدەخات و پاش کەمێک ڕوانین دەڵێت: «بڕوا ناکەم ئەم بەفرە بەمزووانە خۆش بکاتەوە»  دەروێش بەردەوام چاوە زیتەکانی لەسەر نیگاکانی ئەفسانە بوو، لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوو، وەڵامێک لەچاوەکانی ئەفسانەدابخوێنێتەوە، بەڵام ئەفسانە زۆر ئاسایی ڕەفتار دەکات، دەروێش بۆ ئەوەی گومانێک لای ئەفسانە دروست نەبێت دەڵێت:» ژنەکە بەم عەسرە و بەم کەشی بەفرە چاییەک چێژێکی خۆشی هەیە» ئەفسانە بەبێ ئەوەی وەڵامی دەروێش بداتەوە بەرەو ناندێنە دەچێت و خۆی بە ئامادەکردنی چاییەکەوە سەرقاڵ دەکات، لەو ساتەدا دەروێش تاوناتاوێک لەپەنجەرەکەی نزیکییەوە چاودێری کوڕەکەی دراوسێیانی دەکات، بیر

لەوە دەکاتەوە کاتێک ئەفسانە لەدالآنەکەوە دەردەکەوێت، کوڕەکەی دراوسێیان خۆی نیشانی بدات، یان هەرچۆنێک بێت ئاماژەیەک بەئەفسانە بدات تا لەو گومانەی ناخی دڵنیابێتەوە.

ئەفسانە بێئاگابوو لەو ژەهری گومانەی ناخی پیاوەکەی پیس کردووە، بەدڵێکی پڕ لە ئومێدی دەربازبوونەوە پیاڵە چاییەکی لەسەر سینییەکی بچووک بۆ دەروێش هێنا و لەسەر تەپڵەکە بچوکەکەی بەردەمی قەرەوێڵەکەی داینا، دەروێش بەردەوام چاوەکانی لەسەر نیگاکانی بوو، لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوو ڕەفتارێکی نوێ یان شتێکی جیاواز لە هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەیدا ببینێت، بۆ ئەوەی گومانەکانی ناخی پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام ئەفسانە لەجیهانێکی جیاوازدا بوو، جیهانێک کە خەونی ئازادی و ژیانێکی نوێی تیادەبینی، هەر بەو ئەندێشەیەوە کە هەستی بە بارسوکی جەستەو دەرونی خۆی دەکرد لەپەنجەرەکەوە کەمێک لە دیمەنی باخچەکەی ڕوانی، کە بەفر سپی پۆشی کردبوو پاشان چاوە مەنگ و خومارەکانی بۆلای دەرگا ئاسنە دووتاکییەکەی حەوشەکە گواستەوە، کە ئەوەندە نزم بوو دەیتوانی بەئاسانی هەموو ئەو کەسانە ببینێت کە لە کۆڵانەکەیاندا گەمەی شەڕەبەفریان دەکرد، دەنگی تریقە و پێکەنین و گاڵتە ئامێزی دراوسێکانیانی بەئاسانی دەبیست.

ئەفسانە لەو ساتەدا پڕبە دڵی ئارەزووی ئەوەی دەکرد لەنێو ئەو هاوار و هەرا و زەنایەدا وەک هەموو ئەوان

گەمەی بکردبا، بەڵام زووتر لەو حەزەی پەژیوان بۆوە، بیری لەوە دەکردەوە گەر بیتوانیبا، دەبوو لەگەڵ کێ گەمەی بکردبا، کێ دەتوانێت هاو ئاوازی هەست و ئارەزووەکانی ناخی بێت و بەهەستێکی پڕ لەخۆشەویستییەوە لەنێو سپێتی تەڕی ئەو بەفرەدا لەئامێزی بگرێت و پێکەوە بێئاگا لەساردی کەشەکە لەنێو بەفرەکەدا بەگەرمی جەستەیان یەکدیان گەرم بکردبایەتەوە و دواجار بە گوڕێکی بەتینەوە یەکدیان لەبەفردا سپی سپی بکردبایەتەوە، بەڵام ئەوەی ئەفسانەی بیری لێدەکردەوە بوونی نەبوو، هیچ ڕوخسار و دیمەنێکی دیاری نەبوو، تەنانەت هیچ کەسێک لەبیر و هەستی ئەفسانەدا بوونی نەبوو، جگە لەوەی تەنها وەهمێک بوو لەحەز و ئارەزووی خەونەکانییەوە وێنای دەکرد، لەو ساتەدا ئەفسانەی خۆی بەتەنێ لەناو بەفرەکەدا بینییەوە وەستا بوو، دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵند کردبوو، وەک ئەوەی نزا لەخودا بکات تا خەونەکانی لە ئەفسونێکدا بێتە ڕاستی، بەڵام لەو ئەندێشە قوڵەدا خۆی لەنێو کۆمەڵێک لاودا بینییەوە، کە بازنەیەکی فراوانیان بەدەوریدا کێشابوو، هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە ئامێزیان بۆ کردبۆوە و بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بانگیان دەکرد.

ئەفسانە بەنیگەرانییەوە لەنێو ئەندێشەکەی خۆیدا هاتە دەرەوە، بەرەو لای ئەو ئاوێنەیە چوو کە بە دیواری لای پەنجەرەکەوە هەڵواسرابوو، کەمێک لەدیمەنی شێواو و خەواڵووی چاوەکانی خۆی ڕوانی و بە هەر دوو دەستەکانی

لەچکە ڕەشـەکـەی تا سـەر شانەکانی خـۆی دامـاڵـی، وەک ئەوەی بەپەنجەکانی پرچە ڕەنگ خورماییە خاوەکەی شانە بکات، چەند جارێک بەنجەکانی لەنێو چڕی پرچەکانیدا تا خوارەوە هێناو بەسەر شان و ملیدا بڵاوی کردنەوە، دواجار بەگومانێکەوە لەڕوخسارە گەنم ڕەنگییەکەی خۆی ڕوانی، وەک ئەوەی لەهەستی خۆیدا وێنەی خۆی بکێشێت، سەرەتا لەچاوە ڕەنگ هەنگوینەکانی خۆی ڕوانی، ئارەزووی دەکرد لەچاوەکانی خۆیەوە ئایندەیەک ببینێت کە بۆخۆی وێنای دەکرد پاشان چاوەکانی گواستەوە بۆ سەر کوڵمە بەرز و سوور هەڵگەڕاوەکانی و دواجار بۆ سەر چاڵی هەر دوو ڕوومەتە پان و گۆشتنەکانی و لەوێشەوە بۆ گەردنە باریکەکەی، دوای ماوەیەک ڕامان لەخۆی پرسیارێک دڵە پڕ لە حەزەکەی گران کرد، وەک ئەوەی لەگەڵ خۆی بدوێت، بەڵام بۆخۆی دڵنیا بوو کە ئەوە دەنگەکەی ناخی بوو وتی: «تۆ بیر لەوە بکەرەوە، تۆ بڵێی تەمەنت بەشی هەموو ئەو خەونانەت بکات، یان ئەو تەمەنەی کەماوتە دەبێت لەگەڵ ئەم پیرە پیاوەدا هەتا مەرگ لەم ماڵە شوم و وێرانەدا بەفیڕۆی بدەیت».

ئەفسانە کاتێک لەگەڵ خۆیدا دەدوا بێئاگابوو لەوەی کوڕەکەی دراوسێیان لەسەر نەردەوانەکە دانیشتووە و بەدەم کێشانی جگەرەوە بە تاسەوە لێی دەڕوانێت، کاتێک ئەفسانە بەخۆی دێتەوە بەبێ ویستی خۆی، وەک ئەوەی کەسێک بەمەبەست گازی بکات، نیگاکانی دەچێتە سەر کوڕەکە، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز لەهەموو جارەکانی تر،

کە ڕەفتارەکانی کوڕەکەی فەرامۆش دەکرد، هەستیدەکرد چاوێک بەردەوام چاودێری دەکات و بە نیگاکانی دەیەوێت هەستە پەرتبووەکەی ببزوێنێت و لەخۆیدا کۆی بکاتەوە، بەڵام ئەفسانە لەو دۆخەدا وەک ئەوەی لەنێوان ئاگایی و بێئاگایدا ڕامابێت، بەبێ ئەوەی بەویستی خۆی بێت خەندیەکی دڵبەر لێوەکانی دەنەخشێنێت، ئەو خەندەیە تەنها چەند چرکەیەک، بەهێندەی هەناسەیەکی پڕلە ئومێدی خۆشەویستی خۆی لەسەر لێوەکانی وێنا دەکات.

ئەو خەندەیە بۆ ئەفسانە شتێکی نوێ بوو لە ژیانیدا، لەوەتەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەروێش کردبوو هەرگیز بەو شێوەیە نەخەنیبوو یان دڵ و هەستەکانی ئارەزووی ئەوەیان نەکرد بوو، بۆ ساتێک وێنایەکی خۆشبەختی دەروونی خۆی لەسەر لێوەکانی بنوێنێت، چیتر ئەفسانە لەوە تێدەگات ئەو ڕەفتارە پەرچەکرداری دەنگەکەی ناخێتی خۆی لەجەستەیدا وێنا دەکات، دواجار کە بە خۆی دێتەوە هەستێکی پەژیوانی و ترسێک ناخی دەگرێتەوە و لەهیکرا سەرپۆشە ڕەشەکەی بەسەری خۆیدا دەداتەوە و پرچەکانی لەژێریدا دەشارێتەوە.

ئەفسانە بێئاگایە لەوەی دەروێش بەردەوام چاوەکانی لەسەر هەموو ڕەفتارەکانیتی، کە بەگومانەوە پێی دەڵێت: « ژنەکە ئەوە بۆ کێ پێدەکەنیت؟» ئەفسانە لەوە تێدەگات ئەوەی کە ڕوویدا گومانێکی کوشندەی لەناخی ئەودا دروستکردووە، بەڕوویەکی گەشەوە بەرسیڤی دەداتەوە و دەڵێت:» هیچ نەبوو تەنها خەیاڵم بۆ شتێک ڕۆیشتبوو».

ئاگرێکی پڕ لە تۆڵە و قین و ئیرەیی دووبارە هەموو بیرو هەستی دەروێش دەتەنێتەوە، هەستدەکات هەموو جەستەی لە نائارامیدا دەلەرزێت و دڵە لاوازەکی خەریکە لەسینە گۆشتەنەکەیدا دێتە دەرەوە، هەموو ویستی تورەیی خۆی لەپەنجە لەرزۆکەکانیدا کۆ دەکاتەوە، لەو ساتە پڕ بێزارییەی ناخیدا، پڕ بە دڵ و هەستی ئارەزووی ئەوە دەکات بەو کێردە دەسک سوورەی کە سپێدە تیژی کردبۆوە، هەموو جەستەی ئەفسانە پارچە پارچە بکات و توڕیبداتە دەرەوە و دەرخواردی ئەو سەگە برسیانەی بدات کە شەوانە هەتا سپێدە لەکۆڵانەکەدا دەوەڕێن.

دەروێش بێئاگابوو لەوەی ئەفسانە لەگەڵ ئاسەواری ئەندێشەکانیدا خۆیدا پێدەکەنی کە لەئاگایدا مابۆوە، بەڵام هەڵوێستی کوڕەکەی دراوسێیان، کە بە خەندەیەک وەڵامی ئەفسانەی دابۆوە، دەروێشی زێدەتر شێتگیر کردبوو، کە بووە هۆی یەکلا بوونەوەی هەموو ئەو گومانانەی بەهۆی تەمەنی پیری و لاوازی خۆیدا هەڵیچنیبوون.

ئەفسانە بەرەو ناندێنەکەی دالانەکە دەچێت، دەروێش بۆ ئەوەی هەڵچوونی خۆی لەشتێکدا خاڵی بکاتەوە و دۆخەکە نەشلە قێنێت هەتا دەرفەتێکی بۆ تۆڵە کردنەوەی بۆ دەرەخسێت، نەستیانە تاو دەداتە پیاڵە چاییەکە و بە توندی دەیسرەوێنێتە دەرگای ژوورەکە، بەو دەنگی شکانە ئەفسانە لەناندێنەکە لەشوێنی خۆی ڕادەچەنێت و ترسێکی بێئامان هەموو ناخی داگیر دەکات .

## ٤

کات درەنگی کردبوو، پڕشنگی خۆر لەپشتی هەورە چڕەکانەوە ڕەنگێکی مەیلەوسووری ترسناکی بە وێنەی ئاسەواری جەنگێکی خوێناوی بە سیمای شار بەخشیبوو، ئەگەر بە ئەندێشەیەکی قوڵەوە لێت بڕوانیبا واهەستت دەکرد تاوێکی دی خۆین دەبارێت و هەموو شار لەخۆیدا سوور دەکات. هێدی هێدی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دیمەنی هەورەکان تێکەڵ بەتاریکی دەبوو، شەوەزەنگێکی ترسناک لەگەڵ کزەبایەکی سارد، کە پڕوشەی بەفری سەر درەخت و سەربان و دەشتی بەردەم چیاکانی هەڵگرتبوو لەگەڵ خۆیدا بەنێو کۆڵانەکاندا دەیبرد و دەیهێنا، وەک ئەوەی «با» ئارەزووی ئەوە بکات سەمایەکی ناوەزە و

دڵڕفێن بەدوا هەناسەی کلووە بەفرەکان ببەخشێت، ئەو دیمەنە هەستێکی سامناکی لەدەروونی ئەو ڕێبوارە تاک و تەرایانە دروستکردبوو، کە تا درەنگانێکی شەو لەمیواندرای دەگەڕانەوە بۆماڵەوە.

دەروێش لەژوورەکەی خۆیدا لەسەر قەرەوێڵەکەی لەخەوێکی قوڵدایە، ئەفسانە لەترسی ئەوەی چیتر دەروێش بێزاری نەکات لەژوورەکەی دواوە نووستووە، بێدەنگییەکی کش و مات و تۆقێنەر ماڵەکەی کپ کردووە، واهەستدەکەیت لەو ماڵەدا هیچ کەسێک بوونی نییە، جگە لە دوو جەستەی مردوو، لەهیکرا پڕخەپڕخی دەروێش لەگەڵ وڕێنەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ ئاوەدانییەکی ترسناک بەژوورەکە دەداتەوە.

ماڵەکە تەواو تاریک و خامۆشە، جگە لەتروسکاییەکی کەم نەبێت کە لە ڕۆشنایی گڵۆپی بەردەرگای یەکێک ماڵەکانی دراوسێیانەوە، ژوورەکەی پێشەوە و دالانەکەی کەمێک ڕۆشنکردۆتەوە، هیچ ڕوشناییەکی دی لەو ماڵەدا نییە. ئەفسانە لەناو جێگەکەی خۆیدا وەک مار کینگڵ دەدا، لەناکاوێکدا دەنگێکی وەک ئەوەی لەشوێنێکی دوورەوە بێت گازی دەکات «ئەفسانە ئەفسانە هەڵسە لەخەو» ئەفسانە چاوە خەواڵوەکانی دەکاتەوە و بەنێو تاریکی ژورەکەدا دەیگێرێت و دەیەوێت سەرچاوەی ئەو دەنگە بدۆزێتەوە کە بەگوێکانی ئاشنایە، لەنزیکی دەرگای ژوورەکەوە و لەنێو تاریکیدا بەژنی ژنێکی زراڤ دەبینێت کە بەوێنەی دیمەنی مانگ ڕۆشنایی بەتاریکی ژوورەکەی دەدات، سەرەتا سیما و

دەموو چاوی بەتەڵخی دێتە پێش چاوەکانی، واهەست دەکات ئەوە خەون بێت، بەدەستێکی کەمێک چاوە خەواڵووەکانی هەڵدەگڵفێت، وەک ئەوەی بیەوێت خۆی لەنێو خەون و ئاگایدا یەکلا بکاتەوە، بەڵام ژنەکە بەدەنگێکی نەرم دەڵێت: «ئەفسانە ئـەوە منم، خوشکە گـەورەکـەت، من خـەون نیم بەڕاستی هاتوومەتە دیـدارت» ئەفسانە ترسێک هـەموو جەستەی داگیر دەکات، گومان لەو دۆخە دەکات کە تێی کەوتووە، بە دەنگێکی پڕ لە ترس و گومانەوە وەڵامی دەداتەوە «تۆ چۆن هاتویت بۆئێرە» ژنەکە بەخەندەیەکی ساردەوە دەڵێت: « ئەفسانەکەم، ئەگەر کەسێک مەبەستی هاتنی هەبێت گرنگی بە هیچ بەربەست و ڕێگرییەک نادات، هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت بۆ ئەوەی سەردانی ئەو کەسە بکات کە خۆشی دەوێت، بەڵام تۆ هەرگیز بۆ ڕۆژێکیش بیرت لەمن نەکردۆتەوە، نە تۆ و نە دایکم و نە براکانم هیچ کەسێکتان، هەمووتان بەتەنێ منتان لەشوێنێکی چۆڵی وەک بیابان بەجێهێشتووە لێم ناپرسنەوە». ئەفسانە کەمێک لەخۆی ڕادەمێنێت و بیر دەکاتەوە دەیەوێت ئەو قسانەی لەخەیاڵێکی پەتی دەچێت لەگەڵ ئـاوەزی خۆیدا جییان بکاتەوە، بەڵام ژنەکە دەستە باریک و درێژەکانی بۆ ڕادەگرێت و دەڵێت: «وەرە خوشکە بچکۆلە خێر لەخۆنەدیوەکەم، لە گەڵم وەرە باماڵەکەی خۆمت نیشان بدەم، بۆ ئەوەی هەر کات ئارەزووت کرد، سەردانم بکەیت» ئەفسانە وەک ئـەوەی تـەواو ئـاوەزی لەدەستدا بێت، بە ویستی ئەو ژنـەی خۆی بەخوشکی وێنا کردووە

لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و بە گومانەوە دەستێکی لەنێو دەستی دەنێت، ژنەکە دەیەوێت دەرگاکە بکاتەوە ئەفسانە پێی دەڵێت: «لەسەرخۆ بە خوشکم، با دەروێش بەئاگا نەیەتەوە» خوشکەکەی بەخەندەیەکی گاڵتەئامێزەوە لەچاوە تۆقیوەکانی ئەفسانە دەڕوانێت و دەڵێت «گیانەکەم، هەتا بترسیت ئەم ژوورە تاریک و بچووکە شوێنی تۆ دەبێت»، خوشکەکەی زۆر ئاسایی دەرگاکە دەکاتەوە و ئەفسانە بە دوایەوەیە بە چەند هەنگاوێک تا دەگەنە بەردەم دەرگای جامخانەکە، ئەفسانە چاوەکانی لەسەر دەرگای ژوورەکەی دەروێشە، شیمانەی ئەوە دەکات لەناکاوێکدا دەروێش بەئاگا بێتەوە ڕێگری چوونە دەرەوەی لێبکات، بەڵام خوشکەکەی وەک ئەوەی بەتەنێ بێت گوێ بەهەستەکانی ئەفسانە نادات، لەگەڵ ترازاندنی دەرگای جامخانەکە کزەبایەکی سارد بە بەفرەوە بەڕووی هەردوکیانا دەدات و لەچکەکەی ئەفسانە لەسەری دادەماڵێت و سەمایەکی دڵڕفێن بە پرچە ڕەنگ خورماییەکەی دەکات.

بەو نیوەشەوە ئەفسانە بەنێو کۆڵانەکاندا دەستێکی بەدەستی خوشکەکەوەیەتی ڕێدەکات، واهەستدەکات بەپێخاوسی هەنگاو بەناو ئەو بەفرە ڕەقەدا دەنێت کە باکە بەشی سەرەوەی وشک کردۆتەوە، خرمەی پێکانیان لەو کۆڵانە چۆڵ و سامناکەدا ئاوازێکی ترسناک بەگوێی ئەفسانەدا دەدات، کە تێکەڵ بە ترس و گومانی ناخی بووە. ئەفسانە توانای بیرکردنەوەی نەماوە تەنانەت هەست بە سڕبوونی پێکانیشی ناکات، تەنها ئەوەنەبێت شتێک لەئاوەزیدا چرۆی

کردووە، شتێک کەهێشتا بۆخۆیشی نازانێت دەرئەنجامەکەی بە کوێی دەگات یان دەیەوێت لە چ شتێک بەهۆشی بێنێتەوە.

ماوەیەکی کەم بەنێو بەفری کۆڵان و شەقامە تاریک و چۆڵەکانی شاردا دەڕۆن، خۆشکەکەی تاو نا تاوێک دەستێکی بۆ شوێنێکی نادیار درێژ دەکات و پێی دەڵێت: «ئەفسانە نیگەران مەبە، زۆرمان نەماوە، ماڵەکەم ئەوەتا بەقەتپاڵی ئەو بەرزاییەوە کەلە نێو تاریکیدا ون بووە» کاتێک بەنێو تاریکی کۆڵانێکدا تێدەپەڕن خوشکەکەی خۆی بەنێو دەرگایەکی کراوەی شکاوی ئاسندا دەکات، کە لە هەر دوولایەوە بەدیوارێکی نزمی بەرد لەماڵەکانی جودا کردۆتەوە، ئەفسانە بەدەنگێکی نزم و بەپسکەوە دەڵێت :»خوشکێ .. خوشکێ .. ئێرە ماڵی لێ نییە، ئێرە گۆڕستانە» خوشکەکەی بەبێ ئەوەی ئاوڕ بۆ ئەفسانە بداتەوە بەدەم هەنگاونان بەنێوان گۆڕەکاندا بەرسیقی دەداتەوە و دەڵێت: «ئەی بۆ نازانیت ماڵم لێرەیە» ئەفسانە بەترسێکەوە لەدیمەنی نێو گۆڕستانەکە دەڕوانێت و بە ئاستەم هەنگاو بەسەر گۆڕەکاندا دەنێت و دەڵێت: «من هەر ئەوەندە دەزانم ئەو کاتەی تۆ لەگەڵ کاکم بەنیازی سەفەر لەماڵ چونە دەرەوە ئیتر نەمبینیتەوە، هیچکات دایکم و براکەم باسی ماڵی تۆیان بۆ نەکردووم». بەدەم ئەو قسانەوە ئەفسانە و خۆشکەکەی خۆیان لەدامێنی گۆڕستانەکەدا دەبیننەوە، کە پانتاییەکی ڕووتەنە جگە لەکۆمەڵێک کێلی بەردی ناڕێک و پەرت و بڵاو شکاو هیچی دی لێ نییە. ئەفسانە لەبیری خۆیدا دەیەوێت پرسیاری ئەوە

لەخۆشکەکەی بکات کە ماڵەکەی لەکوێی ئەم شوێنە دایە، بەڵام خوشکەکەی دەستی لەدەستی ئەفسانە ئەترازێنێت و ئاماژە بۆ هەموو ئەو گۆڕانەی دەورەبـەری خۆی دەکات و دەڵێت: « تۆبڕوانە ئەفسانە ، جوان بڕوانە و بزانە چلۆن منیان لەم شوێنە تەریک و تاریکەدا ناشتووە، تۆ بزانە هەموو ئەو گۆڕانەی خاوەنیان هەیە و هەموو هەینییەک سەردانیان دەکەن و گۆڕی خۆشەویستەکانی خۆیان بەکێلی جوان و دار و درەختی سەوز ڕازاندۆتەوە، تەنها من و هاوڕێکانم نەبێت لەهەموو هەستێکی مرۆڤایەتی پەراوێز خراوین، هەموو ئەمانەی لـەچواردەوری منن، بێکەس و فەرامۆشکراون و کەس خۆی بە خاوەن و کەس و کارمان نازانێت، ئاخر من چیم کرد بوو ئەفسانە؟ تەنها هەڵەیەکم کرد خۆم ڕادەستی هەستەکانم کردووە کەسێکم خۆش ویست، بەڵام نازانم ئەوە چ یاسا و نەریتێکە لەبری خـودا، بەویستی خۆی ڕەوایـی دەدات بەژیان و مەرگی مرۆڤەکان ئایا من تاوانم کردبوو؟ تەنانەت ئـەوان لەم گۆڕە بێ ناونیشانەشمدا بەنەفرەتیان کردووم لەهەموو هەستێکی مرۆڤبوونم سڕیویانمەتەوە، ئایا خۆیان هەڵە و تاوانیان نەکردووە ئایا خۆیان بەشێک نین لەهەموو ئەو تاوانانەی کە بەناوی یاسا و نەریتەوە بەرامبەر مرۆڤایەتی ئەنجامی دەدەن و دواجار دەیکەن بەشکۆیەک بۆ کەسێتی خۆیان؟» ئەفسانە گەرووی توند بووە بە هەستێکی غەمگینەوە لەسیما خەمناکەمەی خوشکەکەی دەڕوانێت، لەو کاتەدا گومانێک وەک پرسیار بەبیریدا دێتەوە و بەخۆشکەکەی

دەڵێت: «خوشکێ، دایکم زۆر جار دەیگوت تۆ سکت هەبوو، ئایا ئەوە ڕاست بوو؟» خوشکەکەی بەخەندەیەکەوە هەموو نیگەرانییەکانی سیمای خۆی دەشارێتەوە و بە دەستێکی ئاماژە بۆدامێنی خۆی دەکات، کاتێک ئەفسانە نیگاکانی بە ئاراستەی دەستی خۆشکەکەی بۆ گۆڕەکەی بەردەمی دەگوازێتەوە، منداڵێکی تەمەن دووساڵ دەبینێت، کە بەسیما و پرچە کورتەکەیدا پێدەچێت کوڕبێت، بەخەندەیەکی شیرینەوە لەمنداڵەکە دەڕوانێت، کە لەسەر خۆڵی گۆڕەکە دانیشتووە گەمە لەگەڵ بەرد و خاشاکی سەرگۆڕەکە دەکات، بەخۆشکەکەی دەڵێت: « ئای کە جوانە خوشکێ، کوڕێکی زۆر شیرینت هەیە، تەواو بە منداڵی موحەمەدی کوڕی خۆم دەچێت.» ئەفسانە پڕ بە دڵی ئارەزووی ئەوە دەکات منداڵەکە لەئامێزی خۆێ بگرێت، کاتێک بە هەر دوو دەستی بڵندی دەکات، دەبینێت سیمای منداڵەکە تاریکیدا ڕەش داگیرساوە، بە نیگایەکی ترساوەوە ڕوو لە خۆشکەکەی دەکات و دەڵێت: «خوشکێ بۆچی پێستی ئەو منداڵە ئەوەندە ڕەش داگیر ساوە؟» خوشکەکەی بەنیگەرانییەوە وەڵامی دەداتەوە کە هەستێکی بێزاری زۆری تیا بەدی دەکات « ئەفسانە لە وەتەی منیان لێرە ناشتووە، کەسێک نییە دارێک لەسەر گۆڕەکەم بڕوێنێت، یان هیچ نەبێت سێبەرێکمان بۆ دروستبکات، بەردەوام پڕشنگی خۆر لەسەرمانە، لەم گۆڕەشدا لێمان ناگەڕێن، دەڵێی لەدۆزەخدا دەژین ئەوەندە گەرم و ناخۆشە». ئەفسانە گەرووی توند بووە، بەئاستەم دەنگی لێوە دێت،

دەڵێت: «خوشکێ جا من چیم بۆدەکرێت؟» خوشکەکەی بەخەندەیەکەوە لە نیگا غەمگینەکەی ئەفسانە دەڕوانێت و پێی دەڵێت: « ئاسانە ئازیزم زۆر ئاسانە، ئەگەر مەبەست بێت دەتوانیت سەبەی دارێک لەتەنیشت گۆڕەکەکمەوە بڕوێنیت، ئیتر ئەوە من ئاسودە دەکات». پاش کەمێک تێڕامان لەسیما پڕ لەگومانەکەی ئەفسانە کە بۆنێو بیرگەلێکی نادیار ڕۆچوو دەڵێت:» خوشکم هەر کات هاتیت، ئەوە کۆدی ژماری گۆڕەکەمە دەتوانیت ماڵەکەم بناسیتەوە». کاتێک ئەفسانە لەکێلە نارێک وشکاوەکەی خۆشکەکەی دەڕوانێت، دەبینێت ژمارە هەزار و چوارسەد بەڕەنگێکی ڕەشی کاڵ نوسراوە، ئەفسانە بەوە دڵخۆش دەبێت کە دەتوانێت گۆڕی خۆشکەکەی بناسێتەوە، هەر بۆیە بەخەندەیەکەوە پێی دەڵێت: « بە دڵنیاییەوە خۆشکم، ئیتر لەمەودوا دەتوانم جارجارێک سەردانی خۆت و منداڵەکەت بکەم».

دەنگی دەروێش لەگوێکانی ئەفسانەدا زایەڵەی دێت و لەدوورەوە و بانگی دەکات.

«ئەفسانە تۆ لە کوێی ... چیدەکەیت ها جوابم بەرەوە «.

ئەفسانە هەموو جەستەی دێتەلەرزین، وەک ئەوەی بە ڕووتی هاتبێتە دەرەوە و هیچ شتێکی لەبەردا نەبێت، کاتێک ئاوڕ بۆ دوای خۆی دەداتەوە دەروێش بەکێردە دەسک سوورەکەوە وەستاوە و چاوە شینەکانی لەخوێندا سوور بووە، ئەوەندە سامناک و هەڵچوو دیارە ئەفسانە هێزی ئەوەی نییە، لەنێو چاوەکانی بڕوانێت و وەڵامی بداتەوە،

ئیتر دەزانێت ئەمجارە دەروێش لەسەر ئەو ڕەفتارەی بەم شەوی بەفر و سەرما و کڕێوەیە بەبێ ئاگاداری ئەو چۆتە دەرەوە، لێی خۆش نابێت، شیمانەی ئەوە دەکات دەروێش بەدەم ڕاوەشانی کێردەکەی دەستییەوە ئارامی بپسێت و لەسەر دڵی بچەقێنێت.

ئەفسانە وەک ئەوەی جەستەی بەشتێکی توند و جیڕەوە شەتەک درابێت، بەردەوام هەوڵ دەدات، لەبەردەمیدا هەڵبێت، بەڵام هێزی ئەوەی نییە لەشوێنی خۆی ببزوێت، کاتێک دەروێش بە هەموو هێزی وەک دڕەندەیەکی تۆقێنەر بەسەریدا دەنەڕێت و دەڵێت: « وەڵامم بەرەوە ئەفسانە، بۆچی بەدرۆوە خۆت کرزۆڵە کردووە، چما ئاگاداری ئەم کارە نیت». دەروێش بەهەموو هێزی جەستەی ئەفسانە ڕادەژەنێت، هەتا وەڵامی بداتەوە بەڵام ئەفسانە وزە لە قاچەکانیدا نامێنێت و لەشوێنی خۆی دەکەوێت و لەسەر بەرزی گۆڕستانەکەم بەرەو خوارەوە خلۆر دەبێتەوە، کاتێک بەهۆشی خۆی دێتەوە لەژوورەکەی خۆیەتی، دەروێش گڵۆپی ژوورەکەی داگیرساندووە و بە کێردەکەوە بەسەریەوە وەستاوە، ئەفسانە هۆشی لەنێوان خەون ڕاستیدا تێکەڵ بووە، متمانە بەوە ناکات بەڕاستی لەژوورەکەی خۆیدایە یان ئەوەی بینیوەیەتی تەنها خەون بووە، کاتێک بەخۆی دەزانێت جەستەی لەسەرما هەڵدەلەرزێت، بەهۆی ئەوەی دەروێش بەتۆکەی لێکردۆتەوە تا بەئاگای بێنێتەوە، ئەفسانە بە تۆنێکی پڕ لە گومانەوە بەدەروێش دەڵێت: «چی بووە

پیاوەکە .. بۆچی ئەو کێردەت بەدەستەوەیە ها؟» دەروێش بە دەنگێکی گڕەوە پێی دەڵێت: « نازانێت چی بووە؟ بەدرۆوە خۆت کردووە بەنوستوو، چی لەژێر سەرتایە شەیتانی بێ ئابڕوو» ئەفسانە وای بۆدەچێت دەروێش بەهۆی تەمەنەکەیەوە ئاوەزی لەدەستداوە، دەیەوێت ئارامی بکاتەوە هەر بۆیە پێی دەڵێت:

–پیاوەکە بەخۆت وەرەوە، من چیم کردووە وا بەم نیوەشەوە وەک جنۆکە بەم کێردەوە هاتوویتە سەرم و لەخۆتەوە ئەو قسانە دەکەیت؟

–بۆ نازانیت ها ... نازانیت؟ ئەوە کێ بووە هاتۆتە ماڵەکەمانەوە ها، دڵنیام خۆت دەرگات بۆ ئەو هەتیوەی دراوسێمان کردۆتەوە و بۆ ئەوەی سواری خۆتی بکەیت. دەزانیت من توانای ئەوەم نەماوە وەک جاران لەگەڵت بخەوم، هەی ئاڵۆشاوی قەحبە، ناپاکیم لەگەڵ دەکەیت هەی بێ شەرەف، تۆش هەرلە خوشکە قەحبەکەت دەچیت، دەبوو براکەت لەگەڵ ئەودا تۆشی بکوشتبایە.

ئەفسانە لەشوێنی خۆیدا تەواو دۆشدا ماوە، نازانێت چۆن وەڵامی ئەو قسە پووچانەی دەروێش بداتەوە کە وەک خەنجەر هەناوی شەقاردەکات، بۆ ئەوەی دەروێش لەوە دڵنیا بکاتەوە کە ئاوەزی لەدەستداوە، بە هەڵچونێکەوە، کە هەموو جەستەی لە دڵەڕاوکێدا دەلەرزێت پێی دەڵێت: «کێ هاتۆتە ماڵەوە، پیاوە کە تۆ تێکچویت، کەمێک بەخۆتدا وەرەوە».

دەروێش کە بەردەوام سیمای لەگەڵ نائارامیی ناخیدا ئاوێتە بووە و کێردە قورسەکە بەدەستییەوە دەلەرزێت، پەلی ئەفسانە دەگرێت و بە ئاستەم بەرەو دالانەکە پەلکێشی دەکات و لەبەردەم جامخانەکە ڕایدەگرێت و پێی دەڵێت: «جوان بڕوانە بێ شەرەف، جوان سەیری ئەو شێوێن پێیانە بکە، بزانە ئەوە کێیە هاتۆتە ژوورەوە ها، پێم بڵێ خۆتی لێ نەبان مەکە».

کاتێک ئەفسانە بەهۆی ڕۆشنایی گڵۆپی حەوشەکەوە دەبینێت، ئاسەواری چەند هەنگاوێکی هاتوو چوو لەسەر بەفرەکە دیارە تەواو سەرسام دەبێت، دڵنیا دەبێتەوە کە بۆچوونەکەی دەروێش ڕاست دەرچوو لەمەڕ هاتنی کەسێک، بەنیگایەکی تۆقیو و شپرزەوە لەدیمەنی دەروێش دەڕوانێت، کە بەخەندەیەکی پڕ لەسووکایەتی پێکردنەوە لێی دەڕوانێت، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە پێی دەڵێت:» بەخوا پیاوەکە من خەوتبووم ئاگاداری هیچ نیم، دەبێت ئەوە کێ بێت هاتبێت، هەر بەڕاست خۆت نەچوویتە دەرەوە». کاتێک ئەفسانە ئەو قسانەی بەدەروێش دەڵێت، گومانی ئەوە لەخۆی دەکات لەخەونەکەیداو بێئاگا لەخۆی ئەو کارەی کردبێت، یان دەنگەکەی ناخی هانی دابێت و بەدەم خەونەوە چوبێتە دەرەوە.

دەروێش بەتوندی وەک ئەوەی پرچەکانی ئەفسانە دەسکەنە بکات لە دواوە پرچی دەکرێت و بەتۆبزی دەمووچاوی ئەفسانە بە شوشەی جامخانەکەوە چەسپ

دەکات و دەڵێت:» تۆجوان لەشوێن پێکان بڕوانە، بزانە ئەوە بەشوێن پێی پێلاوەکانی من دەچێت ؟»

–ئەی باشە پیاوەکە تۆ چۆن هەستت کرد ئەو کەسە هاتووە و نەتبینی.

–پێویست ناکات بیبینم، بۆخۆم دەزانم کێیە.

–ئەی بۆ قسە ناکەی پیاوە پێم بڵێ کێیە.

–بۆ نازانیت ؟

–من چوزانم پیاوەکە بەخوا ئاگاداری هیچ نیم!

–ئەی بۆ ناڵێیت ئەو هەتیوەی دراوسێی بەرامبەرمانە و هاتووە، بۆئەوەی لەگەڵت بخەویت ها، بەدزی منەوە، کە دەزانیت لە خەودا بووم ویستوتانە پێکەوە بۆخۆتا تا بەیانی ڕابوێرن، هەر بۆیە ئەمشەو جێگەکەی خۆت بۆ ژووری دواوە گواستەوە بۆ ئەوەی من هەستی پێنەکەم... وانییە؟

–پیاوەکە تکا دەکەم ئەو گومانە قێزونەی ناخت فەرامۆش کە، لە وەتەی من ژنی تۆم تا ئێستا هیچ کارێکی خراپت لە من بینیوە ها؟

– نەمبینیوە، بەڵام ئەمڕۆ عەسر بەچاوەکانی خۆم بینیم کە بەدەم ئەو خوێڕییەوە پێدەکەنیت، دیارە دەمێکە پێکەوە ڕێکەوتوون و لە زمانی یەکتری باش تێدەگەن، ئێستا دەزانم ئەو پێکەنینەی تۆ ئاماژە بوو بۆ ئەم ژوانەی ئەمشەو.

ئەفسانە تەواو نیگەران بوو، بێزاری هەموو جەستە گۆشتنەکەی قورس و گران کردبوو، لەو ساتەدا ئارەزووی ئەوەی دەکرد تاو بداتە کێردەکەی دەستی دەروێش و

بەدەستەکانی خۆی لەسەر دڵی خۆی بچەقێنێت و بۆ دواجار خۆی لە دەستی دەرویش دەرباز بکات. بە نیگایەکی تیژەوە بەرسیڤی دەرویش دەداتەوە و دەڵێت:

«تۆ پیاوێکی نەخۆش و بێئەقڵیت، لەوەتەی توانای هیچ شتێکت نەماوە لەناخی خۆتەوە گومانی خراپم لێدەکەیت، ئەگەر زۆر دڵنیا ییت لەوە من ناپاکیت لەگەڵ دەکەم، فەرموو ئێستا بمکوژە، با خۆم خۆتیش لەیەکتری ڕزگارمان بێت، ئیتر بەسە ئەم هەموو قسە و سووکایەتییە لە توانامدا نەماوە».

دەرویش کاتێک دەبینێت ئەفسانە لەو پەڕی تووڕەبووندا بەڕاشکاوانە بێزاری خۆی دەردەبڕێت و دەیەوێت بێئاگایی خۆی لەو کارەی ئێستا ڕوویداوە بسەلمێنێت، کەمێک هێور دەبێتەوە، پێی دەڵێت:» بڕۆرەوە بۆ ژوورەکەی خۆت هەی بێشەرەف، با ئەمشەو ئەوەش تێپەڕێت، بزانین لەڕۆژانی داهاتوودا چیتر دەبینین ئەو کات خۆم دەزانم چیت لێدەکەم .»

ئەفسانە لەشوێنی خۆی قەتیس ماوە، بۆخۆیشی نازانێت چۆن لەگەڵ ئەو دۆخەدا ڕەفتار بکات، دەرویش بەچەند هەنگاوێکی کە بە ئاستەم هەنگاوەکانی بەشوێن خۆیدا پەلکێش دەکرد بەرەو ژوورەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی پڕ لە حەسرەتەوە کێردەکەی دەئاخنێتە ژێر سەرینەکەی خۆیەوە.

ئەفسانە بەردەوام لە بیری ئەوەدایە» دەبێت کێ بێت بەم نیوەشەوە هاتبێتە حەوشەکەیانەوە، دەبێت مەرامی

چی بێت، ئایا بۆ دزی هاتووە، ئەگەر بۆئەوە هاتووە چ شتێکی بەنرخ لەم ماڵە ڕەش و ڕووتەی دەروێشدا هەیە، ئەوەی هەیە و نییە تەنها بڕێک پارەی خانەنشینی دەروێشە کەپاشەکەوتی کردووە، تەنانەت کەس نازانێت ئەوبڕە پارەیەش لەم ماڵەدا هەیە» کاتێک ئەفسانە لەنێو بیرو بۆچوونەی خۆیدا تاوتوێی ڕووداوەکەی دەکرد، گومانی کەوتە سەر کوڕەکەی دراوسێیان کە چەند جارێک هەستی بە نیگا پڕ لە شەهوەتەکانی کرد بوو، بەتایبەت ئەو ڕۆژانەی، کە کەشی دەرەوە خۆش بوو، ئەفسانە ماکسییەکی تەنگی گوڵداری پۆشیبوو حەوشەکەی خاوێن دەکردەوە، کوڕەکەی دراوسێیان لەماڵی خۆیانەوە بەردەوام چاوە زیت و پڕ حەزەکانی لەسەر جەستە نەرم و گۆشتنەکەی ئەفسانە بوو، هەر بۆیە کاتێک ئەفسانە هەموو ئەو ڕەفتارانەی ئەو کوڕەی بەبیردا هاتەوە زێدەتر گومانی کەوتە سەر ئەوەی ئەو کوڕە نیازێکی خراپی بۆ ئەفسانە هەبێت، هەموو ئەو ئەندێشە ئاڵۆز و بە ئازارانە دەرونی ئەفسانەیان تەواو شەکەت کرد، بە نیگەرانییەوە دەگەڕێتەوە بۆناو پێخەفە ساردەکەی خۆی، بەهۆی ئەو دۆخەوە خەونی تەواو زڕاوە و توانای ئەوەی نییە بەو هەموو بیرە ئاڵۆزانەوە چاوەکانی بەخەو ڕابسپێرێت یان ئەوەتا ئاوەزی لەسەر خۆی نەماوە، شەپۆلێک بیر و ئەندێشەی دژوار ئازاری ناخی ئەدات، پێدەچێت هەتا سپێدە لەگەڵ خۆیدا بدوێ و تاوتوێی چارەنوسی خۆی بکات .

## ٥

خامۆشی ئەو شەوە شاری کپ و ئارام کرد بوو، ئەفسانە لەنێو پێخەفەکەی خۆیدا بەدەم هەنسکی گریانە بیری لەناو قسەکانی دەروێشدا ئاڵۆزکا بوو، وەک هەموو ئەو جارانەی بەو پەیڤە هەستبرینکارانەی کە وەک نەشتەر لەناخی دەدا، خەوی لێ تۆراند بوو، ئارەزووی دەکرد پڕ بە گەرووی هاوار بکات، هاوارێک بە وێنەی بۆمێکی گەورە هەموو مرۆڤایەتی بە ئاگا بێنێتەوە یان ئەوەندە بەرز و بڵند و نامۆ بێت، هەموو گەردوون بگرێتەوە، بەڵام بۆ کێ؟ پەنا بۆ کام فریادڕەس بەرێ و سکاڵای دڵە غەمگینەکەی بۆکێ بەرێ، تا لەم دۆزەخەی کە هەموو ژیانی تاڵ کردووە ڕزگاری بکات.

بێ ئەوەی بە ویستی خۆی بێت لە ژوورەکەیدا دەنگی گریانێکی بەکوڵ ناخە وێرانەکەی داگیر کردووە، پڕ بە دڵی ئارەزووی ئەوەی دەکرد هەتا سپێدە بگری، تا هەموو ئازار و زوخاوی ناخی هەیە ئاوێتەی هەموو ئەو ئەسرینانەی بکات، کە بە بێدەنگی لە چاوە مەنگەکانییەوە دەخزانەوە خوارەوە و کوڵمە بەرزەکەی پاراو دەکرد.

ئەو گریانە ئەوەندە بەئازار و بەسوێ بوو، دەنگەکەی ناخی ڕاچەنی، وەک ئەوەی دووبارە و سێبارە لەشوێنێکی نادیارەوە یان سەرچاوەکەی لەقوڵایی گەردوونەوە بێت و گازی بکات، دەیگووت: « ئەفسانە ... ئەفسانە» زایەڵەی ئەو دەنگە باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، لەخۆیدا، لەگوێچەکەکانیدا لە دیوار و زەوی ساردی ژوورەکەیدا، لەهەموو شوێنێکدا، لەو ژوورە کپ و بچووکەدا دەنگەکە بەردەوام دەزرنگایەوە، ئەفسانە زۆرجار واهەستی دەکرد ئەو دەنگە لەدیوارەکانەوە دێت یان ئەوە دەنگی فریشتەیەکە و وەک فریادڕەسێک هاتۆتە ژیانیەوە و دەیەوێت لەگەڵ خۆی پەلکێشی بکات و لەو دۆزەخە بەئازارە دەربازی بکات، بەڵام هەموو ئەوانە بوونی نەبوو. هەر بۆیە کاتێک بە سەرسامییەوە چاوێکی بە ناو دیمەنی نیمچە تاریکی ژوورەکەدا گێڕا، دواجار لەوە تێگەیشت ئەوە دەنگی بونەوەرەکەی ناخی خۆیەتی، وەک ئەوەی هەست بەبوونی بکات، یان بۆخۆی لە خەیاڵی خۆیەوە وێنای تارماییەکەی لەنێو تاریکی ژورەکەدا دەکرد و ئارەزووی دەکرد وەک مرۆڤێکی تەواو هەست بە جەستەو شێوەی بکات.

ئەو دەنگە نە شێوەی هەبوو نە ڕەنگ، تەنها ئەفسانە لەهەستی خۆیدا وەک تارماییەک وێنای کردبوو، هەربۆیە بەشادومانییەوە وەڵامی دایەوە،» بەڵێ بەڵێ تۆ لە کوێی» وەڵامەکەی ئەفسانە وەک ئەوە وابوو ئەمجارەیان دەنگەکە لەشێوەی کەسێکدا بەڕاستی خۆی نیشان بدات، بەڵام ئەوە تەنها هەستی ئەفسانە بوو لەو دۆخە دژوارەی دەرونیدا کە تەنیایی و بێکەسی و لاوازی خۆی ناچاری کردبوو، وەک فریادڕەسێک هانای بۆ بەرێت، دەنگەکە کاتێک وەڵامی دایەوە وتی: «من لە ناو خۆتدام ئەفسانە، من تۆی ڕاستیم، بەڵام تۆ ناتوانیت بمدۆزیتەوە، ئەوە منم زۆر لە مێژە دەمەوێت لەخۆتدا وێنام بکەیت» ئەفسانە بە گومانێکەوە کەمێک لەخۆی ڕاما، دواجار لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوو دەنگەکە شتێک بڵێت، ئەفسانە بۆخۆی دەیزانی ئەو کاتانەی ناخی ئاگر دەگرێت و گریان دەکاتە بیانوویەک بۆ دامردکاندنەوەی ئاگر و ئازارەکانی، ئەو دەنگە وەک ئەوەی لەخەودا بە ئاگابێتەوە دەهاتە گۆ و بەردەوام ئەیدوان، هەر بۆیە ئەفسانە لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوو دەبێت ئەمجارە دەنگەکە بۆ چ کارێک یان هەڵوێستێک هانی بدات، دەنگەکە وەک ئەوەی لەنێو هەستەکانی ئەفسانەدا تەواو هەڵچوو بێت وتی:

–ئەفسانە پێم بڵێ، هەتا کەی ئەم سووکایەتییەی دەروێش پەسەند دەکەیت، بیرێک لە ژیانی داهاتووی خۆت بکەرەوە، بیر لە چارەسەرێک بکەرەوە، تۆ بزانە دەروێش چی بە تۆ

کردووە؟ ئەوەتا، ئەو پیاوە مێشک بۆ گەنە منداڵیتی دزی، لەبێئاگایی خۆت کچێنیتی لێ سەندیت، ئیتر چ شتێک ماوە کە تۆ لەدەستی بدەیت ها؟ چی ماوە پێم بڵێ، بیر لەژیانی خۆت بکەرەوە ئەفسانە، لەداهاتووی خۆت لەژیانی خۆت لەحەزو ئارەزوو و خەونەکانت، هەوڵ بدە ژیانێکی نوێ بۆخۆت دروست بکە، کە وەک مرۆڤ بژیت، چێژ لەژیان و جەستەی خۆت وەرگرە ئازیزم.

–ئاخر چۆن ئەوە بکەم؟ ژنێکی بێدەسەڵاتی وەک من چۆن بتوانم لەم گۆمە بۆگەنەدا کە هەموو جەستەم تیایدا نوقوم بووە بەئاسانی بێمە دەرەوە.

–ئاسانە ئەفسانە، زۆر ئاسانە ئەگەر بە قسەم بکەیت.

– چۆن پێم بڵێ !.

– ئێستا بڕۆ تۆڵەی خۆت لە دەروێش بکەرەوە، پێدەچێت ئەو ئێستا لە خەوێکی قوڵدا بێت، هەوڵبدە دەستپێشخەربیت لە کارەکەتدا، ئەگەر ئەمشەو ئەو کارە نەکەیت ئەوا دڵنیا بە ئەو کاری خۆی لەپێش تۆدا تەواو دەکات و دواتر پەژیوانی دادت نادات، ئەمشەو بێت یان سبەی شەو ئەو دێت و بەو کێردەی، کە ئەمشەو خەریکبوو سەرت لە جەستەت جیا بکاتەوە، دڵنیا بە کاری خۆی دەکات، تازە ئەو بیری تۆڵەو گومان ناخی تەنیوە، بەم تەمەنەوە چاوەڕوانی هیچ شتێکی تر لەژیان ناکات، ئەو دەیەوێت لەپێش خۆیدا تۆ بکاتە قوربانی هەستە پڕلە ئیرەیی و گومانەکانی، بەخۆت وەرەوە، کات درەنگی کردووە، هەتا زووە ئەمشەو ئەو

مێشکە بۆ گەنەی بووەستێنە، کە سیخناخە بەتاوان، ئەو دڵە بێبەزەییەی دەربێنە کە هیچ هەستێکی خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی تیا نادۆزیتەوە.

– ئاخر من ناتوانم ئەو کارە بکەم، هێزی ئەوەم نییە ئەنجامی بدەم، نازانم ... هەرچەند بیر دەکەمەوە شتێک لەناخمدا هەیە ڕێگرە، هەموو جارێک لەنیوەی کارەکەدا پەژیوانم دەکاتەوە و هێز لە دەست و پەنجەکانم دەبڕێت.

– ئەفسانە بیر لەوە بکەرەوە تۆ ناچاریت تاوانێک بکەیت تەنها بۆئەوەی ژیانی خۆت قوتاربکەیت، زۆر جار مرۆڤ ناچارە بەوەی بەتاوانێک تاوانێکی تر بسڕێتەوە، ئاخر ئەوە سروشتی ژیانە، کاتێک بیرێک یان نەریتێک بەتاوان ئاو درابێت چیتر هیچ خۆشبەختییەکی بۆژیانی مرۆڤ نابێت، ئەوە هەر تۆ نیت ناچار بیت بەتاوان، دڵنیا بە بیری تاوان لەناخ و هەستی هەموو کەسێکدا بوونی هەیە، بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن و هەستی پێبکەن، چونکە بە ئاوی تاوان گۆشتکراون، چونکە لەناو هەموو بیرێکدا هەستێکی توندو تیژی و زەبر و زەنگ هەیە، کە بێئاگایانە مرۆڤ پاڵدەنێت بۆ تاوان، نیگەران مەبە ئەفسانە لەوەی تۆ تاوانێک دەکەیت، ئەوە تۆ نیت بە ویستی خۆت ئەو کارە هەڵبژێریت و ئەنجامی بدەیت، بەڵکو ئەو ژینگەیەی تۆی تیا دەژیت بۆخۆی سەرچاوەی تاوانە ئازیزم.

ئەفسانەکەم دەمەوێت باش لەوە بگەیت هەمیشە تاوان لەو شوێنە بوونی هەیە کە تۆوی ڕق و کینەی تیا چێنراوە،

ئەوە هەڵەی تۆ نییە کە ناچار بیت بە تاوانێک یان کارێکی نامرۆڤانە، دەزانم تۆ بە دووی گوڵێکەوە دەگەڕێت کە بۆن و بەرامەی بە خۆشەویستی ئاو درابێت و چێژی ژیان بە هەناسەکانت بداتەوە، بەڵام دڵنیا بە لەوەی ئەفسانەکەم، هەرگیز گوڵ لەسەر بەردی ڕق و سەرت ناڕوێت .

- من دەزانم ئەنجامدانی تاوان ئاسانە، ئاخر من ترسم لەئەنجامەکەی هەیە، دواتر چی ڕوو دەدات ها، من دڵنیام ئەو کارە بە ژیانی خۆم باجی دەدەمـەوە، من دەمەوێت وەک مـرۆڤ بژیم و چێژی ژیـان بکـەم، ئاخر مـن چی لەهەستەکانم بکەم،چی لەخەونەکانم بکەم ها؟

-تۆ ناژیت ئەفسانە، تۆ زۆر لەمێژە مردوویت و تەنها بە جەستە دەژی، بەڵام خۆت هەستی پێناکەیت، پاشان تۆ چ ترسێکت لەمردن هەیە، کەبۆخۆت بەدرێژایی تەمەنت لەنێو کەشی مەرگدا بژیت ها؟ وەڵامم بەرەوە ئەفسانە، کوا خەونەکانت، کوا هەستە جوانەکانت بۆ ژیان؟ هەموو ئەوانە ئەم پیرە پیاوە لەگەڵ خۆی بردی، لەپیناو بەرژەوەندی چێژو خۆشی خۆی ژیانی تۆی کردە قوربانی.

ئەفسانە بێدەنگە، کە بەخۆی دێتەوە نیگاکانی لەنێو تاریکی ژوورەکەیدا ڕۆچووە، لەنێوان دڵەڕاوکێی تاوان و پەژیوان بوونەوەدا قەتیس ماوە، لەو ساتەدا دەنگەکەی ناخی بەتۆنێکی کاریگەرەوە پێی دەڵێت: « کات درەنگە ئەفسانە، چاوەڕێی چیدەکەیت، هەستە هەتا زووە ئەو پیرە مێشک بۆگەنە بکوژە و دەستەکانت بە بەفر بشۆ و بۆ

دواجار خۆت لەو خوێنە خاوێن بکەرەوە کە بەخەون و ژیانت نامۆیە».

ئەفسانە هەستدەکات شەپۆلی وەزەیەک هەموو ناخی دەگرێتەوە و گوڕێک بەجەستە گران و داهێزراوەکەی دەدات، لەسەر پێخەفەکەی بڵند دەبێت و بەرەو ڕووی دەرگای ژوورەکە دەچێت و بەهێمنی دەرگاکە دەکاتەوە، کاتێک هەنگاوەکانی جەستە قورس و لەرزۆکەکەی بەرەو ناوەڕاستی داڵانەکە کێش دەکات، دەنگی وەڕینی سەگ ئاوەدانییەک بەبێدەنگی ماڵەکەئەدات و ترسێک هەموو جەستەی ئەفسانە دەهێنێتە لەرزین، سەرەتا دەچێتە بەردەم جامخانەکە، کەمێک بەوردی لەئاسەواری شوێن پێکانی سەر بەفرەکە ورد دەبێتەوە، بیرێک جۆش و خرۆشێکی ئارامبەخش بەهەموو جەستەی دەبەخشێت، بیر لەوە دەکاتەوە ئاسەواری ئەو شوێن پێیانەی لەسەر بەفرەکەیە، بیکاتە بەڵگەی بکوژێکی نادیاری دەرویش و خۆی لێ بێتاوان بکات، هەر بۆیە بە گوڕێکەوە دەگەڕێتەوە بۆلای دەرگای ژورەکەی دەرویش و لەپشت دەرگاکەوە گوێکانی هەڵدەخات، تا دڵنیا بێت لەوەی دەرویش نوستووەیان نا، ماوەیەک لەچاوەڕوانیدا ئارام دەگرێت، نەکا دەرویش بەئاگا بێت یان بیر لەوە دەکاتەوە لەکاتی ترازانی دەرگای ژورەکەدا ورد و ئارام بێت، تا دەرویش خەبەری نەبێتەوە و پلانی کارەکەی تێک نەچێت.

پێش ئەوەی دەرگای ژوورەکە بترازێنێت شیمانەی ئەوە دەکات، ئەگەر دەرویش بەئاگا بێت و هەست بەهاتنی

بکات، دەبێت چ بیانوویەکی متمانە پێکەری هەبێت بۆ ئەوەی بیری تاوانەکەی لێ بشارێتەوە و گومانی لێنەکات، چەند خولەکێک لەو دۆخەدا ئەفسانە بیر دەکاتەوە، دواجار دەیەوێت بەبیانووی بوونی دەنگێکەوە یان گومانی هاتنی کەسێک ئاگاداری بکاتەوە، دەیەوێت لەئەگەری بەئاگابوونی دەروێش دا ئەوە بکاتە بیانوویەک بۆ سڕینەوەی گومانی ئەو کەسە نەناسەی پێش چەند کاژێرێک هاتبووە حەوشەکەیانەوە، هەتا دورویێش لەوە دڵنیابکاتەوە کە ئەم ئاگاداری هاتنی ئەو کەسە نەناسە نەبووە.

ئەفسانە بەو دەستەی کەیلی تۆڵە وتاوانە لەدەسکی دەرگاکەی گیر دەکات و بەهێمنی دەرگای ژوورەکەی دەروێش کەمێک دەترازێنێت، لەو بۆشاییە کەمەی کە قەرەوێڵەکەی دەروێشی لێوە دیارە سەرێک بەناو ژوورەکەدا دەکێشێت، دەبینێت دەروێش لەسەر گازەرای پشت پاڵکەوتووە و دەمی کردۆتەوە و لەقولاّیی خەودا پرخەی دێت، گومانی ئەوە دەکات دەروێش بەدرۆوە خۆی کردبێت بەنوستوو، بۆ ئەوەی گومان دروست نەکات زۆر ئاسایی خۆی بەژوورەکەدا دەکات و بەهێمنی لەدەروێش نزیک دەبێتەوە و بەئارامی دەست بۆپەتۆکەی دەبات و سنگە توکن و پانەکەی دادەپۆشێت، کاتێک دەبینێت دەروێش هیچ پەرچەکردارێکی نییە، لەناو نیوە تاریکی ژوورەکەدا چاو بۆ کێردەکە دەگێرێت، بەڵام هیچ نابینێت، دواجار سەری

بۆلای سەرینەکەی دەروێش نزیکتر دەکاتەوە و کەمێک لەئەملاو ئەولای سەرینەکەی ورد دەبێتەوە، دواجار نیوەی دەسکی کێردەکە کە تاریکی ڕەنگە سوورەکەی شاردۆتەوە لەلایەکی سەرینەوە دەبینیت، دەیەوێت دەست بۆ کێردەکە بەرێت و بە خێرایی لەژێر سەرینەکەیدا دەری بهێنێت و لەسەر سنگی بچەقێنێت، بەڵام لەو کاتەدا دەروێش بەدەم پرخەیەکەوە کەمێک جەستەی خۆی دەبزوێنێت و پەژیوانی دەکاتەوە، ئەفسانە بەترسێکەوە دەستی بەپەلە دەکێشێتەوە، دوای چەند خولەکێک بەهەستێکی ترس و گومانەوە دووبارە دەست دەباتەوە بۆ دەسکی کێردەکەو بەئەسپایی لەژێر سەرینەکەدا بەهێمنی دەری دەهێنێت.

لەو ساتەدا هەست بەبوونی خۆی ناکات، تەنها ئەوە دەزانێت هێزێک یان کەسێکی نامۆ لەناخیدا دەژی و فەرمان بەسەر هەموو جەستەو ڕەفتارەکانیدا دەکات، بۆخۆشی تەنها وەک بینەری تاوانێک ئامادەیی هەیە، هەربۆیە کارەکان بۆ ئەفسانە زووتر بەدەستەوە دێن، ئەوکاتەی کێردەکە دەکەێتە دەستی هێزێکی لەڕادەبەدەر هەموو ترسەکەی ناخی دەڕەوێنێتەوە و بەهەموو هێزی توند دەسکی کێردەکە دەگوشێت و لەقەرەوێڵەکە نزیکتر دەبێتەوە تا بتوانێت بەسەر جەستە کەتەکەی دەروێشدا زێدەتر زاڵ بێت، هێزێکی نادیار فەرمان بەجەستە و دەستەکانی دەدات، لەو دۆخە چارەنووسسازەدا بیر لەوە دەکاتەوە بۆ نقومبوونی کێردەکە لەو سنگە ئەستوور و گۆشتنە هێز و گوڕێکی

زۆری دەوێت، بۆ ئەوەی دەمی کێردەکە هەتا قوڵایی دڵی دەرویـش بەرێت و بەیەک لێدان دواهەناسە لەدەوریش ببڕێت. هەر بۆیە کێردەکە تا سـەرو سـەری خۆی بڵند دەکات، لەدوا چرکەساتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا ئەفسانە دەکەوێتە نێوان جەنگی خـۆی و دەنگەکەی ناخییەوە، دەنگەکە لەناو ناخیدا بـەردەوام وەک زەنگێک لەمێشکیدا دەزرنگێتەوە دەڵێت: « ئەفسانە کاری خۆت تـەواو بکە، ئەمە دوا هەلی دەربازبوونی تۆیە، مەترسە، ترس مرۆڤ دەکوژێت و لاواز و کۆیلەی ژیانی دەکات، تۆ چەندین ساڵە باجی ئەو ترسەی ناخت دەدەیتەوە». ئەفسانە چاوە پڕ لە ڕق و تۆڵەکانی لەسەر دیمەنی خەوتووی دەرویشە، کە بە ئاستەم هەناسە دەدات، وەک هەموو جارەکانی تر پەژیوانییەک کە خۆی لەهەستی سۆزی مرۆیدا وێنا کردووە، هێز لە دەستەکانی دەبڕێت، دواجار بە گومانێکەوە لەهەوڵی کوشتی دەوریش پەژیوان دەبێتەوە، بلەز کێردەکە لەتەنیشت سەرینەکەیەوە جێدەهێڵێت و بەرەو ژوورەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و بە دەم گریان و ئازاری ناخییەوە دووبـارە ڕۆدەچێتە ئەندێشە دژوارەکـانی جەنگی ناخی خۆیەوە.

# دووەم ڕۆژی بەفرباڕین

# ١

کەشی بەفرەکە ئارام بوو، بایەکی سارد کە لە چیاکانەوە هەڵی کردبوو، ئاوی ئەو بەفرە تواوانەی بەستبوو، کە لە کەناری شەقام و ڕێگارو بانەکانەکانی کۆڵانەکاندا ڕێچکەی بەستبوو. خەڵکی بەو سپێدەیە کە بۆ کاری ڕۆژانە و بژێوی ژیانیان ناچار بوون لەماڵە گەرمەکانی خۆیان بێنە دەرەوە. بەرگی ئەستووریان پۆشیبوو. هەندێکان بەهۆی ساردی ئەو بایەی وەک گوێزان پێستی دەمووچاوی مرۆڤی شەقار دەکرد. سەروگوێلاکی خۆیان پێچابۆوە. خرمە خرمی ئەو بەفرەی بەهۆی ساردی باکەوە ڕەق ببوو، لەگەڵ هەنگاوی هێواش و خۆپارێزی ڕێبوارەکاندا هەستێکی پڕ چێژی بە گوێی مرۆڤدا دەبەخشی. هەندێک لەدراوسێکانی ماڵەکەی

دەروێش بەو کەشە ساردە سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی ئەو بەفرە بوون، کە ڕێڕەوی هاموشۆی بەردەرگای ماڵەکانیانی گرتبوو. لەو کۆڵانەدا تەنها بەر دەرگای ماڵەکەی دەروێش نەبێت، جگە لەئاسەواری شوێن پێیەکی نەناس کەسێکی دی لەو ماڵەدا نەهاتبوونە دەرەوە.

ئەفسانە لەژوورەکەی پێشەوە سەرقاڵی تێکردنی چاییە، دەروێش لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دانیشتووە، پەتۆیەکی تەنکی بەسەر شانە پان و ئێسکدارەکەیدا داوە، تاو ناتاوێک لەژێر چاویلکەکەیەوە بەنیگایەکی پڕ لە شەڕەنگێزییەوە لەڕەفتارەکانی ئەفسانە دەڕوانێت و لەئەندێشە ئاڵۆزو پڕگومانەکانی خۆیدا ڕۆچووە، بیر لەوە دەکاتەوە ئەفسانە شەیتانێک بێت لەبەرگی مرۆڤێکی ساویلکە و بێدەنگدا، لەژێر ئەو چاوە غەمگین و مەنگانەیەوە پلانێک هەبێت، پلانێکی مەترسیدار و تۆقێنەر یان ئەوەتا بەم تەمەنەی پیرییەوە بۆ هەتا هەتایە ئابڕووی دەبات و تۆڵەی هەموو ئەو ڕەفتارە توندوتیژانەی لێدەکاتەوە، کە بەدرێژایی تەمەنی بەرامبەری نواندوویەتی یان دەبێت پلانێکی دی هەبێت، پێدەچێت ئەفسانە بیر لەوە بکاتەوە شەوێک لەقوڵایی خەودا ئامبازی بێت و دەستەکانی لەگەردنی بنێت و تا ئەو کاتەی هەناسەی لێدەبڕێت لەکۆڵی نەبێتەوە، دەروێش بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر ئەفسانە ئەو کارە ئەنجام بدات دەبێت چۆن بتوانێت بە جەستەیەکی نەخۆش و لاوازەوە بەرگری لەخۆی بکات، بەتایبەت لەم ماڵە چۆڵ و کپەدا. ئەگەر مرۆڤ بەهەموو هێزی هاواری تێدا

بکات کەس دەنگی نابیستێت و کەس بەهانایەوە نایەت. ئەگەر ئەفسانە ئەو کارە بکات دەبێت دەرویش چۆن بتوانێت خۆی لەژێریدا قوتار بکات یان دەبێت بەرگری دەرویش بۆئەو ڕەفتارە دڕندانەی ئەفسانە چۆن بێت.

هەر لەو ساتەدا، لەنێو قوڵایی خۆیدا بیرێکی مەترسیدار هەست و ناخی پڕ کردووە، کوڕی دراوسێکەیان وەک مۆتەکەیەکی مەرگ خۆی خزاندە بیرە ئاڵۆزەکانییەوە، گومانی ئەوەی دەکرد ئەفسانە بەتەنێ بتوانێت ئەو کارە بکات، دووبارە وەک ئەوەی بە ویستی خۆی سیناریۆی کوشتنی خۆی دابڕێژێت کەوتە ئەندێشەی ئەو بیرە سامناکەوە، کە پێدەچێت شەوێک ئەفسانە لەگەڵ ئەو کوڕە خوێڕییە پێکەوە پلانێک بۆ کوشتنی دابڕێژن، یان ئەوەتا زۆر دەمێکە دایان ڕشتووەوە چاوەڕوانی دۆخێکی لەبار دەکەن تا بەسەر کەوتوویی و بێدەنگی کارەکەیان ئەنجام بدەن و کەس هەستیان پێنەکات، بەتایبەت شوێن پێی کەسە نەناسراوە کە ئەوەندەی تر ئەو گومانەی لەناخیدا پشتڕاستکردەوە، وای بۆ دەچوو ئەوشەوە مەبەستیان ئەنجامدانی ئەو کارە بووبێت، بەڵام بەهۆی هەستکردنی بەدەنگی ترازانی کیلۆنی دەرگای جامخانەکە و هاواری خۆی کە بانگی ئەفسانەی کردووە، پلانەکەیان پوچەڵ بۆتەوە و دوایانخستووە بۆ کاتێکی گونجاوتر.

بەهۆی ئەو بۆچوونەوە، ترسێک هەموو جەستەی دەرویش دەهێنێتە لەرزین، لەبەر خۆیەوە بە بێ ویستی

خۆی دەنگێک لەدەمیەوە دەردەچێت» ئەوەتا دۆزیمەوە .. هەر ئەوەیە» ئەفسانە گوێی لەو قسەیە دەبێت کە دەروێش لەبێئاگایدا لەگەڵ خۆی دەدوا، بە دەنگێکی گرزۆڵەوە، کە شەرمێکی تیا بەدی دەکرێت دەڵێت: «چیت دۆزییەوە پیاوەکە» دەروێش بەو پرسیارەی ئەفسانە بەخۆی دێتەوە و بە نیگایەکی پڕ لەشڵەژانەوە دەڵێت: «هیچ» ئەو وەڵامە بۆ ئەفسانە دەبێتە دڵنیاییەک لەمەڕ گومانەکانی لەوەی دەروێش نیازی کارێکی هەبێت، هەربۆیە بەدەستێکی لەرزۆکەوە پیاڵە چاییەیەک دەخاتە سەر تەپڵەکە تەختەکەی بەردەمی، دەروێش بەدەم تێکدانی چاییەکەوە دەیەوێت ئەو گومانەی سیمای ئەفسانەی داگیر کردووە بڕەوێنێتەوە، تا هەست بەو پلانە نەکات کە وەک ئەوەی لەنێو قۆزاخەی شەیتانۆچکەدا بەنهێنی حەشاری دابێت، نایەوێت سەری بێنێتە دەرەوە و هەست بەبوونی بکرێت. هەربۆیە نایەوێت لەو ساتەدا بیری لێبکاتەوە، بەو هۆیەوە بە ئەفسانە دەڵێت: « باش گوێبگرە ژنەکە، ئەوەی ئەمشەو ڕوویدا لەبیرم نەچۆتەوە، دڵنیام شتێک هەیە کە من ئاگاداری نیم، بەڵام ئا بەو خودایەی ڕۆحی هەمووومانی بەدەستە و هەر بۆ خۆیشی هەمووانی خولقاندووە، شتێک ببینم جێگەی گومان بێت، بەدەستەکانی خۆم سەرت لەلاشەت جودا دەکەمەوە بەتایبەت ئەگەر بێت و بەدزییەوە سەیری ئەو هەتیوە خوێڕییە بکەیت و چاوبازی لەگەڵدا بکەیت».

ئەفسانە بەو قسانە تەواو نیگەران دەبێت، هەستدەکات خەریکە هەموو خوێنی جەستەی لە کەللەسەریدا کۆدەبێتەوە، بیر لەوە دەکاتەوە لەو ساتەدا دەستبەرێت بۆ کێردەکەی لای سەرینەکەیەوە و هەموو جەستەی پارچەپارچە بکات، بەڵام ئەفسانە بەو نیگا پڕ ئازارەوە وەڵامی دەداتەوە کە کەیلی تۆڵەیەکی پڕ لەقینە» تۆ چۆن دەتوانیت لەناخە بۆ گەنەکەی خۆتەوە تاوانبارم کەیت بە ئابڕووبەر، هەرگیز ڕێگەت پێنادەم بەبێ بوونی هیچ شتێک و بەڵگەیەک تاوانبارم بکەیت و ئابروم بەریت، لەوەتەی ئەو ماڵە بوون بەدراوسێمان تا ئێستاشی لەسەر بێت، نەسەیرم کردوون و نەدەزانم چین و کێن، تەنانەت نازانم چەند کەسن و ناویان چییە؟ پاشان هەتیوێکی خوێڕی چاوباز با بۆخۆی هەر سەیر بکات، من تاوانم چییە، ئەو بەردەوام چاوی لەسەرمانە. خۆمن بانگم نەکردووە و هیچ وەڵامێکم نەداوەتەوە، ئەگەر خۆت بەپیاو دەزانێت ئەوەندە لەئابڕووی خۆت دەترسیت، ئێستا بڕۆ سەرماڵیان و پێی بڵێ ... بۆ ناچیت؟ بڕۆ پێی بڵێ بۆچی سەیری شەرەفم دەکەیت؟ بۆچی بەردەوام وەک قەلەڕەش لەسەر نەردەوانەکانەوە هەڵتروشکاویت و لەناو ماڵ و شەرەفی من دەڕوانیت؟ دەبڕۆ ... ئەوە کاری تۆیە شەرەفی خۆت بپارێزیت، من دەمێکە خۆم پاراستووە، تۆ خەمی منت نەبێت».

دەرویێش بەو قاسانە هەست بەکەمی خۆی دەکات، کە ناتوانێت وەڵامێکی وای بداتەوە کە شایستەی ڕەفتارەکانی

ئەفسانە بێت، بە سەر ڕاوەشاندنێکەوە کە بە ئاماژەی هەڕەشە دەچێت، دەڵێت: « بێ خەم بە ژنەکە .. هیچ خەمت نەبێت، ئەوەش دەکەم، پەلەت نەبێت» دەنگی لێدانی دەرگاکەی حەوشە دەروێش بێدەنگ دەکات، ئەفسانە لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و لە پەنجەرەکەوە لە دەرگاکەی دەرەوە دەڕوانێت و بە نیگایەکی گەشەوە دەڵێت: « ئۆخەی، ئەوە موحەمەدە» بەگورجی تاو دەداتە ئەو چارۆکە ڕەنگ قاوەییەی نزیک دەرگاکە، کە بە بزمارێکەوە هەڵواسراوە لەخۆیەوە دەئاڵێنێت و دەچێت بۆ دەرەوە، کاتێک دەرگاکە دەکاتەوە، دەروێش لەپەنجەرەکەوە لەدیمەنی ئەفسانە دەڕوانێت کە (موحەمەد) بەتوندی لەئامێز دەگرێت، ئەفسانە بە تاسەوە لەڕوخسارە لاواز و ئێسک باریکەی (موحەمەد) دەڕوانێت، کەچەند تاڵە موویەکی تەنک ڕوومەتە قوپاوەکانی تاریکتر کردووە، بەدەم ورتە ورتەوە کە دەروێش لێیان تێناگات بەرەو ژوورەوە دێن، دەروێش بەبینینی کوڕەکەی دڵخۆش دیارە کاتێک موحەمەد لەدوای ماچکردنی باوکی لەنزیکی دادەنیشێت، چەند خولەکێک خامۆشییەکی نامۆ ماڵەکە داگیر دەکات. موحەمەد نیگا تەزیوەکەی لەسەر باوکی دەنێت و بەنیگایەکی پڕلە گومانەوە دەڵێت: « ئەوە چییە باوکە بۆچی بێدەنگیت؟ خۆ نەخۆش نیت، ئێستا چۆنیت؟» ئەفسانە بەنیگایەکی پڕ لە پرسیارەوە لەو دیمەنەی دەروێش دەڕوانێت، کە نائارامی و بێزاری پێوە دیارە. دەروێش بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵەوە، کە

وێنای ئازاری ناخی دەکات دەڵێت: «نا کوڕم، نەخۆش نیم، بەڵام ئەمشەو وابزانم کەسێک هەوڵی ئەوەی داوە دەرگای جامخانەکە بترازێنێت و بێتە ژوورەوە» موحەمەد لەشوێنی خۆی ڕائەچەنێت و بە نیگایەکی پڕ لەپرسیارەوە دەڵێت: «بەڕاست .... بۆچی .. خۆ هیچ ڕووینەداوە؟» ئاوڕێک بۆ دایکی دەداتەوە و دووبارە دەست بە قسە دەکاتەوە « ئێوە بینیتان کێیە، ها نەتانناسی؟» ئەفسانە لێوە ئەستورەکانی دەبزوێنێت و دەیەوێت وەڵامی بداتەوە، بەڵام دەروێش ڕێگەی پێنادات دەڵێت: « بەخوا کوڕم پێدەچێت کەسێکی خراپەکار بێت، ئێمە نەمانبینی. باشبوو بەدەنگی کێلونی دەرگاکە بەخەبەر هاتم و هاوارم بۆ دایکت کرد. ئەگەر ئەوەم نەکردبا دڵنیا بووم خۆی بەژوورەوەدا دەکرد و کاری خۆی تەواو دەکرد. کە لەشوێنی خۆم ڕابووم کەسم نەبینی تەنها شوێن پێکانی لەسەر بەفری حەوشەکە تا ئێستاش ماوە. لەدوێنێوە هەتا ئەم بەیانییە،جگە لەتۆ هیچ کەسێک لەئێمە نەچۆتە حەوشەکەوە» موحەمەد بەنیگایەکی پڕ لەپرسیارەوە لەباوکی دەڕوانێت، بەڵام ئەفسانە بەپەیڤێک نیگاکانی موحەمەد بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و دەڵێت: « بەخوا کوڕم کەس نازانێت کێ بووە و کاری بەماڵی ئێمە چییە؟ خۆ ئێمە تێکەڵی کەس نابین، بەم نیوەشەوە جگە لە دز و پیاو خراپ دەبێت کێ بێت» موحەمەد بەخەندەیەکی گاڵتە ئامێزەوە وەڵامی ئەفسانە دەداتەوە و دەڵێت: «جا مەگەر ئێوە چیتان هەیە، ها دایکە، زۆر سەیرە، باشە

باوکە چەند جار من پێم وتی: با موبایلێکتان بۆ بکڕم، بەڵام تۆ هەر ڕازی نەبوویت. ئاخر بۆکاتێکی ئاواپێویست بوو ئاگادارت بکردمایەتەوە بەو نیوە شەوە خۆم دەهاتم.» دەروێش بەخەندەیەکەوە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: « کوڕی خۆم، من تاقەتی ئەو موبایل و شتانەم نییە، پاشان تۆ بیر بکەرەوە، ئاخر دز و پیاو خراپ هەرگیز ژیانی خۆی بۆکارێک ناخاتە مەترسییەوە کە دڵنیا بێت شتێکی چەوری دەست ناکەوێت». لەو کاتەدا ئەفسانە بە نیگایەکی هەڕەشە ئامێزەوە لەدەروێش دەڕوانێت، وەک ئەوەی ئەو قسانەی دەروێش بەسووکایەتی بۆخۆی بزانێت. دەروێش بەمەبەست باسەکە دەگۆڕێت و بە موحەمەد دەڵێت: «کوڕم تۆ واز لەوە بێنە، باوکت ئەوەندە بێدەسەڵات و بێ دەست نییە، ئێستاش هێزی ئەوەم تیاماوە لەبەرامبەر دوو پیاودا بجەنگم. تۆ باسی خۆتم بۆ بکە، خێزانەکەت چۆنە» موحەمەد بەو پرسیارە ئاوەدانی بۆ نیگا شێواوەکەی دەگەڕێتەوە و بە هەستێکی پڕ لە شادمانییەوە دەڵێت: « ئێمە باشین باوکە گیان» ڕوو لە دایکی دەکات و دەڵێت: «دایکە خێزانەکەم زۆر ڕێزو سڵاوی بۆت هەبوو.» ئەفسانە هێشتا گرژی دەرونی نیگاکانی داگیر کردووە و ئاسەواری نەڕەویوەتەوە هەر بەو نیگایەوە ڕوو لە موحەمەد دەکات و دەڵێت: «ئەی بۆچی سبەی ئێوارە بۆنان خواردن سەردانمان ناکەن؟ بەتەمای ئەوەم شۆربایەکی ترخێنەی خۆش ئامادەبکەم.» لەو کاتەدا دەروێش قسەکانی ئەفسانە وەردەگرێتەوە

دەڵێت « کوڕم دایکت ڕاستدەکات، بۆسبەی ئێوارە وەرن بۆئێرە، با پێکەوە نانێک بخۆین و دانیشین و باسی گۆشتی خێرەکەش بکەین، ئەها ئەوە بیرم کەوتەوە» لەو کاتەدا دەستی بۆ ژێر سەرینەکەی دەبات و بەدوای کێردەکەدا دەگەڕێت، پاش ماوەیەک گەڕان بەدوایدا بەدەم قسەوە لەژێر سەرینەکە دەریدێنێت و ڕادەستی موحەمەدی دەکات و دەڵێت «خۆ ئەم بابەتی دز و پیاو خراپە هەمووشتێکی لەبیر بردمەوە، ئەوە کێردەکەم بۆ تیژ کردوویتەوە با لەلات بێت». دەرویێش کێردەکەی بەدەستە لەرزۆکەکەوە بۆ موحەمەدی ڕاگرتووە تا ڕادەستی بکات، موحەمەد بەئەسپایی کێردەکەی لەدەست وەردەگرێت و کەمێک لەنێو دەستەکانیدا ئەمدیوو ئەو دیوی پێدەکات و پەنچە ئەستورەکەی لە دەمە تیژەکەی دەخشێنێت تا دڵنیابێتەوە لەتیژی کێردەکە،پاشان بەهێمنی لەتەنیشت خۆیەوە لەسەر دۆشەکەکە دای دەنێت .

ئەفسانە پیاڵە چاییەک لەبەردەم موحەمەد دادەنێت و ڕوو لە دەوریێش دەکات و دەست بۆ نزیکی مێزەکەی درێژ دەکات و دەڵێت: «پیاوەکە چاییەکەت ساردبۆتەوە بێنە با چاییەکی گەرمت بۆ تێبکەمەوە». دەرویێش سەیرێکی پیاڵەکەی بەردەمی دەکات کە هێشتا قومی لێنەداوە وەک ئەوەی شتێک بەمێشکیدا هاتبێت، لەپیاڵەکە چاییەکەی بەردەمی خۆی دەڕوانێت و دواتر دەڵێت: «لێگەڕێ ژنەکە ناخۆم، دەڵێم درەنگە بۆ تۆ ئەگەر بەنیازی بازاڕیت ئێستا

برۆ، نە وەک دیسانەوە بەفر بباریتەوە» ئەفسانە کەمێک بەنیگایەکی پڕ لە گومانەوە لەچاوە پڕ لەپرسیارەکانی دەروێش دەڕوانێت و پێی دەڵێت «پیاوەکە با تۆزێک لەگەڵ موحەمەد دانیشم، لەوەتەی ژنی گواستۆتەوە، یاخوا پیرۆزی بێت و پیر و خەڕۆ بن هێشتا نەمبینیوە». دەروێش بە نیگایەک، کە فەرمانی تیا دەبینرێت بەرسیڤی ئەفسانە دەداتەوە و دەڵێت: « ژنەکە پەلەی ئەوەت نەبێت، سبەی شەو بەخۆی و خێزانەکەیەوە دێن، لەوانەیە ئەگەر ئارەزوو بکەن دەتوانن بۆ شەویش بمێننەوە ئەو کات بەدڵی خۆتان دانیشن و قسە بکەن. شەوی زستان ئەوەندە درێژە بەهیچ نابڕێتەوە». ڕوو لە موحەمەدی کوڕی دەکات، وەک ئەوەی بیەوێت ڕەزامەندی ئەویش وەربگرێت، موحەمەد بەنیگایەکی گەشەوە وەڵامی دایکی دەداتەوە دەڵێت: «خوا گەورەیە دایەگیان، دڵنیابە هەر کەشەکە ئارام بێت، سەردانتان دەکەین، بەڵام بۆمانەوە جارێ بڕیار نادەم.» ئەفسانە بە نیگایەکی گرژ و دەروونێکی نائارامەوە کە بێزاری لێدەچۆڕێ، لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و دەچێتە ژوورەکەی دواوە و چاکەتێکی خوری ئەستوری ڕەنگ قاوەیی لەبەر دەکات و عاباکەی ئامادە دەکات بۆچوونە دەرەوە. دەروێش بانگی موحەمەد دەکات بچێتە لایەوە و لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشێت لەو کاتەدا ئەفسانە عاباکەی بەسەر باسکی چەپیدا شۆڕکردۆتەوە دێتە نزیکی موحەمەدەوە ماچێکی کوڵمە ڕەقەکانی دەکات و عاباکە بەسەریدا دەدات دەچێتە دەرەوە .

## ٢

کزە بایەکی سارد جەستەی مرۆڤ دەتەزێنێت و لەپەل وپۆی دەخات و لاوازی دەکات، زۆر جار بەنێو هەموو جەستەدا ڕۆدەچێت و خوێن و دڵی مرۆڤدا دەبەستێت، بەشێوەیەک کە تەناتەت ئاگریش ناتوانێت گەرمی بکاتەوە و گوڕێک بەژیان و ئارەزووەکانی بداتەوە. ئەوەی تەنها گەرمکەرەوەی دڵەکانە، هەستی خۆشەویستییە. کەوەک ئاگرێکی ئەفسوناوی لەناو خوێن و دڵ و هەستی مرۆڤەکاندا دەبزوێت و چێژ بەژیانیان دەدات و مرۆڤ لەبەستەڵەکی نائومێدی و بێزاری ژیان دەرباز دەکات.

ئەفسانە لەناو دڵ و ڕەفتاری هەندێک لەمرۆڤەکاندا هەستی بەو ئاگرە دەکرد، کە بەگوڕێکەوە لەناو ئەو

سەرماو بەستەڵەکەدا دەهاتن و دەچوون، بەبێئەوەی هەست بەساردی ئەو کزە بایە بکەن، کە دەمو دەست و پێکانیانی تەزاندبوون. ئەوەی بوونی نەبوو لەنێو دڵ و هەستی ئەفسانەدا تەنها ئەو خۆشەویستییە بوو، کە پێدەچوو هەر منداڵییەوە هەستی بەبوونی نەکردبێت، یان دڵنیا بوو لەهەموو تەمەنیدا ئەزموونی نەکردبوو. هەر بۆیە لەنێو ساردی کەشی ئەو شارەدا هەستی بە تەنهایی خۆی دەکرد، تەنهایەک وەکئەوەی لەکاروانی ڕەوەندێک یان مرۆڤ گەلێک جێمابێت و کەس بەدویدا نەگەڕێتەوە. ئەو دڵنیابوو لەوەی، تەمەنی جوانی وەک ئەو بایەی بەلای هەموو جەستە نەرم پڕ لە ئارەزووەکانیدا تپەڕدەبوو، ئاواماڵئاوایی لەژیان کردووە و ئەستەمە بۆ ساتێکیش بێت ئەو هەستە و خۆشەویستییەی کە خەونی پێوە دەبینی لەساتەوەختێتێکدا لەئامێزی بگرێت و ناخی گەرم بکاتەوە. هەربۆیە بەدڵێکی مات و تەنگەوە، دڵێک کە لەبەردەم هەموو ئەو ئازارانەی ژیانی وەک ژەهر تاڵکردووە بەرگە دەگرێت. وەک ئەوەی بیەوێت پێشوەختە بەئازاری دۆزەخی ئاشنا بکات، بەڵام لەپای چی؟ دەبێت ئەفسانە چ تاوانێک، یان کارێکی ناپەسەند و نامرۆڤانەی ئەنجام دابێت؟ ئاوا بەو ئازارەوە بتلێتەوە تا باجی کارە قێزەونەکانی خۆی بداتەوە.

ئەو هەستی دەکرد وەک کۆترێک کەوتۆتە دەست ڕاوچییەکی دڵڕەقەوە و بەردەوام پەڕ و باڵەکانی لێدەکاتەوە. بۆ ئەوەی نەتوانێت بە ویستی خۆی لە ئاسمانی

خۆشەویستیدا بفڕێت و چێژی ژیان بکات. ئەو نەفرەت لەبوونی خۆی دەکات. نەفرەت لە ژن بوونی. نەفرەت لەهەموو یاساکانی ژیان و نەریت و بیرە بۆگەنەکانی ئەو سەردەمەی کە ژیانی بەم ئاقارەدا بردووە. بیری لەهەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە مرۆڤ دروستی کردوون، وەک جەنگەکان، بەندیخانەکان، تەنانەت هەموو ئەو چەک و تەقەمەنیانەی، کە خاوەنەکانیان لەسەری خەڵات کراون. هەموو شتێک، تەنانەت ئەو کەسانەی کە قەفەز بۆ باڵندەکان دروست دەکەن و بۆ سەرچاوەی بژێوی خۆیان دەیفرۆشن، بیری لەهەموو ئەوشتانە دەکردەوە کە ببوونە سەرچاوەی ئازارو کۆت و بەندکردنی مرۆڤایەتی تەنانەت بۆ هەموو ئاژەڵ و باڵندەکانیش هەر ئاوا بیری دەکردوە.

بیری لەشتگەلێک دەکردەوە کە بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆچی ئەوەندە لێیان جاڕس بووە و بە توندی ڕەتیان دەکاتەوە. کاتێک لەناو ئەو بیرە دژوارانەدا بوو، کلووە بەفرێکی درشت وەک ئەوەی لەئاسمانەوە بەتەنێ و بە مەبەست بۆ ئەو هاتبێتە خوارەوە، کەوتە سەر دەستی، هەموو ئەندێشەی لەئەفسونی کلووە بەفرەکەدا ڕۆچوو، بیری لەوە دەکردەوە و کە جوانی سروشت لەوە دایە لەگەڵ هەموو کارە دژوارەکانی مرۆڤدا بەردەوام خۆی خاوێن و نوێ دەکاتەوە،» دەبێت ئەو کلووە بەفرە سەرەتا لە چ کانیاوێک و ڕووبار و دەریا و کانییەک بوبێت و دواجار کە چۆتە نێو جەستەی مرۆڤەوە و لە هەموو

شوێنەپیسەکانی مرۆڤەوە، لەهەناسە و پاشەڕۆ و ئارەقەی شەرمەزاری و تاواندا خۆی قوتار کردووە، دواجار بەرە و ئاسمان هەڵکشا بێت و دووبارە خۆی خاوێن کردبێتەوە و گەڕابێتەوە بۆ سروشتی خۆی» ئەفسانە لەنێو ئەندێشەی خۆیدا ئاوا بیری لە ژیان دەکردەوە بەدڵێکی تەنگ و بێزارەوە، کە سەرما هەموو جەستە و دڵی تەزاندبوو، کاتێک لەدیمەنی هەموو ئەو باڵەخانە بەرز و جوانانە و ئوتۆمبێلە گرانبەها نوێیانەی دەڕوانی، لەدڵی خۆیدا دەیگوت:» مرۆڤ چەند بوونەوەرێکی ستەمکارە بەرامبەر بەخۆی، تۆ بڕوانە بەردەوام لەهەوڵی نوێکردنەوە و گۆڕینی هەموو ئەو شتانەیە، کە تەنها خۆشییەکی کاتی بەژیانی دەبەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز بیر لەگۆڕینی ناخ و بیرو هەستی خۆی ناکاتەوە و خۆی لە هەستی تاوان و ڕق و کینە و درۆ خاوێن ناکاتەوە، تەنانەت ناتوانێت بۆ تەنها جارێکیش بێت بە وێنەی ئەو کلووە بەفرە خۆی لەهەموو خەوش و ڤیزەونییەکانی ناخی خاوێن بکاتەوە، ئاخر ڕق و کینە بە وێنەی دڕەندەیەکی بێبەزەیی دەچێت، کاتێک گەورە دەبێت، یان خۆت دەکوژێت، یان کەسێکی دی جا ئەو تاوانە بەقسە بێت، یان بە فیشەک و چەقۆ هیچ جیاوازییەکی نییە، ئەگەر هەموو مرۆڤەکان لای خۆیانەوە ناخی خۆیان لە ڕق و کینە خاوێن بکەنەوە، دڵنیام خۆشەویستی بۆخۆی دەدوێت و جوانی و چێژ بەژیانی مرۆڤایەتی دەبەخشێت».

ئەفسانە بەدەم هەموو ئەو بیرکردنەوانەوە بەهێمنی هەنگاوی دەنا، هەتا خۆی لەناو بازاڕی سەوزە فرۆشەکاندا بینییەوە، بەهەستێکی وێران و پەرش و بڵاوەوە چاوە مەنگەکانی بە ناو بازاڕەکەدا گێڕا، وەک ئەوەی لەبیری چووبێتەوە بۆچی هاتۆتە ئەو بازاڕەوە، کەمێک لەدیمەنی هەموو ئەو کەرەستانەی ڕوانی کە فرۆشیارەکان لەسەر مێزێکی ئاسن نمایشیان کردبوو، بەهێمنی کە پێکانی لەسەرمادا تەزیبوو، بە ئاستەم خۆی گەیاندە یەکێک لەدوکاندارەکان و کیلۆیەک چەوەنەری سپی و دوو کیلۆ سێوی سپی و پرتەقاڵی کڕی و پاشان بە ئەندێشەیەکی پەرتبووەوە بەنێو بازاڕەکەدا شۆڕ بۆوە، هەتا گەیشتە نزیکی بازاڕی گۆشتفرۆشەکان و لەبەردەم دوکانێکدا وێستەی کرد، کە چەند کەلاکێکی گۆشتی بەرخی لەپێشەوەی دوکانەکەیدا هەڵواسیبوو، گۆشتفرۆشەکە بە کێردە تیژەکەی سەرقاڵی شکاندنی ئێسکی ڕانی بەرخێک بوو، ئەفسانە بەردەوام لەڕەفتارەکانی کابرای گۆشتفرۆشی دەڕوانی، وەک ئەوەی بیەوێت ئەو ڕەفتارە ئەزموون بکات، لەچۆنییەتی وەشاندنی کێردەکە و لەتبوونی ئەو ئێسکە سەرتەی کە لەبەردەم تیژی کێردەکەی دەستی گۆشتفرۆشەکەدا خۆی نەدەگرت، لەگەڵ دەنگی سامناکی زەبری کێردەکەدا جەستە تەزیوەکەی ئەفسانەی ڕائەچەنی، دواتر ئەو دیمەنە تراژیدیایە خەندەیەکی تاڵی لەسەر لێوەکانی ئەفسانەدا دروستکرد و هەموو هەست و نیگاکانی

لەسەر مۆخی ناو ئێسکە لەتبووەکەدا لەنگەریان گرت، لەو کاتەدا ئەفسانە ئەوپرسیارەی لەخۆی کرد» تۆ بڵێی ئێسکی هەموو مرۆڤەکان هاوشێوەی ئێسکی ئاژەڵەکانیش ئاوا ناسک و سپی بن و بەپیاکێشانێک لەت و پەت ببن «.

ئەفسانە لای گۆشفرۆشەکە چەند خولەکێکی پێچوو، تەنها کیلۆیەک گۆشتی کڕی و بەدەم بیرکردنەوە لەشکانی ئێسکەکە، کە هەموو ئاوەزی تەنیبوو بەرەو لای بازاڕێکی فراوان ڕۆیشت، لەو ساتەدا هەستیکرد، دەنگی ڕیتمی هەنگاوێک کە لە هەموو ئەو شوێنانەی بازاڕەکەدا پێیدا گوزەری کردبوو دووبارە بەر گوێکانی کەوتەوە، گومانی ئەوەی هەبوو کەسێک بە دووی کەوتووە و شوێن پێی هەنگاوەکانی هەڵدەگرێت، بەگومانەوە پرسیاری ئەوەی لەخۆی دەکرد» دەبێت کێ بێت ئارەزووی ئەوە دەکات چاودێریم بکات و بزانێت بۆ کوێ دەچم و دەیەوێت چی بکات؟» سەرەتا گومانی ئەوەی کرد پیاوەکەی بێت، دواجار هەر زوو لەو بۆچوونەی پەژیوان بوویەوە بەخۆی وت: « ئاخر پیاوەکەم کەی توانا و هێزی ئەوەی ماوە بەم بەفر و سەرمایە هەنگاو بنێت و بە گۆچانێکەوە بە دووم کەوێت» ئەوەی زیارتر ئەندێشەی گومانەکانی داگیر کرد موحەمەدی کوڕی بوو، هەر بۆیە کەوتە گێژەنی پرسیارەوە لەخۆی « بۆچی دەبێت موحەمەد بێت و ئارەزووی چاو دێری کردنمی هەبێت، تۆبڵێی دەرویش بە هۆی گومانەکانییەوە داوای لێنەکردبێت و هانی نەدابێت

چاودێریم بکات؟» کەمێک هەنگاوەکانی هێواش کردەوە و لەبەردەم دووکانێکی داو دەرمان و زەردەچەوە فرۆشدا وەستا، ویستی ئاوڕ بۆ دوای خۆی بداتەوە کە لەگەڵ وەستانیدا دەنگی پێکان هاوئاهەنگ بوو، بەڵام ئەوەی بەشیاو نەزانی ژنێک بەهۆی ئەو ڕەفتارەیەوە گومان لەسەر خۆی دروست بکات، بەو ڕەفتارە زیدەتر دڵنیا بوو کەسێک بەشوێنی کەوتووە، ئەگەرنا لەو بازاڕە سارد و چۆڵەدا بۆچی دەبێت تەنها دەنگی پێڵاوێک هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ هەنگاوەکانیدا و لەگەڵ وەستان و ڕۆشتنیدا بە هەمان ڕیتم بەدوویەوە بێت. هەر بۆیە لەبەردەم دوکانی زەردەچەوە فرۆشەکەدا وەستا و کەمێک دەرمانی کڕی و دواتر خۆی لەو کەسە نەبان کرد کە بە دووی کەوتبوو، بە هێمنی کە گوێکانی بۆ دەنگی هەنگاوەکانی کەسەکە هەڵخستبوو، چۆن شوێن پێی ئەو بەفرە ڕەقەی هەڵدەکردتەوە کە ئەفسانە بەمەبەست پێیدا تێدەپەڕی، دڵنیا بوو لەوەی کەسەکە زۆر لێوەی نزیک بۆتەوە. چەند جارێک بیری لەوە کردەوە لەناکاوێکدا ئاوڕێک بداتەوە و سیمای کەسەکە ببینێت تا دڵنیا بێت لەوەی ئاخۆ موحەمەدی کوڕیەتی، یان کەسێکی نەناس و هەوەس بازە و لەدواوە چاوەی لەسەر جەستە و کەفەڵە بەرزەکەی ناوە، بەڵام کاتێک دیمەنی ئەو جامخانە شوشانەی زێرینگەرەکانی بینی، ئەوەی بەدەرفەت قۆستەوە بەبیانووی ئەوەی ئارەزووی بینینی زێڕ دەکات، لەبەردەم دووکانێکدا وەستا، کە شوشەی جامخانەکەی

بەچەندین پارچە زێڕی جوان و نایاب ڕازاندبۆوە، کاتێک ئەفسانە لەشوشەی جامخانەکەوە لەدیمەنی دواوەی خۆی ڕوانی، ئەو کوڕەی دراوسێیانی ناسییەوە کە ببووە هۆی سەرچاوەی گومانەکانی دەروێش، لەو ساتەدا ڕووداوی شوێنپێکانی سەر بەفرەکەی بیرهاتەوە، گومانی نەبوو لەوەی دەروێش بۆچوونەکەی لەمەڕ هاتنی ئەو کوڕەی دراوسێیان دروست بووە، هەربۆیە خورپەی ترسێک بەنێو هەموو جەستە و دڵیدا شەپۆلیدا، ترس لەتۆخبوونەوەی گومانەکان، لەپشتڕاستکردنەوەی کارێک، کە بۆخۆیشی ئاگاداری نییە و نازانێت بەرەو کوێی چارەنووسی دەبات.

لەترسی ئەوەی کوڕەکە بێتە نزیکیەوە و بیدوێنێ و دواتر موحەمەدی کوڕی لەگۆشەیەکی بازاڕەکەوە بەدوایەوە بێت و چاودێری بکات، یان هەرکەسێکی ناسیاو هەست بەبوونی ئەو ڕەفتارەی بکات و بێتە جێگەی گومانێکی ناپاکی و دواجار ببێتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری هەموو ناسیا و دراوسێکانی و بۆ هەتا هەتایە لێی نەبێتەوە. ئەفسانە بە شێوازێک ڕەفتاری دەکرد، وەک ئەوەی ئاگای لەکوڕەکە نییە، بەهەنگاوە لەرزۆکەکانی کە بە ئاستەم بەسەر زەوییە بەستووەکەدا دەنا، بەرەو خواری بازاڕەکە شۆڕ بۆوە هەتا خۆی لەبەر دوکانی عەتارێکدا بینییەوە. پێدەچوو ئەوەی مەبەستی بوو بیکڕێت لەبیری چووبێتەوە، ماوەیەک لەدیمەنی قەرەباڵخی نێو ڕەفەی دووکانەکەی ڕوانی، کە بەچەندین بابەتی عەنتیکەو شوشەی پڕ لەبۆن و داو دەرمانی

جیاجیا، کە هەر خاوەن دووکانەکە نەبێت کەس سەری لێ دەرنەدەکرد. بیری لەوە دەکردەوە دەبێت چ دەرمانێک یان ژەهرێک ئەوەندە بەهێز بێت بتوانێت جرجەکانیماڵەکەی یان تەنانەت ئەوانەشی لەکۆڵان و بن دیوارو کەلێنەکانەوە دەهاتنە ماڵەکەیەوە بەبڕێکی کەم بیکوژێت و ئاسەواریان نەمێنێت. کاتێک ئەوەی لەبیریدا بوو بەخاوەن دوکانەکەی گوت، خاوەن دووکانەکە زووتر لەمەبەستەکەی ئەفسانە تێگەیشت. هەربۆیە بڕێکی زۆر لەمەرگەمووشی لەناو زەرفێکی نایلۆن ناو بەجوانی پێچایەوە تا لێوەی نەیەتە دەرەوە و ڕادەستی ئەفسانەی کرد. پێی وت: «دەبێت زۆر ئاگاداری بەکار هێنانی بیت، بەتایبەت منداڵ دەستی لێوە نەدات. بەکارهێنانی زۆر ئاسانە تەنها کەمێک لەمەرگەمووشەکە وەک خوێ بکە بەسەر پارچە میوەیەکی تەڕو تازەدا و لەو شوێنانە دایبنێ کە گومانی هاتووچۆی جرجەکان دەکەیت، دواتر لێی گەڕێ بۆخۆی کاری خۆی دەکات». ئەفسانە زەرفەکە لەدوکاندارەکە وەردەگرێت و دەیەوێت بەهەمان ڕێڕەوی خۆی کە لێوەی هاتبوو بگەڕێتەوە، بەڵام ترسی ئەوەی هەبوو لەو کاتەدا لوتی بەلوتی ئەو کوڕەدا بتەقێت و ناچاربێت بەوەی لەناوەڕاستی گۆڕەپانی بازاڕەکەدا هەلێک بۆ یەکتربینین دروست بکات و وەک دیمەنی شانۆیەکی سەرشەقام هەموو ئەو ڕێبوارانەی بەوێدا تێپەڕ دەبن لێی بڕوانن. ئەفسانە بە بێ ئەوەی بۆخۆی بیر لەو هەڵوێستە بکاتەوە کەنواندی. نەستیانە وەک ئەوەی دەنگەکەی ناخی

هانی بدات و کۆنترۆڵی هەموو جوڵە و هەستەکانی بکات، خۆی بەو بازاڕە چۆڵ و تەنگەبەرەدا کرد، کە زۆرینەی دووکانەکانی بەهۆی سەرماوە داخرابوو. لەدوای چەند هەنگاوێک خۆی لەنێوان قوڵایی بازاڕەکەدا بینییەوە، کە لەلای ڕاست و چەپیدا دووڕێڕەو بازاڕەکەیان کردبوو بەدوو بەشەوە، لەڕێڕەوی لای ڕاستیدا لە قوژبنی پشتەوە تەنها دوکانێکی بەرگدروو کراوە بوو، لەدوورەوە دەنگی مەکینەی درومانەکەی دەهاتە گوێکانی، هەربۆیە بێ مەبەست وەک ئەوەی کارێکی لەوێدا هەبێت بەرەو دوکانەکە چوو، هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو بەپێی هەنگاوە کورتەکانی خۆی بگاتە دوکانەکە، کوڕەکە هاتە تەنیشتییەوە، بەدەنگێک کە وەک ئاگر هەموو جەستەی ئەفسانەی گەرمکردەوە و سڵاوێکی لێکرد، ئەفسانە لەشوێنی خۆیدا چیتر هێزی ئەوەی نەبوو بەردەوام بێت لەڕۆیشتن، پێکانی وەک ئەوەی لەسەر ئەو کۆنکرێتە سەرتەی ناو بازاڕەکەدا ڕەگی داکوتابێت لەشوێنی خۆی وەستا و ئاوڕێکی بۆلای ڕاستی خۆی دایەوە، دەبێت لەو ساتەدا ئەفسانە چی بکات؟ ئایا وەک هەموو کەسێکی ئاسایی وەڵامی بداتەوە، یان ئەوەتا بەهەموو هێزی بەتووندی بەرسیڤی بداتەوە، لەسەر ئەوەی بەردەوام چاوەکانی لەسەر ماڵەکەیەتی و بووتە هۆی سەرچاوەی کێشە بۆی تا ئەو ئاستەی بۆتە هەڕەشە بۆسەر ژیانی، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئێستا بەدووی کەوتووە و دەیەوێت بەبێ هۆ ئابڕووی بەرێت.

ئەوە بیرکردنەوەکانی ئەفسانە بوو لەو ساتەدا، کاتێک سیمای کوڕەکەی لەنزیکەوە بینی لەچاوە گەشەکانیدا کە لەنێو چاوە مەنگەکانی ئەفسانە ڕامابوو، تەزوویەک تەژی لەخۆشەویستی هەموو جەستەی تەنییەوە، لەبەردەم ئەو چاوانەی کە بەنیگاکانی خۆی دەدوا و پەیامی ئەوینداری پێدەبەخشی، ئەفسانە لاواز و بێ جوولە بوو. بۆخۆیشی نەیدەزانی چۆن و بەچ شێوازێک هەڵوێستە لەبەردەمیدا بکات؟ ماوەیەک ئەفسانە ڕامابوو، بەڵام کوڕەکە ئەفسانەی بەپەیڤێکی هەستبزوێن بەخۆ هێنایەوە و پێی وت: «ئەفسانە بمبوورە کە بەم شێوازە لەناکاوە بەدواتەوە بووم و هاتمە بەردەمت، دەزانم لە چ دۆخێکی دژواردایت و گیرۆدەی دەستی ئەو پیرە پیاوەی کە هەرگیز ڕەوا نییە هاوسەرت بێت، لەوەتەی هاتوینەتە ئەو کۆڵانەوە من بەردەوام چاودێری ڕەفتارەکانت دەکەم و پرسیاری تۆ دەکەم، بەویستی خۆم نییە ئەگەر بڵێم خۆشەویستی تۆ لەناخمدایە و هەموو هەستەکانمی داگیر کردووە ئەوا متمانەم پێبکە» کاتێک کوڕەکە ئەدوا، ئەفسانە چاوەکانی لەسەر سیما پان و گەشەکەی بوو لەگەڵ وتەکانی کوڕەکەدا لەنیگاکانیدا ڕۆچووبوو، دەبێت ئەفسانە چۆن وەڵامی بداتەوە؟ ئایا دەتوانێت لەو دۆخەدا، کە بە باڵندەیەکی ماڵی و دەستەمۆ دەچێت و ناچارە بەوەی هەموو کات بەویستی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ناو قەفەزەکەی خۆی. ئێستا چۆن دەتوانێت بەئازادی لەشەقەی باڵی بدات و بەدووی خواستەکانی

خۆی بکەوێت. هەر بۆیە ئەفسانە قسەکانی بەکوڕەکە بڕی و وتی: « ئەی بۆ نازانیت من مێردم هەیە ها؟» کوڕەکە بەخەندەیەک بەرسیڤی قسەکەی ئەفسانەی دایەوە و وتی: « تۆ هاوسەرەکەی خۆت خوش دەوێت ... ها تکایە پێم بڵێ؟» ئەفسانە بێدەنگ بوو، ئارەزووی ئەوەی نەبوو بە بەڵێ، یان نەخێر وەڵامی بداتەوە، بەڵام کوڕەکە زۆر ژیرانە وەڵامەکەی لەڕەفتارە کانیدا دەخوێندەوە، هەر بۆیە بەردەوامی بە قسەکانیدا و وتی: « نازدارەکەم دەزانم تۆ بەهۆی ئەو کۆت و بەندانەوە ناتوانیت بڕیاری ڕاستەقینەی خۆت بدەیت، ئەو بڕیارەی کە من دڵنیام لەناختدایەو ناچاریت لەویست و حەزەکانی خۆتی بشاریتەوە و سەرکۆنەی بکەیت، لەوەتەی چاوم لەسەرتە، لەڕەفتارەکاندا هەموو شتێک دەخوێنمەوە، تەنانەت بەبێ ئەوەی بێمە ماڵەکەتانەوە هەست بەهەموو ئەو زەبرو زەندانەش دەکەم کە پیرە پیاوەکەت بەرامبەرت دەکات، پیاوێک کە تەنانەت هێزی ئەوەشی نەماوە بەدەستە چرچ و لەرزۆکەکانی کە هیچ هەستێکی خۆشەویستی تیانییە لەئامێزت بگرت و دڵت بلاوێنێتەوە، ئاخر بە ویژدانی کێ ڕەوایە ژنێکی گەنج و جوانی وەک تۆ بکرێتە قوربانی ئەو پیرە پیاوە، نەفرەت لەو ژیانە نابەرامبەری کە هەرگیز لەگەڵ خواستی مرۆڤەکاندا نایەتەوە».

ئەفسانە ناخی ئاگری گرتبوو، بەردەوام ئارەزووی ئەوەی دەکرد گوێکانی بۆ ئەوقسانە ڕادێرێ کە تەژی

بوون لە ئەوین و وێنای تەواوی ژیانی دەکرد و لەگەڵ خەونەکانیدا تەبابوون. زۆرجار بە گومانەوە لەخۆی ڕادەما وەک ئەوەی ئەو دیمەنە تەنها خەونێک بێت و دەنگەکەی ناخی بێت و خۆی لەشێوەی ئەو کوڕەدا وێنا کردبێت. هەربۆیە بەخۆی هاتەوە و چاوێکی بۆلای دەورووبەری خۆی گێڕا، گومانی ئەوەی هەبوو کەسێک لەو شوێنە چەپەک و چۆڵەدا هەستی پێبکات، کە لەگەڵ پیاوێکی نەناسدا وەستاوە، لەو ساتەدا کەوتبووە نێوان دووڕیانێکەوە، بۆخۆیشی نەیدەزانی بەکامیاندا تێپەڕێت. ئایا بەتوندی وەڵامی بداتەوە و ئاگاداری بکاتەوە لەوەی جارێکی دی ئەوەی کە ڕوویدا دووبارەی نەکاتەوە، یان پەیمانی ئەوەی پێبدات لەگەڵیدا بەردەوام بێت و ئاوێتەی خەونەکانی خۆی بکات. بەڵام هەڕەشەکانی دەروێش هەموو بۆچوونەکانی یەکلا کردەوە. بەتۆنێکی پڕ لەهەستی ئەویندارییەوە کە بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆچی بەو شێوازە دەدوێت وتی: « تکا دەکەم لەئێستادا ژیانم لەوە سەختترمەکە. چیتر واز لەو ڕەفتارانەت بهێنە کەبەردەوام چاوت لەسەرم ناوە. دڵنیام هەر تۆ بووی دوێنێ شەو هاتبوویتە حەوشەکەمانەوە، ئەو ڕەفتارەت وایکرد پیاوەکەم خەریکبوو بەچەقۆ سەرم لەجەستەم جودا بکاتەوە. چونکە گومانی ئەوەی هەبوو من لەو کارە ئاگادارم. هەتا پیاوەکەم لەژیاندا بێت من ئازاد نیم لەگەڵ هیچ پیاوێکی دی بدوێم. دڵنیام بۆخۆت ئەوە باش دەزانیت،

بۆ ژنێکی گەنجی وەک من شیاو نییە بیر لەپەیوەندییەکی وەها بکەمەوە کە خاوەن مێرد و منداڵ بم».

ئەفسانە ئەو قسانەی کە بەویستی خۆی نەبوو بەکوڕەکە دەڵێت و بەچەند هەنگاوێکی پەلە لەبازاڕەکە دێتە دەرەوە، ئەو ڕووداوە بەشێوازێک کار لەناخ و هەستی ئەفسانە دەکات، بیرۆکەی ئەوەی لەبیر دەباتەوە کە بڕیاربوو سەردانی گۆڕی خوشکەکەی بکات و نەمامێک لەنزیک گۆڕەکەیەوە بڕوێنێت. بەڵام کوڕەکە لەشوێنی خۆی نابزوێت، بەردەوام بیر لەو قسانەی ئەفسانە دەکاتەوە، ئەو باش دەزانێت ئەفسانە پڕ بەدڵی ئارەزووی دەکات و دڵی دەیخوازێت. هەموو ئەو بۆچوونە لەنیگا و چاوەکانی ئەفسانەدا دەخوێنێتەوە. ئەو باش لەوە تێدەگات ئەفسانە لەژێر زەبرو زەنگی پیاوەکەیدا ناتوانێت بەئازادی ڕەفتار بکات، بەڵام عەشقی ئەفسانە و نیگای دڵبەری چاوە مەنگ و هەستبزوێنەکانی زێدەتر کوڕەکە شێتگیر دەکات. بیر لەوە دەکاتەوە دووبارە لەشەوێکی مات و بێدەنگدا، هەموو ئەو سنوورانەی ژیانی ئەفسانەیان تەنیوە بشکێنێت و ئاگری حەزو خۆشەویستی لەجەستە نەرم و گۆشتنەکەیدا دامرێکێنەوە .

## ٣

ئەو هەورە چڕەی بەری ئاسمانی تەنیبوو دیمەنێکی غەمناکی بە دەروونی هەموو کەسێک بەخشیبوو بەجۆرێک هەموو هەستی مرۆڤەکانی لەنێو خۆیاندا کۆکردبوو. هەندێک بە بێ ویستی خۆیان بە نێو یادەوەرییەکانی ژیانی ڕابردووی خۆیاندا شۆڕدەبوونەوە و تاوتووێی یادەوەرییە تاڵ و شیرینییەکانیان دەکرد. هەندێک لە نێو تاریکی ڕق و کینەی خۆیاندا ڕۆچووبون و لەگەڵ شوڕبوونەوەیاندا زێدەتر هەستی تاوان لەناخیاندا هەڵدەکشا و خۆیان لە نێویدا دەخواردەوە، هەندێکی تر بێئاگایانە لە دەوروبەری خۆیان و ژیانی ئەوانی دی بەدووی خەونەکانیاندا کەوتبوون و لە ئەندێشەی خۆیانەوە وێنای داهاتووی

ژیانی خۆیان دەکرد، لەو کەشی سەرما و سۆڵەیەدا هەر کەسە و بەجۆرێکی جودا لەگەڵ دیمەنی ماتی ئەو بەفرەدا بیری لە ژیان دەکردەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو ژاوە ژاوەی ژیاندا لە دەرەوە، ماڵەکە تەواو خامۆش و بێدەنگە، بۆنی مەرگ لە هەست و خەیاڵی دەرویێشەوە بەناو هەموو شوێنێکی ماڵەکەدا بڵاو بۆتەوە، بەشێوەیەک، کەئەفسانە لەناندێنەکە بەدەم ڕۆکردنی مەرگەموشەکەوە بەسەر چەند پارچە سێوێکی پاککراودا هەستی پێدەکات، بیر لەوە دەکاتەوە ئەو بڕە کەمە لەمەرگەمووش تا چەند دەتوانێت وەک ژەهرێکی کوشندە کارلە جەستەی جرجەکان دەکات و بە مەرگیان دەسپێرێت. دوای ئەوەی هەموو لەتە سێوەپاکراوەکان بەمەرگەمووشەکە سواخ دەدات، دووپارچە لەناندێنەکەدا دادەنێت، بەتایبەت لەو کەلێنانەی کە گومانی ئەوە دەکات جرجەکان لێوەی بێنە دەرەوە پاشان بەرەو ژوورەکەی پێشەوە دەچێت و چاوێک بەناو هەموو ژوورەکەدا دەگێڕێت، دەرویش لەژێر چاویلکەکەیەوە بەنیگایەکی پڕ لە تۆڵە و قینەوە لەڕەفتارەکانی ورد دەبێتەوە، ئەفسانە بێئاگایە لەنیگاکانی دەرویش، چاوە ماتەکانی لەژێر قەرەوێڵەکەی درویش لەنگەر دەگرن، لەو کاتەدا دەروێش بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێت: «بیهێنە لەم نزیکانەوە پارچەیەک دانێ» ئەفسانە وەڵامی ناداتەوە، لەقەرەوێڵە کە نزیک دەبێتەوە و هەموو جەستەی بۆ زەویەکە نەوی دەکات و لەسەر

چوارپەلی کەمێک دەڕوات هەتا بەتەواوی لە قەرەوێڵەکە نزیک دەبێتەوە، دەستێکی بۆ ژێر قەرەوێڵەکە درێژ دەکات بۆئەوەی پارچەسێوەک بخاتە ژێریەوە، لەو کاتەدا چاوە پڕ لە حەزەکانی دەرویش لە کەفەڵە پان و بەرزەکەی ئەفسانە لەنگەر دەگرن، دەرویش بەو ڕەفتارەی ئەفسانە هەستی دەوروژێت و پڕبەدڵی ئارەزووی ئەوە دەکات دەستە لەرزۆک و چرچەکانی بەکەفەڵیدا بهێنێت، بەڵام ڕقی ناخی لەو ئارەزووەی پەژیوانی دەکاتەوە، ئەفسانە لەدوای دانانی پارچە سێوەکە لەژێر قەرەوێڵەکەدا، بەهێمنی زۆر بەئاسایی لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و پارچەسێوەکەی دی لەپشتی دەرگای ژوورەکەوە دادەنێت و دەچێتە دەرەوە، دەرویش چاوەکانی لەسەر دەرگای ژوورەکە قەتیس دەبێت، کاتێک ئەفسانە لەدوای خۆیەوە دایدەخات، دەرویش ڕۆدەچێتە بیرێکی قوڵەوە و لەگەڵ خۆی دەدوێت.

(هەموو کوشتنێک تاوان نییە، هەندێک کوشتن هۆکاری خۆی هەیە، هۆکارێکی ڕەواو بەپێی نەریت و یاساکانی ژیان، بۆخۆی دەبێتە ئەرکێکی پیرۆز، لەپیناو پاراستنی شکۆی خێزان و بنەماڵەدا. مرۆڤ شکۆی وابەستەیە بەپاراستنی ئەو ڕەوشتەی کە بەپێی ئایین و نەریتەکان بۆی دیاری کراوە. ئاخر هەندێک تاوان هەیە، کە ناچاریت بەئەنجامدانی بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو قسەو قسەلۆکانەی خەڵکی، کە ناچارت دەکەن بەسەرشۆڕی پەسەندیان بکەیت و بۆ هەتا هەتایە وەک پەڵەیەکی ڕەش و لەسەر تەوێڵی

مرۆڤدا دەمێنێتەوە و لێی نابێتەوە. بەتایبەت لەم شارەی ئێمەدا، یاخوا کەس نەکەوێتە بەرتانەو تەشەری خەڵکی، تۆ بۆخۆت ئەو خەڵکە باش دەناسیت، تەنانەت بەبێ ئەوەی شتێکیان بەچاوی خۆیان بینیبێت و ئاگاداری ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان بن، ئەوەی دەیبیستن دەماودەم دەیگێڕنەوە، تەنانەت بە ویستی خۆیان شتگەلێکی وای بۆ زیاد دەکەن کە لەئاوەزی مرۆڤ بەدەرە. کاتێک بەخۆت دەزانێت تۆ بوویتە گاڵتەجاڕی هەموو خەڵکی و شکۆت نامێنێت. ئاخر مرۆڤ چلۆن دەتوانێت کاتێک لەنێو خەڵکیدا بێت و دڵنیا بێت بە چاوێکی کەم و سووکەوە لێی دەڕوانن، ئەوە بۆ مرۆڤ ئەوپەڕی مردنە مردن. سەردەمەکە زۆر خراپی بەسەر هاتووە وەک جاران نەماوە، تۆ بزانە بەهۆی هەموو ئەو شتە پیسانەوە کە هاتوونەتە ناومانەوە ڕەوشتی هەموو مرۆڤەکان و شیرازەی خێزانی تێکداوە لەبری پیاوچاکان ئێستا شەیتانەکان فەرمانڕەواییمان دەکەن و تۆوی ناپاکی و درۆ و دەلەسە و بێڕەوشتیان لە ناوماندا چاندووە، بەڕاستی ئێمە کەوتووینەتە ناو ژیانێکی زۆر دژوارو بۆگەنەوە، بەسەردەمی پیاو چاکان ناچێت ئەمە سەردەمی بێشەرەفییە کوڕم، سەردەمی فەرمانڕەوایی شەیتان و دەرکەوتنی دەجالە.

ئاخر پیاو کاتێک دەکەوێتە ژیان و دۆخێکی وەها ئابڕووبەرەوە، خۆی بکوژێت زۆر باشترە لەوەی ژنەکەی بیکاتە گاڵتەجاڕ و بنێشتە خۆشەی سەر زاری

نەیارەکانی، زۆر لە مێژەوە وتویانە: «ژن بوونەوەرێکی مەترسیدارە»، دڵنیام زۆرینەی ژن لەپشت هەموو ئەو تاوانانەوەیە کەپیاوەکان ئەنجامی ئەدەن، تۆ بیر لەوە بکەرەوە کاتێک بەچاوەکانی خۆت ژنەکەت یان خۆشکەکەت، تەنانەت دایکت، ناپاکی و داوێن پیسی بکات دەبێت چ پیاوێکی مەرد و بوێر هەبێت بتوانێت ئەوە پەسەند بکات. ئێمە کەوتوینەتە سەردەمێکی زۆر خراپەوە، شەیتان لەگەڵمان دەخەوێت و گەمەمان لەگەڵدا دەکات، دەبێت مرۆڤ لەبەردەم هەموو ئەو ژنانەی شەیتان لەجەستەیاندا خۆی مەڵاس داوە بپارێزێت و بەوردییەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات. دڵنیا بە هەر بوارێک بۆ ئەو کەسانە بڕەخسێت، کە هەمیشە لەگەڵ شەیتاندا ڕۆژدەکەنەوە بەفیڕۆی نادەن.

کوڕی خۆم، بیر لەوە بکەرەوە، ئەمڕۆ بەچاوەکانی خۆت بینیت، کە دایکە سۆزانییەکەت چۆن ئەو هەتیوە چاوبازو بەدڕەفتارەی بەشوێن خۆی خست و بەبیانووی بازاڕەوە کڵاوی لەسەرمان نا، ها؟ تۆ بزانە دەبێت لەگەڵیدا بۆ کوێ بچن و چ کارێک بکەن. ئەگەر ژنێک لەگەڵ پیاوێکی نەناس دا پەیوەندییەکی حەرامی هەبێت، دەبێت چ کارێک بکەن و بەتەمای چی بن ها؟ تۆ لەبری من بڕیار بدە، تۆ پەروەردەی دەستی خۆمیت کوڕم، ئێستا گەورە بویت و لەهەموو شتێک تێدەگەیت و ڕاست و چەپی خۆت باش دەناسیت).

ئەوە بیرکردنەوەی دەرویش بوو لەو کاتەی ئەفسانە لەماڵ چووبوە دەرەوە، ئەو قسانەی بۆ موحەمەدی کوڕی کردبوو، کاتێک ئەفسانە لەمالەوە دەچێتە دەرەوە. بەردەوام لەنێو خەیاڵ و دووبارەکردنەوەی ئەو قسانەدا لەسەر قەرەوێڵەکە وەک مار خۆی پێچی بە جەستە قورسەکەی خۆی دەداو پیشی دەخواردەوە، زۆرجار لەناو ئەندێشە دژوارەکانی خۆیدا بیری لە پلانی کوشتنی ئەفسانە دەکردوە، هەستی تاوان هەموو ناخی تەواو تاریک کردبوو، بەڵام بۆخۆیشی نەیدەزانی کەی و چۆن ئەنجامی دەدات و ئارامی بە دەروونە شێواوەکەی دەبەخشێتەوە.

ئەفسانە لەدوای ئەوەی لەناندێنەکە دەستەکانی لەژەهرەکە خاوێن دەکاتەوە، دەچێتە ژوورەکەی دواوە، ئارەزووی ئەوە دەکات بچێتە ناو پێخەفەکەی خۆیەوە بنوێت، بەڵام ئەو ماندووی ئەوە نییە، کە شەوی ڕابردوو بەهۆی هەڕەشەکانی دەرویشەوە خەوی لەچاوەکانی زڕاندبوو، یان بەو سپێدە ساردە سەردانی بازاڕی کردبوو. بەڵکو ئەندێشەی بەهۆی هەموو ئەو ڕووداوانەوە تەواو ئاڵۆز بوو. بۆخۆیشی هەستی بەوە دەکرد. دەبوو بۆ قوتار بوون لەو دۆخە دەرونییە دژوارە بڕاردەیەکی هەبێت. بڕاردەیەک کە هەموو شتەکان یەکلا بکاتەوە تا ئارامی بەدەروونە شێواوەکەی خۆی بدات. بەڵام چۆن ئەوە دەکات؟ ئەو ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ هەڵکشانی توندوتیژی و زەبر و زەنگ و ئازارەکانیدا دەژیێ، بەبێ ئەوەی هیچ پەرچەکردارێکی

بۆیان هەبێت، ئەو جگە لەوەی جەستەی لەماڵێکدا وەک ئاژەڵێک دەستەمۆی دەروێش بووە. تەنانەت خەونەکانیش خەریکە دەکەوێتە ژێر ویست و هەڕەشەکانییەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، شەپۆلێک لەئارەزوو و هەستی ژیان و خۆشەویستی ناخی تەنیوە، لەنێوان خۆیی و جەستەیدا هەست بە مەودایەکی زۆر دوور دەکات، مەودایەک بەهێندی دوری نێوان خودی خۆیی و مانگ و ئەستێرەکان، مەگەر پەرجوویەک ڕووبدات و بە یەکدییان ئاشنا بکاتەوە، ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە حەزو هەستەکانی، ڕۆح و جەستەی، خەونەکانی ڕابـروو و ژیانی،تەنانەت منداڵی و ژیانی ئێستای، کە تەمەنێکە لێکجودا بوونەتەوە بە چ ئەفسونێک بەیەکدییان ئاشنا بکاتەوە. قسەکانی کوڕەکەی دراوسێیان، بەبێ ئەوەی بیناسێت و بزانێت ناوی چییە، کاری لەهەموو هەست و ناخی کردبوو، دەیزانی ئەو وەک پزیشکێکی بەئەزموزن پەنجەی بۆ هەموو زامەکانی دەبردوو هەستی بە ئازارەکانی دەکرد.

بـەدەم هەناسەیەکی قوڵی ئازاربەخشەوە چاوەکانی لێکناو وەک زۆرینەی جارەکانی کەوتە ڕاوی ئەو خەونانەی کە لێ هەڵدەهاتن، لەژێر پەتۆ گەرمەکەیەوە هـەردوو دەستەکانی لەسەر مەمکەکانی گیر کرد و بەهێمنی کەوتە هەڵگلۆفینیان، چێژێک بەئارامی لەگۆی مەمکەکانییەوە چڵیان ئەدا، ئەفسانە بەدەم شەپۆلی حەزێکی خۆنەویستەوە کەوتە ناو ئارەزووەکانی خۆیەوە، لەو کاتەدا دەنگەکەی ناخی،

وەک ئەوەی بە گوێکانیدا بچپێنێ هاتە گۆ « ئەفسانەکەم، بیر لەوە بکەرەوە تەمەن  بایەکی خێرایە، وەک ئەو بایەی کە بەناو کۆڵانەکەتدا تێدەپەڕێت و هەموو شتێکی بچوک و سووک لەگەڵ خۆی دەبات،  تا ئەو کاتەی لەشوێنێکی نادیاردا هێزی نامێنێت و بێ ئاسەوار هەموو ئەو شتانە لەشوێنێکی دوورە دەستدا بۆ هەتا هەتایە فەرامۆش دەکات. بیر لەوە بکەرەوە، ئەم جەستە جوان و دڵبەرەت تا چەند چێژێکی خۆشی بەهەست و خەونەکانت بەخشیوە. تاچەند ڕۆژێک پێکەوە تەبابوون و تۆی گەیاندۆتە لوتکەی چێژو خۆشەویستی ژیان، چاوەڕێی چیدەکەیت ئەفسانە، تاکەی وەک نەخۆش و پەککەوتەیەک لەنێو ئازارە بەسوێکانتدا دەگلێت و ناتوانیت بکەویتە سەرپێکانت، بەخۆت وەرەوە نازدارەکەم، بڕیاربدە و بچۆرە دەستپێکی ژیانێکی نوێوە، کە هیوایەک بەخەونەکانت بداتەوە».

هەستی دەکرد ئەو دەنگە تەواو بەدەنگی کوڕەکەی دراوسێیان دەچێت، وێنای ئەوەی دەکرد ئەیدوێنێ و بەتۆنە نزم و ئەویندارەکانی دڵە خەمگینەکەی ئەلاوێنێتەوە. لەو ساتەدا وای بۆ دەچوو ئەفسونێک ڕوویداوە، بینی کوڕەکەی دراوسێیان لەتەنیشتییەوە ڕاکشاوە و بە هێمنی و بەدەنگێکی ئارامبەخش بەگوێکانیدا ئەچپێنێ و پێی دەڵێت: « ئەفسانەکەم  خۆشمدەوێیت، هاتووم تەنها بۆ جارێک چێژی خۆشەویستی بەجەستەت نەرمۆڵەکەت ببەخشم، ڕێگەم بدە نازدارەکەم، ڕێگەم بدە با بۆ جارێک بە جەستەی

خۆتت ئاشنا کەمەوە». ئەفسانە بەردەوام لەنیگا پڕلە سۆزەکەی کوڕەکەی دەڕوانی کە چاوە پڕ لەشەهوەتەکانی لەنێو چاوی نابوو. ئەو پەیڤانە تەزوویەکی پڕ چێژیان بە هەموو جەستەی ئەفسانە دەدا. هەستی دەکرد بەردەوام خەریکە لەخۆی دەچێت و ئاگرێک لە هەناویدا وەک کورەی ئاگر جۆشی خواردووە و جەستە سڕ و ساردەکەی گەرم دەکاتەوە. کوڕەکە بە هێمنی دەستێکی بە سەر سەر و پرچە بڵاوەکانیدا هینا و پەنجە گەورەکەی بەسەر لێوە ئەستور و هەستبزوێنەکانیدا خشاند. تاو ئەو کاتەی ئەفسانە ئارەزووی دەکرد بیمژێت. ئەوە تەنها ماوەیەکی کەمی خایاند، کوڕەکە بەهەمان ڕیتم دەستەکانی بۆ سەر مەمکە گەورەکانی گواستەوە، لەگەڵ هەڵگلۆفینیاندا کەوتە مژینی لێوەکانی، تاو ناتاوێک لێوە ئاگرینەکانی بۆلای مل و گەردنی دەگواستەوە، پاشان بەدەم گوشینی مەمکەکانی، زمانی بەسەر گۆکانیدا دەهێنا و بە هەموو هێزی دەیمژین، تا ئەو ئاستەی هەستی دەکرد لەگەڵ ژانێکی بەچێژدا تەڕایی لە سەرگۆی مەمکەکانیدا دێنە دەرەوە.

ئەفسانە ئەندێشەی ئەوەی دەکرد لەشوێنێکی تەواو جودایە و جگە لە خۆی و کوڕەکەی دراوسێیان هیچ کەسێکی دی لێ نییە، تەنانەت کە بۆخۆشی نازانێت ئەو شوێنە ئارامە لە کوێی ئەم گەردوونەدایە. بەڵام ئەو هەستە بۆ ئەو وەک ئەوە وابوو لەبۆشایی ئاسماندا ڕاکشابێت و با، بەهێمنی شەپۆل بەجەستەی دەدات. هەردوو دەستەکانی بۆلای

سەری خۆیەوە بڵند دەکات و کوڕەکەش بەدەم ماچکردنی مەمک و سنگە نەرمۆڵەکەیەوە بەرەو خوارەوەی جەستەی ڕۆدەچێت، چێژێک هەموو هەستی ئەفسانە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و خەندەیەکی بەچێژو ئەفسوناوی سیما مەنگەکەی ئەفسانە بۆ یەکەمینجار ئاوەدان دەکاتەوە، لەو کاتەدا کە چاوەکانی دەکاتەوە سیمای کوڕەکە بەتەواوی دەبینێت، بەدەم هانکە هانک و هەناسەبڕکێوە بەسەریە تەکانی لێ دەدات و بەنیگایەکی پڕ لە ئالۆش و چێژەوە لێی دەڕوانێت. ئەفسانە بەو نیگایە زێدەتر ناخی هەڵدەچێت و ئارەزووی ئەوە دەکات کوڕەکە بەهەموو هێزی بەخۆیەوە بنوسێنێت، یان بۆ هەتا هەتایە بیخاتە نێو سنگی خۆیەوە و چیتر لێی جودا نەبێتەوە.

لەگەڵ هەڵچوونی ئەفسانە بەرەو لوتکەی چێژی جەستەی، زیاتر کوڕەکە ڕادەمووسێ و لەخۆی تونتر دەکات، تا ئەو کاتەی، وەک پەڕی باڵندەیەکی بابردوو لەئاسمانەوە بەئارامی و بەدەم سەمای باوە دەکەوێتە خوارەوە و خۆی لەسەر پێخەفەکەیدا دەبینیەوە.

کاتێک بەخۆی دێتەوە، دەستێکی لەناو لەشی خۆیدا بوو، هەستی بەتەڕاییەکی لینج کرد کە بەینی ڕانەکانیدا بڵاو ببۆوە، کە پەتۆکەی لەسەر خۆی لادا و لەناو لەشی خۆی ڕوانی، خوێنێکی ڕەش ناولەشی پیس کردووە. ئەفسانە خوێنە ڕەشەکەی بەلاوە ئاسایی بوو. چونکە لەو کاتەوەی موحەمەد لەدایک ببوو، ئیتر لەو کاتانەی بێنوێژ دەبوو

ئەو خوێنە ڕەشە لەناو لەشیدا دەهاتە خوارەوە. کاتێک ئەوە بۆ دایکی دەوریێش دەگێڕێتەوە، دایکی پێی دەڵێت: « کچم ئەو هەستی شەیتانە لەناختدایە بۆیە هەست بەڕەنگی ڕەشی دەکەیت. هەر ئەوەشە کە ناهێڵێت منداڵت ببێت و لەبارت دەچێت. کچی خۆم شەیتان بە نەفرەت بکە و ڕوو لەخودا بکە تا لەجەستەتدا بێتە دەرەوە». بەڵام خوێنەکەی ناولەشی ئەفسانە ڕەش نەبوو، تەنها لەهەستی خۆیەوە وای دەبینی، شتێک نامۆ لەجەستەی دەرویێشەوە چۆتە ناو لەشیەوەو تێکەڵ بەجەستەی بووە، هەر بۆیە لەو کاتەدا بێزی لەجەستەی خۆی دەهاتەوە. واهەستی دەکرد هەمووخوێنەکەی جەستەی تەواو ڕەش بووە و بەناو هەموو جەستەیدا بڵاو بۆتەوە، تەنانەت ئەو ڕەشییە هەموو مێشک و ئاوەزیشی تەنیوەتەوە.

ئەفسانە بلەز خۆی بە گەرماوەکەدا دەکات و بە ئاوێکی سارد خۆی دەشوات، لەو کاتەدا دەبینێت خوێنە ڕەشەکە بەڕانەکانییەوە ڕێچکەی بەستووە و لەگەڵ ئەو ئاوەی بەجەستەیدا دێتە خوارەوە تێکەڵ بەیەکدی دەبن و لەسەر ڕووی چیمەنتۆی گەرماوەکەدا بڵاو دەبێتەوە، ئەفسانە بەترسێکەوە لەدیمەنی خوێنە ڕەشەکەی جەستەی ورد دەبێتەوە. تا ئەو کاتەی خەیاڵی ئەوە دەکات ئەو خوێنەڕەشەی لەسەر زەویەکە تابلۆیەکی ئاڵۆزی ترسناکی نەخشاندووە کە بە وێنەی دڕندەیەکی نامۆ دەچێت. ئاوێتەی ڕۆحێکی شەڕەنگێز بووە و دەیەوێت لەجەستەی جودا

بێتەوە، هەر بۆیە هەموو جارێک لەکاتی هاتنەدەرەوەیدا هەستی بەئارامی جەستەی خۆی دەکرد.

ئەفسانە بەپرچی تەڕەوە لەگەرماوەکە دێتە دەرەوە و لەژوورەکەی دەرویێشدا، لەبەردەم زۆپا نەوتییەکە دادەنیشێت و خۆی گەرم دەکاتەوە، دەرویێش بەردەوام لێی دەڕوانێت، ئارەزووی پرسیارگەلێکی نامۆ ناخی دەرویێش دەتەنێت، هەر بۆیە بەگومانێکەوە دەڵێت: « ژنەکە بەم سەرما و سۆڵەیە کەی کاتی خۆشوشتنە». ئەفسانە کە سەرقاڵە بەشانەکردنی پرچەکانی لەبەر دەم زۆپاکەدا لەبەر خۆیەوە دەڵێت: « کەمێک خوێنم هەبوو». دەرویێش چیتر هیچ ناڵێت، بەڵام ئەو وەڵامە گومانەکانی دەرویێش توندتر دەکاتەوە، تا ئەو کاتەی فشاری خوێنی بەهێندەیەک بەرز دەبێتەوە خەریکە هەناسەی توند دەبێت .

# ٤

ئەوەی سەرچاوەی بارگرژی پەیوەندی نێوان هەموو مرۆڤەکانە، جیاوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینیانە بۆ ژیان، بەپێی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەی کە لە خودی خۆیەوە پەسەندییان دەکات و وەک بوونەوەرێکی جودا لە ناخ و هەستەکانی ئەوانی دی، لەخۆیدا پەروەردەی دەکات تا ئەو کاتەی دەبێتە فەرمانڕوایی ناخی خۆی. دواجار هەر ئەو بوونەوەرەی ناخی خۆی بڕیار لە سەر هەموو هەڵبژاردەکانی ژیانی دەدات و بە ویستی خۆی ڕێگاکانی ژیانی بۆ ڕۆشندەکاتەوە و چارەنووسی دیاری دەکات، هەر بۆیە مرۆڤەکان کاتێک لەهەمبەر پێشهاتەکانی ژیاندا ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئەستەمە بتوانن جودا لە بیر و ویستی

بوونەوەرە فەرمانڕەواکەی ناخیان هەڵوێستێکی جودا بگرنەبەر، کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، جەنگێکی خوێناوی چارەنووسساز لەخودی خۆیدا پەرپا دەکات و دواجار بە مەرگی خۆی کۆتایی دێت. هەر بۆیە هەمیشە مرۆڤەکان لەپێناو ئاشتەوایی خودی خۆیاندا دەیانەوێت ئەو جەنگە لەدەرەوەی خۆیاندا هەڵبگیرسێنن و پارێزگاری لە ئارامی و دڵنیایی عەرشی فەرمان ڕەواکەی خۆیان بکەن.

ئەمڕۆ بۆ دەروێش بەسەختی تێدەپەڕێت، بەهۆی ساردی کەشەکەشەوە ناتوانێت وەک هەموو ڕۆژەکانی دی پیاسەیەکی ئێواران بەناو کۆڵانە پڕ یادەوەرییەکانی بکات و بۆچەند ساتێک ئەندێشە ئاڵۆز و دڵە تەنگەکەی لەگەڵ جوڵەی پڕلە ژیانی کۆڵانەکەدا ئارام بکاتەوە. تا دەهات ڕەفتارە پڕ لەپرسیار و گومانەکانی ئەفسانە، زێدەتر ناخی ماندوو تر دەکرد. لەو دۆخەدا هەستی دەکرد بەهۆی ئەفسانەوە لەدۆزەخێکی دژواردا دەژیّ و ئەویش تۆڵەی ڕەفتارەکانی لێدەکاتەوە. ماوەیەک لە نێو خۆیدا ڕۆچوو بوو بیری لەخۆی دەکردەوە. لەهەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی کە لە ڕابردوودا ئەنجامی دابوون، لەهەوڵی ئەوەدا بوو یاساو نەریتەکان و هەموو ئەو بۆچوون و ڕونکردنەوانەی هەموو کەسێکی ئەم شارە پابەندە پێوەی، بیکاتە دادوەرێکی بەویژدان و دادگایی ڕەفتارەکانی خۆی پێبکات.

بە هەستێکی زۆر قووڵەوە گەڕایەوە بۆ ئەو ساتانەی

کە لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا چاوی لەسەر ئەفسانەی دراوسێیان بوو، کاتێک دەنگۆی کوشتنی خوشکە گەورەکەی ئەفسانە دەبیستێتەوە، کە بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکدا دووگیان بووە و کچێنی لەدەستداوە. ئیتر براگەورەکەی ئەفسانە، بۆ ئەوەی شکۆی خۆی بنەماڵەکەی بکڕێتەوە، بەهۆی هەموو ئەو دەنگۆیانەی لەناو خزم و کەسە نزیکەکان و دراوسێکانیان دەنگۆی هەبوو. هەستی دەکرد لەبەردەم هەموو ئەو تانەو تەشەرانەی لەنیگای چاوی نەیارەکانییەوە کە وەک فیشەکێک بەدڵیەوە دەنێن، چیتر ڕووی ئەوەی نامێنێت بەو دۆخەوە تێکەڵی خەڵکی بێت. تەنانەت جارێک لەگەڵ کەسێدا کە تووشی دەمەبۆڵە دەبێت، کەسەکە بەڕوونی و ڕاستەوخۆی پێی دەڵێت: « تۆ ئەگەر پیاو بویتایە خوشکەکەت بەحەرامی دوگیان نەدەبوو» ئەو قسانە لەناخی برا گەورەکەی ئەفسانەدا دەبێت هۆکار و پاڵنەرێک، کە چیتر متمانەی بەوە نامێنێت لەگەڵ خێزانی کوڕەکەدا ڕێکبکەون و خوشکە گەورەکەی لێ مارە بکەن. ئەو دڵنیا بوو ئەگەر ئەوەش بکرابا، قسە و قسەلۆکی خەڵکی لێ نەدەگەڕان بەئارامی و بەشکۆوە بژین و تێکەڵی خەڵکی بن. ئەو دەیزانی خەڵکی کاتێک ناتوانن لەهەندێک شتدا ڕووبەڕووت ببنەوە، ناچارن بەدوای کەم و کورتییەکانی ژیانی تایبەتیدا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی لەگەڵتدا هاوسەنگی بەکەسێتی خۆیان بدەنەوە. هەر بۆیە برا گەورەکەی ئەفسانە بیر لەوە دەکاتەوە، بەکوشتنی

خوشکەکەی هەموو ئەو چیرۆکە لەبیر و هەستی خەڵکیدا بسڕێتەوە و پاشان بیکاتە شکۆیەک بۆ خاوێن کردنەوەی ئابڕووی خۆی و بنەماڵەکەی.

کاتێک ئەفسانە لەدوای کوشتنی خوشکەکەی بەساڵێک تەمەنی دەگاتە دوانزەساڵ، دەرویش کە هاوڕێی نزیکی برا گەورەکەی ئەفسانە دەبێت، هەموو هەست وبیری لەسەر ئەفسانە کۆدەبێتەوە و ئەفسانە تێکەڵ بەخەونەکانی دەبێت، هەر بۆیە ئەو دۆخە دژوارەی خێزانەکەی ئەفسانە بۆخۆی دەقۆزێتەوە، بەبیانووی ئەوەی وەک خوشکە گەورەکەی تووشی هەمان هەڵە نەبێت و دووبارەی نەکاتەوە، لەڕێگەی دایکییەوە دەنێرێتە خوازبێنی. هەر چەند ئەفسانە لەو کاتەدا منداڵە و تەنانەت بۆخۆیشی نازانێت هاوسەرگیری چییە، بەڵام هەست بەوە دەکات شتێک ترسێکی بێ ئەندازەی لەدەوورنیدا دروستکردووە. ئەویش دیارنەمان و دوورخستەنەوەی خوشکەکەیەتی، کەسەرپێچی بنەماڵەکەی کردووە. هەر بۆیە ناتوانێت وەک کەسێکی پێگەیشتوو بەئاوەز بڕیاری خۆی بدات، یان تەنانەت ڕێگری لەو هاوسەرگیرییە بکات کە لەگەڵ پیاوێک دایە بەهێندەی تەمەنی باوکی دەبێت.

دواجار ئەو دۆخە ئاڵۆزە بۆ ئەفسانە دەبێتە چارەنووسێک کە بەناچاری پابەندی دەبێت، بەڵام ئەفسانەی منداڵ، هەرگیز ناتوانێت وەک ژنێکی بە ئەزموون و پێگەیشتوو و بەئاوەز پابەندی یاسا و نەریتەکانی هاوسەرگیری بێت

و ڕەفتارێکی شیاو بەرامبەر بەو هاوسەرەی بنوێنێت، کە لەڕێگەی ئایین و شەرع و نەریتی باوی کۆمەڵایەتییەوە مارەی کردووە.

بەپێی ئایین و نەریتەکانی ژیان، پێویشتە ژن گوێڕایەڵی مێردی خۆی بێت و بە ویستی ئەو ڕەفتار بکات. خۆ ئەگەر ژن بەردەوام قامچییەکی نیشان نەدەیت وەک شەیتان بەرەڵا دەبێت و هەموو تاوان و کارێکی ئابڕووبەرانە ئەنجام دەدات. چونکە ژنەکان هەرگیز ناتوانن بەهێدەی ئاوەزی پیاوەکان بیر بکەنەوە و هەست بە مەترسی لادان و کارە ناڕەواکان بکەن. هەر بۆیە نەریتەکان لەمێژەوە ناچار بوون، ژن بەو کۆت و بەندانە ببەستنەوە کە پیاوەکان پەیڕەوی دەکەن. دەروێش باوەڕی وەها بوو کاتێک ژنەکان لە کەم ئاوەزی خۆیانەوە دەکەونە سەرەتای هەڵەیەکەوە، پێویستە پیاوەکان وەک ئەو ئەرکەی نەریت بۆ دیاری کردووە چاودێری بکات و بە توندی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، بۆئەوەی لەپلانەکانی شەیتان بەدووری بخات.

هەمیشە شەیتان دزە دەکاتە ئاوەزە لاوازەکانەوە، بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە پلانە نەفرەتییەکانی خۆی بیاتە سەر. هەر بۆیە بەردەوام بەپێی نەریت و چیرۆکەکانی باب و باپیران، شەیتان خۆی لەوێنەی ژناندا وێنا دەکەن و هانی پیاوەکان دەدەن بۆ کاری ناپەسەند و خراپەکاری و تاوان. هەر ژنەکانن بەهۆی لاوازی خۆیانەوە دەبنە هۆکاری تاوان و ماڵوێرانی پیاوەکان.

ئەو دڵنیایە لەوەی ئێستا شەیتان چۆتە بن کڵێشەی ئەفسانەوە و هانی کاری ناپەسەند و خراپەکاری دەدات. دەمێکە ئەو شەیتانە لەبەرگی ئەفسانە دایە و لەماڵەکەیدا دەژێ، دەبوو زووتر دەروێش هەستی پێ بکردبا، بەڵام ئێستاش زووە بۆ ئـەوەی ئەفسانە لەبەرگی شەیتاندا داماڵێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی خۆی، سروشتی ژنێکی گوێڕایەڵ و پابەندبوو بەنەریتە پیرۆزەکانەوە.

دەروێش تا درەنگانێکی ئێوارە لەنێو ئەو لێکدانەوەدا ڕۆچـوو بـوو. دواجـار هەستێکی پڕ لەشادمانی هەموو ناخی تەنییەوە و دڵنیا بوو لەوەی هەموو ئەو ڕەفتارانەی بەرامبەر ئەفسانە کردوونی بە هیچ کلوجێک لادان نەبوو لەنەریت و فەرموودە پیرۆزەکانی ژیان. هەر بۆیە دەبوو بە هەستێکی ئارامەوە ئەوەی پێویست بوو بۆ ڕێگریکردن لەڕەفتارە ناپەسەندەکانی ئەفسانە ئەنجامی بدات. تەنانەت ئەو دووجارەشی بیر هاتەوە کە ڕێگری لە ئافسانە کرد بوو خۆی بسووتێنێت. ئەو پێی وا بوو ئەوە بیرکردنەوەی ئەفسانە نییە، بەڵکو بیرو ئەندێشەکانی شەیتان بەسەریدا زاڵ بـووە. هەر بۆیە بەو ڕەفتـارەی زۆر نیگەران بوو. ئەو پێی وابوو زۆرینەی ژنەکان کە خۆیان دەسووتێنن، بەهۆی هەستکردن بەتاوان و خراپکارییەکانی خۆیانەوەیە، هەر بۆیە کاتێک پەژیوان دەبنەوە، هەست بەتاوانی خۆیان دەکەن. دەیانەوێت بە وێنەی دۆزەخ سزای جەستەی خۆیان بدەن، لەهەمبەر ئەو ناپاکی و کارە نەشیاوانەی بەرامبەر

خێزان و کۆمەڵگا و هاوسەرەکانی خۆیان کردوویانە.

لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەفسانە بۆ دەرویێش شتێکی جودا بوو، ئەفسانە وەک حۆرییەک کە خودا بۆی ئەفراندبێت و سەرچاوەی چێژ و خۆشبەختی ژیانی بێت، لەپای هەموو ئەو نوێژ و نزایانەی بەردەوام بۆ خودای خۆی کردووە و پێی بەخشیوە. هەر بۆیە کە لەجەستەی ئەفسانەی دەڕوانی، نیگای چاوە مەنگ و هەستبزوێنەکانی ئەفسانە مەستی دەکرد.

دەرویێش پڕ بە دڵ ئارەزووی ئەوەی دەکرد ئەفسانە نەبێتە قوربانی پلانەکانی شەیتان، هەر بۆیە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بوو وەک کۆترێکی دەستەمۆ بەردەوام لەماڵەکەیدا بێت و هەرکات ئارەزووی گەمەی هەبێت لەگەڵیدا، بەویستی خۆی بێتە ئامێزییەوە و دەستە تینووەکانی بەهەموو جەستە نەرم و پڕ لەچێژەکەیدا بێنێت و بەدەم یادەوەری لاوێتییەوە شەپۆلی حەزەکانی ناخی پێی ئارام بکاتەوە.

بەردەوام کەشەکە ساردتر دەبوو، بەو هەورە توندو خەستەی ئاسمانی شاری تەنیبوو. پێدەچوو بۆ شەو بەفەرێکی زۆر بەباوە دابکات، زۆرینەی خەڵکی لەماڵەکانی خۆیانەوە، لەبەردەم زۆپا نەوتییەکانیدا تا درەنگانێکی شەو خۆیان گرمۆڵە کردبوو. ئەفسانە زۆپای ژوورەکەی دەرویێش پڕ لەنەوت دەکات و بەبێدەنگی بەرەو ژوورەکەی دواوە دەچێت. لەو کاتەدا دەرویێش پێی دەڵێت:»ئەرێ

ژنەکە بەم شەوە ساردە چۆن دەتوانیت لەو ژوورە ساردوو سڕەدا بمێنیتەوە. ئەمشەو زۆر ساردە بۆچی لێرە نانویت»؟ ئەفسانە لەبەردەم دەرگاکەوە، کە نیوەی کردبۆوە بەنیگایەکی پڕ لە ترسەوە لە دەرویێش دەڕوانێت، وەک ئەوەی بە نیگاکانی ئەوە بەدەرویێش بڵێت: «تۆ بێزارم دەکەیت». دەرویێش لەناخی ئەفسانە تێدەگات، بەبێ ئەوەی پرسیاری لێبکات تا مەبەستەکەی ناخی بۆ ڕوون بکاتەوە دەڵێت: « ژنەکە مەترسە. ئەمشەو لێت نزیک نابمەوە دەزانم بێنوێژیت.» ئەفسانە لەژوورەکەی دواوە پێخەفەکەی خۆی دەهێنێت و لەتەنیشت دیوارەکەی نزیک دەرویێش ڕای دەخات و پەردەی پەنجەرەکە دا دەداتەوە و گڵۆپی ژوورەکە خامۆش دەکات .

ئەفسانە ئەو شەوە پڕ بە دڵ ئارەزووی ئەوەی دەکرد لەپەنجەرەکەوە لەدیمەنی ئەو پڕوشە بەفەرانەی بڕوانیبا، کە بە هێمنی بەدەم کزە باکەوە بە سەمایەکی ناوازە و دڵڕفین دەهاتنە خوارەوە بۆ سەر بەفرە بەستووەکەی باخچەکەیان، بەڵام ئەو چی بکات؟ چۆن بتوانێت چێژ لەو دیمەنە ناوازەیەی ئەو شەوە ببینێت، کە پڕ بەدڵی تامەزرۆی بینینی بوو. تێیدا هەستی بە ئارامی و خۆشەویستی ژیان دەکرد، لەو ساتەدا ئارەزووی دەکرد بە ویستی خۆی بچووبایەتە دەرەوەوە و لەناوەڕاستی حەوشەکەدا لەسەر بەفرەکە بەپشتا پاڵکەوێت و چاوە مەنگ و گەشەکانی بۆ ئاسمان بکاتەوە. کاتێک ئەو پڕوشە بەفرانەی بەهێمنی دەکەوتنە خوارەوە بە نیگای

چاوەکانی لەئامێزیان بگرێت، تا ئەو کاتەی دواهەناسەی خۆیان بەجەستەی ماندووی دەسپێرن. ئەو کاتە جەستەی هێدی هێدی لەگەڵ کلووە بەفرکەدا ئاوێزان دەبێت و دەبێتە بەشێک لەبەفری سپی و بەهۆیەوە هەموو ئەو خوێنە ڕەشەی ناو جەستەو دەمارەکانی لەگەڵیدا تەواو سپی سپی دەبێتەوە و ئاسوودەیی هەموو ناخی دەتەنێتەوە. بۆ دواجار هەستدەکات وەک مرۆڤێکی جودا لەهەموو ئەوانی دی، بەخەونێکی سپییەوە هەناسە دەدات و دەژێ، بەڵام ئەوە بۆ ئەفسانە زۆر ئەستەم بوو، گومانەکان و دڵ پیسی دەرویش هەر زوو ئەو خەونەی لەگۆڕنا، هەر بۆیە بەو ئەندێشەیەوە لەزیندەخەوێکدا مایەوە.

وەک ئەوەی لە نێوان کەناری مەرگ و ژیاندا قەتیس مابێت و خۆی بۆ یەکلا نەکرێتەوە. دەنگێک بەئاگای دێنێتەوە، پێدەچوو فەرمان بەهەموو جەستە و کردارەکانی بکات، لەنێو پێخەفەکەی خۆیدا ڕادەپەڕێت و چاوێک بەنیمچە تاریکی ژوورەکەدا دەگێڕێت، کە لەپشت پەردە تەنکەکەی پەنجەرەکەوە ڕۆشناییەکەی کەمی بە ژوورەکە دەدا، پرخەپرخی دەرویش ژوورەکەی هەراسان کردووە، ئەفسانە لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و دەیەوێت دڵنیا بێت لەوەی دەرویش نووستووە، یان نا، ماوەیەک لەسیما قەڵەوەکەی دەڕوانێت، لەوە دەچوو کەسێک دەستی لەبینی نابێت و بیەوێت بیخنکێنێت، ئاوا بەئاستەم هەناسە دەدات و دەپرخێنێت، بەهێمنی و بەچەند هەنگاوێک لەپەنجەرەکە

نزیک دەبێتەوە و کەمێک پەردە تەنکەکە لائەدات و لەدیمەنی بەفرەکە دەڕوانێت. ئەو کلووە بەفرە گەورانە دەبینێت کە هەموو دیمەنی بەردەم پەنجەرەکەیانی لەخۆیدا سپی کردووە.

لەو کاتەدا دڵی دەخوازێت دەرگای ژوورەکە بەبێدەنگی بترازێنێت و بچێتە دەرەوە. هەتا لەحەوشەکەدا لەگەڵ کڕێوەی ئەو بەفرەدا سەما بکات، بەڵام سەما لەگەڵ کێ؟ لەئەندێشەی ئەفسانەدا تەنها پیاوی دراوسێکەیان هەبوو. دەبینێت لەناوەڕاستی حەوشەکەوە وەستاوە، دەستەکانی بۆ ئامێزی ئەفسانە کردۆتەوە و بە دەنگێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە گازی دەکات. بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ ئەو دیمەنە دڵڕفێنەدا سەما بکەن، تا ئەو کاتەی پێکەوە بە وێنەی بەفرەکە لەگەڵ یەکدی دەتوێنەوە و دەبنە ئاوێکی بێگەرد و بەنێو خاکەکەدا ڕۆدەچن، بەڵام دەنگی هاواری دەروێش کە بانگی دەکات، لەبەردەم پەنجەرەکەدا هەموو جەستەی دێنێتە لەرزین، ئەفسانە ئاوڕ بۆلای قەرەوێڵەکە دەداتەوە دەبینێت، دەروێش بە ئاگا هاتووە و بەچاوێکی ئاگرینەوە لێی دەڕوانێت و پێی دەڵێت: « هەی بێ ئابڕوو ئێستاش واز لە چاوبازی ناهێنیت.» لەو کاتەدا کوڕەکەی دراوسێیان بەردەوام بەدەنگێکی بڵند گازی دەکات». ئەفسانە وەرە دەرەوە. من دەمێکە چاوەڕێتم. وەرە با لەگەڵ کلوە بەفرەکاندا سەما بکەین.» ئەفسانە دەزانێت دەروێش دووبارە هەستی بەهاتنی کوڕەکەی دراوسێیان

کردووە. چیتر هۆکارێک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەو دۆخە دژوارەدا دەربازی بکات. بیر لەوە دەکاتەوە دەبێت لەو دۆخەدا چ ڕەفتارێک ئەنجام بدات تا نکۆڵی لەوە بکات کە ڕوویداوە. یان ئەوەتا بۆ دواجار کۆتایی بەژیانی ئەو دۆزەخە بهێنێت و لەگەڵیدا هەڵبێت، بە بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی دەروێش بداتەوە لێی نزیک دەبێتەوە. تاو دەداتە کێردەکەی ژێر سەرینەکە و بە هەموو هێزی کێردەکە بە هەر دوو دەستی بڵند دەکات و لەسەر سنگی دەیچەقێنێت. دەروێش بە هەر دوو دەستی خۆی، دەستەکانی ئەفسانە توند دەگرێت و دەیەوێت کێردەکە لەجەستەی خۆی دەربهێنێت، لەو کاتەدا بەدەم ئازاری دەمی ئەو کێردەی بەناو دڵیدا ڕۆچووە هاوار دەکات. ئەفسانە وەک ئەوەی هەموو جەستەی ڕەق بوو بێت هیچ نابزوێت. ماوەی چەند چرکەیەک لەو دۆخەدا دەمێنێتەوە بەردەوام بە تاسەوە لەو خوێنە دەڕوانێت کە ژێر دەسکی کێردەکەوە هەڵدەقوڵێت و بە سەر سنگە پان و توکنەکەی دەروێشدا بڵاو دەبێتەوە. لەگەڵ لاواز بوونی دەستەکانی دەروێش، ئەفسانە هەست دەکات شتێک لەخۆیدا وەک چۆڕاوگەی باران بەناو هەموو جەستەیدا دێت و دەچێت، تا دواجار دەبینێت خوێنی ڕەشی هەموو جەستەی خۆی لەدەستەکانیدا کۆبۆتەوە و لەدەسکی کێردەکەدا دەچۆڕێتە خوارەوە بۆ سەر سنگە پان و توکنەکەی دەروێش.

ئەفسانە بەو دیمەنە تەواو سەراسیمە دەبێت. هەتا ئەوکاتەی دوا دڵۆپی خوێنە ڕەشەکە لەسەر هەموو پەنجەکانی دەستییەوە دێنە دەرەوە، هەستێکی شادومانی هەموو ناخی دەتەنێتەوە، کاتێک دڵنیا دەبێت لەوەی دەروێش تەواو مردووە و چیتر هەناسە نادات. دەستەکانی لەکێردەکە دەکاتەوە و دەیەوێت بەرەو دەرگاکەی دەرەوە هەڵبێت، بەڵام دەنگی دەروێش جارێکی دی لەشوێنی خۆیدا ڕایدەگرێت. بەو هەستە پڕ لە ترس و لەرزەوە لەپێخەفەکەی خۆی بە ئاگادێتەوە، دەبینێت دەروێش لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی دانیشتووە لێی دەڕوانێت. ئەفسانە بە ترسێکەوە لەدیمەنی دەروێش دەڕوانێت. ئاسەواری ترسی خەونەکەی هێشتا لەنیگاکانیدا دەبینرێت. دەروێش بە دەنگێکی نەرم دەڵێت: « نوێژی بەیانیم دەکرد، تۆ بەدەم بزرکانەوە لەجێگەکەی خۆت بە هەموو لایەک ئەتلایتەوە. دڵنیا بووم لەوەی خەونێکی ناخۆشت بینیوە، وتم با بە ئاگای بێنمەوە» ئەفسانە بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵەوە کە ئارامی پێدەبەخشێتەوە پەتۆکە بەسەر خۆیا دەداتەوە.

# سێیەم ڕۆژی بەفرباڕین

# ١

لەشەوەوە بە بەردەوامی بەرفر دەباری، تاو ناتاوێک هێور دەبوویەوە و بە پروشەیەکی تەڕ و ئاوێتە بەباران لەگەڵ گەمەی بادا خۆی بە هەموو کوچەو قوژبنێکی شارەکەدا دەکرد. دواتر بەهێمنی وەک ئەوەی ئاسمان بێزاری خۆی بە سەر ئەو شارەدا بڕژێت و بیەوێت هەموو تاوان و ڕق و کینەکانی خەڵکی ئەو شارە لەژێر خۆیدا بشارێتەوە و کپی بکات. کلووەکان گەورەتر دەبوونەوە و جارێکی دی هەموو سروشتی لەخۆیدا سپیتر دەکردەوە. تا ئەو ئاستەی شاری بە تەواوی لە بەرفردا شارد بۆوە.

ئەفسانە لە ناندێنەکە دایە سەرقاڵی ئامادەکردنی خوانی ئێوارەیە. دەرویش لەژوورەکەیدا لەسەر قەرەویڵەکەی خۆی دانیشتووە تاو ناتاوێک وەک ئەوەی وەرزش بەپێکانی خۆی بکات، لەشوێنی خۆی به جەستەیەکی گرانەوە هەڵدەستێت و هاموشۆ بەناو ژوورەکەدا دەکات. جارجارێکیش لەپەنجەرەکەوە نیگایەک دەخاتە ماڵەکەی دراوسێکەیان، بەڵام کوڕی دراوسێکەیان نابینێت. بۆخۆیشی لەنهێنی دیارنەمانی کوڕەکە سەری سوڕدەمێنێت. لەمێشکیدا دەیان بیرگەلی جۆراوجۆر ئەندێشەی ئاڵۆز کردووە. بەڵام ناتوانێت گومانەکانی خۆی لەخاڵێکدا کۆبکاتەوە. تا بگاتە ئەوەی ئایا بەهۆی هەڵچوون و هەڕەشەکانییەوە بووە، کە ئەفسانە کوڕەکەی فەرامۆش کردبێت یان ئەوەتا شتێک یان ناپاکییەک بەپەنهانی لەپشتییەوە بوونی هەیە و هەستی پێناکات. هەر بۆیە دواجار هەموو بۆچوونە پەرتووبڵاوەکانی لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە بەردەوام چاوەکانی لەسەر ڕەفتارەکانی ئەفسانە بێت، تا نهێنی ئەو کارە وەک هێلکەیەک بۆخۆی هەڵدێت و دێتە بەردەمی خۆی بۆ ئاشکرا دەکات.

ئەفسانە بەدەم کارکردنەوە نیگەرانە، هەستدەکات تەواو ئاوەزی لەدەستداوە بەهۆی خەونەکەی شەوەوە، کە هەموو ناخی داگیر کردبوو. تەزوویەکی نائارامی بە جەستە گرانەکەی بەخشیبوو. ئارەزووی دەکرد تەنها بۆ ساتێکیش بێت لەماڵەکەی خۆی بچێتە دەرەوە و

بۆ شوێنێکی دوور کەللەسەرە ئاڵۆزو پڕ ئەندێشەکەی هەڵگرێت. بۆخۆیشی نەیدەزانی ئەگەر ئەوە ڕوودبدات بۆکوێ بچێت. بەرەو کوێ بڕوات و لەکوێدا هەنگاوە شەکەتەکانی ئارام بگرێت. هەر لەوێدا دوور لەهەموو دژوارییەکانی ژیان لەئامێزی سروشتێکی ئارامبەخشدا دەروونە ئاڵۆز و پڕ لە ئازارەکەی لەجەنجاڵی ژیان خاڵی بکاتەوە. زۆر جار ئارەزووی دەکرد ببێتە باڵندەیەک و لەناکاوێکدا لەماڵەکەی خۆی هەڵبێت و بەرەو قوڵایی ئاسمان بفڕێت. بەسەر ئەو چیا بڵندانەی بەفر لە خۆیدا شاردوونیەتەوە بەسەر پێدەشت و ڕووبارەکاندا بفڕێت. ئەوەندە دوور بفڕێت هەموو سنوورەکان تێپەڕێنێت. هەتا دڵە شەکەتەکەی لە شوێنێکدا ئارام دەگرێت و هەناسەیەکی بەختەوەری هەڵدەکێشێت. بەڵام ئەفسوس کاتێک بیری لەو هەستەدا ڕۆچووبوو، بۆخۆیشی دەیزانی ئەو خەیاڵە کارێکی ئەستەمە. پێدەچێت ئەم ماڵە چارەنووسی بێت، تا ئەو کاتەی بە هێمنی دەیخنکێنێت و تەنها بە جەستەیەکی بێ گیانەوە دەتوانێت لێی بێتە دەرەوە. لەو کاتەتدا شتێک لەحەوشەکەدا بەخۆی دێنێتەوە، ئەفسانە بە هێمنی دەچێتە بەردەم جامخانەی دالانەکە و لە حەوشەکە دەڕوانێت. لەناو ئەو بەفرە زۆرەی کە حەوشەکەی بۆ هێندەی دوو بست بڵند کردووە. کۆترێکی سپی دەبینێت، ئەفسانە لەنێوان گومان و ڕاستیدا ڕاماوە لەوەی، « بۆچی بەو بەفرە زۆرەی کە پێکانی مرۆڤی تیا وون دەبێت کۆترێک

لانـەواز بـووە. دەبێت هۆکاری چی بێت؟ ئایا برسێتی ناچاری کردووە یان ئەوەتا بێزاری مانەوەی لەلانەکەی تەنی پێهەڵچنیوە. یان ئارەزوو دەکات بەم کەشی بەفرە ئاسمان لەئامێزی خۆی بگرێت «، سەری بەشوشەی جمخانەکەوە دەنێت تا ڕوونتر ئەو دیمەنە نامۆیە ببینێت. چاوەکانی کەمێک بچووک دەکاتەوە بۆ ئەوەی سەرنجەکانی لەسەر جوڵەی ئەو کۆترەی لەبەردەم بارینی ئەو بەفرە زۆرەدا ڕەنگە سپییەکەی تێکەڵ بووە و بۆی جودا ناکرێتەوە تیژتر دەکاتەوە. کۆترەکە وەک ئەوەی قاچەکانی بەشتێکەوە پەیوەست بووبێت، بەردەوام باڵەکانی دەبزوێنێت. لەهەوڵی ئەوە دایە بەرەو شوێنێکی دی بفڕێت، بەڵام پێدەچوو بارینی بەفرەکە ڕێگر بێت، یان ئەوەتا قاچەکانی بەناو نەرمی بەفرەکەدا ڕۆدەچێت و ناتوانێت تاوێک بەجەستە سوکەڵەکەی خۆی بدات بۆ فڕین. لەو ساتەدا کە ئەفسانە نیگاکانی لەنێو دیمەنی کۆترەکەدا ڕۆچوو بوو، پشیلەیەکی ڕەنگ بۆر لەدیواری حەوشەکەوە بەبازێک هەڵدەکوتێتە سەری. کۆترەکە لەترسی گیانی خۆی تاوێک بەخۆی دەدات و بە نزمی بەرەوماڵەکەی دراوسێیان دەفڕێت. پشیلەکەش لەگەڵ نیگانی ئەفسانەدا بەدوای کۆترەکە دەکەوێت.

ئەو ڕوداوە وەک خەونێک بە کپی و بێدەنگی لەماوەی چەند چرکەیەکدا لەپێش چاوەکانیدا ڕوودەدات، تێپەڕبوونی ئەو دیمەنە بەخێرایی هەستێکی نامۆ بە

ئەفسانە دەبەخشێت، بۆخۆیشی نازانێت ئـەوەی بە چاوەکانی خۆی بینی، ڕاستی بوو یان تەنها خەیاڵێکی خۆی بوو بەڕاستی وێنای دەکرد.

« سروشتی ژیـان ئـاوایـە، بە وێنەی ئـەو کۆترەی دەیەوێت بەردەوامی بەو ژیانە سەختەی خۆی بدات و لەهەوڵی قوتارکردنی خۆیەتی لەبەردەم مەترسیەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی بەسروشتی خۆیان دڕەندەن و لەپێناو مانەوە و خۆشبەختی خۆیاندا هەموو ژیانی ئەوانی دی دەکەنە قوربانی ژەمێکی پڕچێژی خۆیان. لەژیانتدا پێویستە بـەردەوام بەرگری لەبوونی خۆت بکەیت و لەهەوڵی دەوەدا بیت لەدەستی دڕندەکان خۆپارێز بێت، یان ئەوەتا لەبێدەسەلاتیتدا خۆت ڕادەستی چارەنووسێکی نادیار دەکەیت و وەک کۆترێکی دەستەمۆ دەکەویتە بەر کەڵبەی ئەو مرۆڤە دڕندانـەی بەوێنەی دەروێـش، کە هەموو ژیانتی تاڵکردووە ». ئەوە پەیڤی ئەو دەنگەی ناخی ئەفسانە بوو کە هەموو هەستەکانی لەخۆیدا کۆکردبۆوە، ئەفسانە ویستی ئـەوەی هەبوو وەک مرۆڤێک بیدوێنێت، بۆخۆی باش دەزانێت تەمەنی دەنگەکەی ناخی بەهێندەی تەمەنی کوڕەکەیەتی، بەڵام جیاواز لەو مرۆڤێکی دی شەڕەنگێزو سەرەڕۆیە، مرۆڤێک پڕ لە هەستی ڕق و کینە و تۆڵە و تاوان، مرۆڤێک کە هیچ بەزەیی و خۆشەویستییەکی تیا بەدی ناکرێت و ناتوانێت ڕێگری لەسەرکێشییەکانی بکات. هەربۆیە وەک هەموو

جارەکانی دی، ئارەزووی دەکرد بەقسەکانی خۆی، ئەو هەستی تاوان و شەڕەنگێزیانە لەناخیدا دامرکێنێتەوە و کپی بکاتەوە، تا لەو جەنگە نەگریسەی دەروونی خۆی هەڵبێت.

بەڵام ئەفسانە هەموو بیرو هەستەکانی لەنێو تاواندا کۆبوو، لەو ساتەدا دیمەنی گۆشتفرۆشەکەی بەبیردا هاتەوە کە بێبەزییانە ئێسکی مەڕەکەی بەکێردە تیژەکە دەشکاند، یان ڕۆکردنی ئەو مەرگەموشەی بۆ جرجەکانی کردبوو بە لەتە سێوە کانەوە، شتیگەلێکی زۆرتر کەلە ژیانیدا بینی بووی، بیری لەوە دەکردەوە مرۆڤ بەسروشتی خۆی دڕندەیەکی تاوانکارو بەدکارە، بەڵام ئەوەی وا دەکات ئەو هەستە لەنێو دیوەتاریکییەکانی ناخیدا پەنهان کات، هەستی مرۆڤدۆستی و خۆشەویستییە، کاتێک ئەو هەستە لاواز دەبێت، یان نەریت و یاساکانی ژیان دەبنە ڕێگری، لەبری ئەوە بەشێک لەشەڕەنگێزییەکانی مرۆڤ لەخۆیاندا وێنا دەکەن و بەرژەوەندی خودی تێیدا زاڵ دەبێت، چیتر مرۆڤ ناتوانێت بەئارامی بژیّ.

هەموو توندو تیژییەکان ژیان لەو بیرانەوە سەرچاوە دەگرن، کە مرۆڤ متمانەی پێیان هەیەو کردوونی بەیاسایەک بۆ ژیانی خۆی، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مرۆڤ سەرچاوەی تاوان و خوێن ڕشتن بووە، بەهۆی هەموو ئەوبیرو بۆچوونانەی کە ڕەواییان بەخۆیان داوە بەناوی خوداوە ڕەوایی بەتاوان بدەن و

مرۆڤ بکوژن و بیچەوسێننەوە، ئاخر ئەوە کەی ڕەوایە مرۆڤ بە ویستی خۆی ژیانی مرۆڤایەتی تاڵ بکات و بیکاتە دۆزەخ، کێ مافی ئەوەی هەیە بەناوی خوداوە بڕیارلەسەر چارەنووسی مرۆڤەکان بدات، هەربۆیە کاتێک خۆشەویستی لەناخی مرۆڤەکاندا دەمرێت، هەستی تاوان و ڕق وکینە بەهێزتر دەبێت و ژیانی مرۆڤایەتی سەراپا دەبێتە تاوان و خوێن.

کاتێک ئەفسانە بەو هەستەوە بیری لەتاوان و مرۆڤایەتی دەکردەوە، دەنگەکەی ناخی پێچەوانەی ئەفسانە دەدوا، هەر بۆیە ئەفسانەی بەپرسیارێک خستە دۆخێکی پڕگومانەوە « گوێ بگرە ئەفسانە، واهەست مەکە خۆت بەتەنێ مرۆڤێکی جودا بێت لەهەموو ئەو مرۆڤانەی لەم شارەدا دەژین، تۆش بەشێکی لەتاوان و هەست و نەستت، بە ڕق و کینەو هەستی تاوان ئاو دراوە، تۆش وەک هەموو خەڵکێکی دی لەناو ئەو نەریت و یاسایانەدا گۆشکراویت و گەورە بوویت، هەر بۆیە ناتوانیت بەتەنێ خۆت لەهەموو ئەوانی دی جودا بکەیتەوە، دڵنیا بە مرۆڤ بۆخۆی یان تاوانکارە یان هۆکاری تاوانە، لە هەردوو دۆخەکەدا بیری تاوان خۆی دەسەپێنێت، هەموو مرۆڤێک ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەو خۆ بەشێکە لەتاوان، هەر بۆیە ئەوە چارەنوسی هەموو مرۆڤێکە لەو دۆخەدا ناچار بێت بەتاوان، تۆ بڕوانە هەرگیز ماسی ناتوانێت لەگۆمێکی لیڵدا بژێ، کە جانەوەر پیسی کردبێت، ئەوکات ناچارە

دەبێت کۆچ بکات و زێدی خۆی بەجێبهێڵێت یان ئەوەتا بە ناچاری و بە هێمنی دەخنکێت، بەڵام مرۆڤ سروشتێکی جودای هەیە، لەهەموو کاتێکدا دەتوانێت ببێت بە هەر دووکیان، مەبەستم ماسی و درەندەکەیە، تۆش بۆ ئەوەی بتوانیت لەگەڵ هەموو ئەو ژیانەدا هەڵبکەیت دەبێت وەک ئەوان بیت.

تۆ ناچاریت ئەوە بکەیت ئەفسانە، ئەگەر نا، تۆ بیر لەخۆت بکەرەوە، بزانە هەموو ڕەفتارە ناپەسەندەکانی دەروێش بۆکوێ چوون؟ هەموو ئەو سووکایەتی پێکردنانەی بەتۆی کرد یان بیر لەوە بکەرەوە، کە چۆن هەموو تەمەنی منداڵی و کچێنی تۆی دزی. بە بێ ئەوەی بەویست و ئارەزووی خۆت بێت، وەڵامم بدەرەوە ئەفسانە ئایا لەنێو دڵی تۆدا خۆشەویستی هەیە... ها؟ خۆشەویستییەک هەیە هەتا ڕێگر بێت لە بەردەم تاواندا. پێم بڵێ؟ ئەگەر هەیە، وەڵامم بدەرەوە. ئاخر بیر و نەریتێک کە بۆخۆی وێنای تاوانی تیا نەخشابێت چلۆن دەتوانێت خۆشبەختی بۆ مرۆڤەکان بئافرێنێت. ئاخر کێشەی مرۆڤەکان لەوە دایە کە لەنەزانین و بیر نەکردنەوەی ناخیان، متمانە بە هەموو ئەو شتانە دەکەن کە بەناوی خوداوە وتراوە و بۆتە بەرنامەی ژیانیان. بە بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن، کە هەر لەمنداڵییەوە ناخیان و کەسێتیان بەو بیر و هەستە گۆشتکراوە، هەر بۆیە تاوان بۆتە بەشێک لەبیرکردنەوە و

هەستەکانیان و بەردەوام لەنێویدا دەژین و بەئەنجامدانی هەست بەئارامی دەکەن.

تۆ بیر لەهەموو ئەوانە بکەرەوە ئەفسانە، بزانە تۆ چۆن دەتوانیت لەنێو ژینگەیەکی پڕ لە تاواندا درێژە بەژیانی خۆت بدەیت و ئاسودەیی بۆخۆت فەراهەم بکەیت ها؟ مرۆڤ بۆ ئەوەی ژیانی خۆی بگۆڕێت، پێویستە سەرکەشی بکات. ئەوانەی ویست و هێزی سەرکەشییان نییە، ژیانیان بۆگەن دەکات. هیچ نەبێت بۆ جارێکیش بێت، سەرکەشییەک لەژیاندا بکە ئەفسانە. تۆ بزانە چۆن ژیانت لەگەڵ ئەم پیرە پیاوەدا بۆگەنی کردووە. تەنانەت بۆ خۆیشت بێز لەبوونی خۆت دەکەیتەوە».

ئەو کاتەی ئەفسانە لەناو خەیاڵە ئاڵۆزەکانی خۆیدا دێتە دەرەوە، بێئاگایە لەوەی چی بەسەر چێشتەکەیدا هاتووە، بلەز کەوچکێک بەناو قازانەکەدا دێنێت و کەمێک لێی دەڕوانێت، دواتر بە کەوچکەکەی کەمێک لەشۆبای ترخێنەکە دەردەهێنێت، دەیەوێت چێژی بکات تا بزانێت تامی خوێکەی چۆنە؟ بەڵام پەژیوان دەبێتەوە بەهۆی بیرکردنەوە ئاڵۆزە کانییەوە کە بۆخۆشی نەیزانیوە چۆن ڕەفتاری کردووە، بیری ئەوەی نایەتەوە خۆی تێکردبێت یان نا، بەڵام بۆئەوەی دەروێش بەهۆی نەخۆشی فشاری خوێنەکەیەوە توشی گرفتێک نەبێت خوێی تێناکات، ئاگری ژێر مەنجەڵەکە کز دەکات و لێی دەگەڕێت و بەرەو ژوورەکەی دواوە دەچێت .

## ٢

هەموو مرۆڤێک ناچارە بە تاوان، ئەو کاتانەی ئاوەزی لەدەست دەدات، کاتێک هەستی کینە و تۆڵە لەناخیدا وەک ژەهرێکی کوشندە بە ناو هەموو جەستەیدا بڵاو دەبێتەوە و مێشک و بیرو هەستەکانی ئەتەنێتەوە، مرۆڤ کوێرو گەڕو بێبەزەیی دەکات، ئەو کاتەی مرۆڤ تاوانێک ئەنجام دەدات، هەرگیز خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی و بەزەیی لەهەست و ناخیدا بوونی نامێنێت و تاوان دەبێتە دوا بڕیار و چارەنووس. بەڵام کە مرۆڤ ئاوەزی بەخۆی دێتەوە، ئەو کات هەست بەخۆی دەکات چ کارێکی دڕندانەی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، هەستی بەژیوانی ناخی وێران دەکات و لەناو خۆیدا سەرزەنشتی

خۆی دەکات، بەڵام ئایا هەموو مرۆڤێک هەست بەو مرۆڤدۆستییە دەکات، یان دەتوانێت لەو ساتانەی هەستی تۆڵە و تاوان هەموو ناخی ئەتەنێتەوە، بە خۆی بێتەوە و بە ئاوەزەوە بیر بکاتەوە و ناخی خۆی لەو ژهرە کوشندەیە خاوێن بکاتەوە.

ئەفسانە بەتەنێ ئاوا بیری لە هەستی تاوان دەکردەوە، لەنێو ئەو بیرگەلانەدا یادەوەرییەکانی وەک ڕووبارێکی ڕوون ڕژانە ئەندێشەکانییەوە، سەرەتا بیری لەچۆنیەتی کوشتنی خۆشکەکەی کردەوە، کە دەروێش شەوانە وەک چیرۆکێکی بەچێژ بۆی دەگێڕایەوە و دەیگوت: ( هەرگیز خوشکەکەت سەفەری نەکردووە ئەفسانە، ئەوە تەنها درۆیە بوو بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانە لە منداڵی تۆ، ئەو ڕۆژەی براکەت هەستی بە کارە ئابڕووبەرەکەی خۆشکەکەت کرد و زانی لەپیاوێکی چەپەڵ و داوێن پیس دووگیانە، تەواو هۆشی بەخۆی نەمابوو، کە هاتە لام و چیرۆکەکەی بۆگێڕامەوە، ئەو پیاوە بەشکۆ و بەهەیبەتە وەک مرۆڤێکی بوو دەڵە و لاواز دەهاتە پێش چاوم، هێز لەناخ و جەستەیدا نەمابوو، ئەو پیاوەی هیچ کەسێک هێزی ئەوەی نەبوو لەچاوە تیژ و بوێرەکانی بڕوانێت کە وەک ئاگر مرۆڤ لێی دەتۆقی، وەک بوونەوەرکی بێدەسەڵات لەبەرامبەرمدا وەستا بوو، ئەو پەنای بۆ من هێنا ئەفسانە، دوای هاوکاری

لێکردم بەهانایەوە بێم و لەو دۆخە ئابڕووبەرە ڕزگاری بکەم.

هەستی تۆڵە چاوەکانی وەک گۆمی خوێن سورکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی ئەنجامدانی نەمابوو، لاواز و بێدەسەلات لە هەمبەر شکاندنی ئابرووویدا، من لۆمەی ئەو هەڵوێستەیم نەکرد، ئاخر مرۆڤ لە بەردەم شکاندنی شەرف و شکۆی خۆی و بنەماڵەکەیدا چۆن دەتوانێت وەک پیاوە بە پێوە بوەستێت و ڕەفتار بکات، بۆخۆیشی نەیدەزانی لەبەر تانەو تەشەری خەڵکی سەر بەکام کوندا بکات و خۆی تێدا بشارێتەوە.

سەرەتا پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد، بە نهێنی پەیوەندی بەو هەتیوە داوێن پیسەوە بکات و ناچاری بکات خوشکەکەتی لێ مارە بکات، تا دەمی هەموو ئەو خاڵکانەی پێ بکوتێتەوە، کە بەردەوام لەهەموو شوێنێکدا، لەچایخانە و کۆڕو کۆبوونەوەکانیاندا، لەسەر کارو سەردان و میوانداریییاندا، باس باسی ئابڕووچوونی خوشکەکەت بوو، بەڵام ئەفسوس ئەو بیرۆکەیە نەیتوانی وەڵامی دەمی هەموو قسەی ئەو خەڵکانە بداتەوە، کە وەک چەقۆیەکی کول هەناو و جگەری براکەتی هەنجن هەنجن دەکرد، کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکی لەسەر کارەکەی بەشەڕ دێت، ئەو پیاوە، ئابڕووچوونەکەی وەک فیشەکێک بە دڵی براکەتەوە دەنێت و هێزی لێدەبڕێت، ئاخر تا ئەو کاتەی ئێمە بیرمان لەچارەسەری ئەو کارە

دەکردەوە، بێئاگابووین لەوەی دەنگۆی بەدرەوشتییەکەی خۆشکەکەت هەموو شوێنێکی تەنیوەتەوە و بۆتە بنێشتە خۆشەی سەر زاری هەموو کەسێک.

ئەو ڕۆژی براکەت هانای بۆهێنام بیری لەوە کردەوە بەکوشتنی خوشکەکەت کۆتایی بەهەموو ئەو قسانە بێنێت کە لە پیاوەتی خستبوو، هەر بۆیە داوای ئەوەی لێکردم دەمانچەیەکی بۆ پەیدا بکەم تا بە هۆیەوە خوشکەکەت بکوژێت و خۆی لەو ئازارەی ناخی ڕزگار بکات. لەوانەیە تۆ پرسیاری ئەوەم لێبکەیت بۆچی من دەمانچەکەم بۆ پەیدا کرد و بوومە هۆکاری ئەنجامدانی ئەو تاوانە، ئاخر براکەت بۆ من تەنها هاوڕێم نەبوو، بەڵکوو ئەو وەک برایەک وابوو بۆ من، بۆخۆت باش ئەوە دەزانیت لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەهۆی پەیوەندی و هاوڕێیەتیمانەوە منیش کەوتبوومە بەرتانەو تەشەری خەڵکی بێویژدان، چەندین بوختانیان پێکردبووم، هەندێک دەیانگوت: «هامووشۆی دەوریێش بۆ ئەو ماڵە بێمەرام نییە، هەڵبەت مەبەستێکی لەژێر سەردایە، دوور نییە دەستی لەگەڵ کەچەکانیاندا تێکەڵ نەکردبێت و سکی کچە بچووکەکەشیان ئاوس نەکات».

دڵنیا بە ئەفسانە، ئەوە بۆ من زۆر بەئازار بوو، ئازارێک کە هەموو ناخی داگیر کردبووم بەردەوام وەک ئەوەی بەردێکی گەورەیان لەسەر دڵم نابێت و بە ئاستەم هەناسە بدەم، ئاوا دڵی توند کرد بووم، زۆرباش دڵنیا بووم لەوەی

ئەگەر تۆم نەخواستبا هیچ کەسێکی دی تۆی نەدەویست، بەهۆی قسە و قسەلۆکی خەڵکییەوە هیچ کەسێک ویستی ئەوەی نەبوو خزمایەتیتان لەگەڵدا بکات، هەر بۆیە دەبوو ئەو کارە بکرابا ئەو تاوانە بەدەستی براکەت خۆی ئەنجام بدرابا تەنها بۆ ئەوەی جارێکی دی شکۆیەک بە خۆی و خێزانەکەتان بداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەنەمتوانی خواستی براکەت ڕەتبکەمەوە لەمەڕ خاوێنکردنەوەی شەرەفی خۆی بە تاوان، هەر چۆنێک بێت دەمانچەیەکی بچووکم بەدزییەوە بۆ پەیدا کرد.

ئەو شەوەی براکەت خوشکە گەورەکەتی بەنیازی سەفەر و دوور خستەوە و لەشار بردییە دەرەوە، من ئاگاداری هەموو کارەکان بووم و دەمزانی ئەو شەوە خوشکەکەت دەکوژرێت، لەماڵەوە بەردەوام لەچاوەڕوانی هاتنەوەی براکەتدا بووم، کات لە دوانزەی شەو تێپەڕی کردبوو، خەوێکی قوڵ ئەوکی گرتبووم، لە ژوورەکەی خۆمدا بەتەنێ لەسەر عەردەکە ڕاکشابووم، نازانم چەند دەبوو خەوم لێکەوتبوو، لەهیکرا دەنگی لێدانی دەرگا ئاسنەکەی حەوشەی دەرەوە ڕایچڵەکاندم، کاتێک بە دزییەوە دەرگاکەم کردەوە، براکەت جامانەیەکی لەسەرو گوێلاکی خۆی ئاڵاندبوو، بە دزی دایکمەوە هێنامە ژوورەکەی خۆمەوە، هێشتا سیمای براکەت ترس و پەژیوانی پێوە دیاربوو، کاتێک دەمانچەکەی لەبەینی چۆخەکەی دەرهێنا قوڵپی گریانێک گەرووی وشک کردبوو. بلەز تاوم دایە ئەو

سوراحییەی کە لەسەر تاقی پەنجەرەکە دامنابوو لەگەڵ پەرداخەکەدا هێنامە بەردەمی و کەمێک ئاوم بۆ کردە پەرداخەکەوە و دامە دەستی هەتا کەمێک بەخۆیدا بێتەوە. لە دوای خواردنەوەی ئاوەکە بە دەستە لەرزۆکەکانی کە هێشتا ئاسەواری کوشتنەکەی پێوە دیاربوو، هێدی هێدی بەخۆی هاتەوە و خوێنی چاوەکانی کەمێک ڕەوینەوە، لەو کاتەدا پرسیاری ئەوەم لێکرد.» بۆچی دەگریت و هەست بەپەژیوانی دەکەیت « براکەت بە دەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵ و بەئازارەوە وتی: (کاتێک بەتەوای لەشار دوورکەوتینەوە و گڵۆپی ماڵەکانمان لێی دیار نەما، داوام لە خوشکەکەم کرد بچینە ئەو کەندەکە تاریکەوە کە بەئاستەم بەرپێی خۆمان تیا دەبینی، ئەو دەیزانی مەبەستی دوورخستنەوەیم نییە و خوێن بەری چاوەکانمی گرتووە و نیازم کوشتنیەتی، کە گەیشتینە ناو تاریکی کەندەکەکە بەدەنگێکی لەرزۆکەوە کە پاڕانەوە و پەژیوان بوونەوەم تێدا دەبینی وتی: « تکا دەکەم کاکە گیان توخوا مەمکوژە، من کردم تۆ مەیکە. هەڵەیەکم کردووە هەتا مردن لێی پەژیوانم « بە جەستەیەکی لەرزۆک و لاوازەوە هاتە نزیکمەوە، تاویدایە دامێنی شەڕواڵەکەم و بەدەم هەنسک و گیرانەوە لێم دەپاڕایەوە هەتا پەژیوانم بکاتەوە و نەیکوژم. بەڵام من چیم بکردایە، پیاو کە کەوتە نێوان دووڕیانێکەوە کە هەردووکی ڕێبەندان و نەهامەتی و ئازار بێت، ناچارە یەکێیان هەڵبژێرێت و چارەنووسی خۆی ڕادەست بکات.

لەو کاتەدا کە قسەی ئەو خوێڕیەم بەبیردا هاتەوە، کە لـەدوای لێدانێکی زۆر بـەدەم و قـەپۆزی خوێناوییەوە سووکایەتی پێکردم، بەتەواوی ئاوەزی خۆم لەدەستدا و بەزەیی لەناخمدا نەما.

خـوشـکـەکـەم لـەبـەردەمـمـدا کـەوتـبـوو بـە هـەر دوو دەسـتـەکـانـی وەک ئـەوەی هـانـای بـۆ مـەرقـەدی پیاو چاکێک بردبێت و بە دڵێکی کەیلەوە نزا بکات، سەری بەشەرواڵکەمەوە نا بوو بە هەر دوو دەستە لەرزۆکەکانی ڕایدەوەشاند و دەپاڕایەوە. لەو دۆخەدا تەواو ئاوەزم لە دەستدابوو، بەهەموو هێزم پاڵێکم پێوەنا، ئاااای دەروێش ئەوەندە لاواز و بێدەسەڵات بوو. کاتێک بە پشتدا کەوت چیتر هێزی ئـەوەی نەبوو لە شوێنی خۆی هەستێتەوە، وەک مار لەناو ئەو دڕک و داڵ و خۆڵە دا وەک مارێکی بریندار کینگڵی دەدا، دەنگی گریان و پاڕانەوەی لەناو ئەو کەندەکە تاریک و خامۆشەدا دەنگی دەدایەوە. نازانم چۆن ڕێگەم بەخۆمدا بەدەستەکانی خۆم مرۆڤێکی بێدەسەڵات و بێ هێز بکوژم کە لەبەردەممدا دەپاڕێتەوەو داوای لێبوردنم لێدەکات. ئاااخ دەروێش بۆخۆیشم نازانم چۆن ئەوە ڕوویدا و ئەو کارەم کرد، لەو ساتەدا ترسی ئەوەم هەبوو کەسێک هەست بەبوونمان بکات و کارەکەم ئاشکرا بێت و تووشی گرفتێکم بکات. بە ناچاری تاوەمدایە دەمانچەکە و میلەکەیم بە خێرایی ڕاکێشا و دوو فیشەکم نا بەسەریەوە و بێدەنگم

کـرد». بەڵێ ئەفسانە ئەوە چارەنووسی خوشکەکەت بوو، کە بە ویستی خۆی هەڵیبرژارد بوو، ئاخر لەدوای هەموو ئەو کارە نارەوایەی کردی و سەری بنەماڵەکەتانی شۆڕکرد. چیتر پەژیوانی دادی چی بدات؟

ئەو شەوە براکەت هەتا سپێدە خەو نەچووە چاوەکانی. هەتا دوای چەند هەفتەیەک هەستم دەکـرد پەژیوانی خەریکە ناخی دەتەنێت و ڕۆژ بـەڕۆژ لاوازی دەکات. هەر بۆیە بەردەوام دڵنەوایم دەدایەوە بەوەی، ئەو کارەی کردوویەتی لـەلای خـودا و قیامەت ڕەوایـە و پێویستە دەروونـی ئاسـودە بێت و هەست بە شکۆ و هەیبەتی جارانی خۆی بکاتەوە ).

ئەفسانە بـەدەم هەنسکی گریانەوە بیری لەو ساتانە دەکـردەوە کە براکەی لەئەنجامی کوشتنی خوشکەکەیدا هەستی پەژیوانی ناخی تەنی بوو، بیری لەوە دەکردەوە بۆچی مرۆڤەکان پێش تاوانەکان ناتوانن بە ئاوەزەوە کەف و کوڵی ئەو هەستە ئەهریمەنئاسایە لەخۆیاندا دامرکێننەوە و دواتر پەژیوانی نەبێتەوە و ئازارێکی نەبڕاوە و هەموو تەمەنی وێران نەکات.

هـاوکـات ئەفسانەی هـەمـوو ئـەو سـاتـانـەی بەبیردا هاتەوە کە بـراگـەورەکـەی کاتێک بەهۆی نەخۆشیەکی کوشندەوە دوا هەناسەکانی بە مەرگ دەسپارد لەژێر لێوە لەرزۆکەکانیدا ئەو هەستەی درکاند، تا ئەو کاتەی ڕۆحی

لەجەستەی جودا بۆوە بەردەوام دەیگوت: «خوشکەکەم بمبوورە، پەژیوانم لەوەی بەرامبەر بەتۆ کردم.» بەڵام ئەوەی دڵی ئەفسانەی تەنگ و خەمبار کردبوو تەنها چیرۆکی کوشتنی خوشکەکەی و پەژیوان بوونەوەی براکەی نەبوو لەو تاوانە، بەڵکوو دڵڕەقی و بێویژدانی دەرویێش بوو، کە وەک دڕەندەیەک هەستی بەزەیی تیا نەدەبینی، دڵنیا بوو لەوەی دەرویێش ئەگەر بیکوژێت هەرگیز هەست بەپەژیوانی ناکات، ئەو هەموو بیرو هەست و ناخی بەتاوان و خوێن ئاشنا بووە و خۆشەویستی لەناخیدا هەرگیز بۆ ساتێکیش چەکەرەی نەکردووە، هەر بۆیە ترسی ئەوەی هەبوو ڕەفتارەکانی بێتە هۆی بەئاگا بوونەوەی ئەهریمەنە نوستووەکەی ناخی و لەشەوێکدا بەمەرگی بسپێرێت.

لەگەڵ هەموو ئەو بیرگەلانەدا، ئەفسانە بیری لەوەدا کۆبوو، کە لەنێو خۆیدا دەنگەکەی ناخی بۆ هەتا هەتایە دەم کوت بکات و ڕێگەی ئەوەی پێنەدات بە کارێکی ئابڕووبەرانە، یان تاوانێکی ئاشنا بکات و هەتا کۆتایی تەمەنی ئازاری پێوە بچێژێت و ژیانی تاڵتر بکات.

هەر بۆیە بە هۆی هەموو ئەو بیرە دژوارانەوە لەهەوڵی ئەوەدا بوو، لەناو شەوە زەنگێکی تار و ئەنگوستە لەچاوی ناخیدا ڕۆشناییەک بدۆزێتەوە، هەتا بەر پێی خۆی ببینێت و ئەو ڕێچکەیەی پێ ڕۆشنبکاتەوە کە ئارامی و دڵنەوایی بە دەروونە پەژموردەکەی دەداتەوە، ئەو

بۆخۆیشی نەیدەزانی لەکوێدا پێی دەگات و دەتوانێت هەنگاوەکانی بەرەو ئومێدێک هەڵنێت یان هیچ نەبێت، ئەو دەنگە نەگریسەی ناخی ئارام بکاتەوە، کە بەردەوام هۆگری ژیانی بووە و لێی جودا نابێتەوە.

# ٣

کات بە هێمنی تێپەڕ دەبێت، دەرویش لەژوورەکەیدا خۆیدا لەچاوەڕوانی هاتنی موحەمەدی کوڕی و خێزانەکەیدا لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشتووە، بەدەنگێکی نزم لەبەر خۆیەوە قورئان دەخوێنێت، بەو هەستەوە کە ئاوەدانی بۆ ماڵەکەی بگەڕێتەوە و هەرچی ڕەفتارو بیری شەڕەنگێزی شەیتان و ڕۆحە شەرەنگێزەکان هەیە لەماڵەکەی بەدەرنێت و ئاسودەیی و ئارامی بەدەرونی خۆی بدات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کوڕەکەی دراوسێیان جارێکی دی دزە دەکاتە خەیاڵەکانییەوە، دیار نەمانی پرسیارگەلێک لەبیریدا دەوروژێنێتەوە، کە نازانێت ئەنجامەکەی بەچی دەگات، ئایا ئەو کەسە بە خۆی هاتۆتەوە و هەست بە تاوانی نیگا

حەرامەکانی دەکات بۆ سەر ماڵکەی و ئابڕووی، یان ئەوەتا پلانێکی نهێنی هەیە کەهەستی پێنەکردووە؟ دەروێش ئارەزوو دەکات لەگەڵ خوێندنەوەی هەموو ئایەتێکدا وەک ئەوەی نەفرەت بەڕووی شەیتاندا بدات، بەو هەستەوە دەست بەخوێندنەوەی قورئانەکەی دەکاتەوە، تا بۆ دواجار لەناو ماڵ و جەستەی ئەفسانەدا بە دووری بخاتەوە و بۆ هەرگیز نەگەڕێتەوە .

ئەفسانە لە ژوورەکەی دواوە لەهەوڵی کپکردنەوەی دەنگەکەی ناخی خۆیەتی. بیر لەوە دەکاتەوە ئەمشەوە ئارامی بە هەموو هەستەکانی بداتەوە و هاتنی کوڕەکەی ئارامی بەژیانی ببەخشێت و لەڕێگەیەوە هانی بدات ئامۆژگاری باوکە پیرەکەی بکات، کەهەموو ناخی لەگومان و دڵپیسی دا سیخناخ بووە، بەو هەستەوە کەوتە پرسیارگەلێک لەخۆی هەتا بتوانێت لەنێو خۆیدا بە وەڵامێک ئارامی بەژیانی بداتەوە، ئایا دەروێش لەم کۆتاییانەی تەمەنیدا هۆشی خۆی لەدەستداوە و بەهۆی هەموو ئەو نەخۆشیانەی کە لاوازی کردووە و کاری لەهەست و بیرکردنەوەکانی کردووە، بۆیە بەردەوام هۆگری دڵپیسی بووە و چاوەکانی لەسەر ڕەفتارەکانییەتی؟ یان ئەوەتا ئەوە سروشتی چەندین ساڵەی خۆیەتی و لەئێستادا بۆتە خوویەکی بەردەوامی ڕۆژانەی و دەیەوێت بەو ڕەفتارانەی قەرەبووی لاوازییەکانی خۆی بکاتەوە، کە ناتوانێت چیتر وەک جاران بە تۆبزی و بە هێز و گوڕێکەوە تاو بداتە

جەستەیی و لەژێر خۆی بنبت و ئارەزووی ناخی تیا خاڵی بکاتەوە.

مرۆڤ کاتێک تەمەنی هەڵدەکشێت تەواو وەک منداڵ ڕەفتار دەکات و هەستەکانی ناسکتر دەبنەوە، هەست بەپەراوێزی خۆی دەکات لەناو خێزان وماڵەکەی خۆیدا. دەرویێش ئێستا لەلێواری مەرگدایە. ئەستەمە بتوانێت هەتا ساڵێکی دی ژیان بەڕێ بکات و لەسەر ڕەفتارەکانی خۆی بەردەوام بێت، ئەو کاتە ئەفسانە دەتوانێت بە ئازادی بژی و بە ویستی خۆی ئەگەر تەنانەت لەم ماڵە چۆڵ و تەریکەشدا بێت. دەتوانێت ژیانێکی ئاسودە بۆخۆی دابین بکات. ژیان بەردەوام لەگۆڕاندایە، بەڵام مرۆڤ هەستی پێناکات و تەنها لەخودی خۆیەوە بۆ هەموو ئەو شتانە دەڕوانێت کە مێشکی داگیر کردووە و لەناخیدا ماونەتەوە و بۆگەنیان کردووە، وەک هەڵگرتنی ڕق و کینە بەرامبەر بە مرۆڤەکان و گەورەکردنیان لەنێو خودی خۆیدا، تا ئەو کاتەی هەموو ناخی دەتەنێتەوە و ژیان لەبەردەمیدا تاریک دەکات و ناچاری دەکات بە تاوان و کاری ناپەسەند و نامرۆڤانە.

ئاخر ئەگەر سروشتی ژیان وەها بێت و من توانای چاوەڕوانی ئەو دەرفەتەم نەبێت کە ژیان پێمدەبەخشێت، لە بەرچی بە تاوانێک ژیانی خۆم تاڵتر بکەم و دەستەکانم بە تاوان ڕەشتر بکەمەوە بەرامبەر بە پیرە مێردێک، کە ئەوەندەی تەمەنی مریشکێکی نەخۆشی لەژیاندا نەماوە.

ئارامبەرەوە ئەفسانە، بە ئاوەزی خۆت وەرەوە و بیر لەخۆت بکەرەوە، واز لەو دەنگە نەفرەتییە بێنە، کە وەک شەیتانێک لەناختدا گەورەت کردووە و خەریکە هەموو هەست و ناخت بە تاوان دەشواتەوە.

مرۆڤ لە هەر شوێنێک بێت دەتوانێت لەناخی خۆیدا ئەوەی ئارەزووی دەکات دروستی بکات، تۆ وا هەست بکە لەژیانێکی نوێدایت و دڵت کەیلە لەخۆشەویستی و پیاوێک بە وێنەی کوڕی دراوسێکەتان لەنێو ژیانتدایەو شەوانە دێتە دیدارت و ناخت دەلاوێنێتەوە و دەستەکانی بەسەرتدا دێنێت و لەئامێزی خۆیت دەنێت، زۆر جار وەک تارماییەک ڕۆدەچێتە ناو ڕۆح و جەستەتەوە و پەی بە هەموو ئازارەکانت دەبات و لەگەڵ ماچێکی ئەفسوناویدا هەموو ناخت لەڕق و کینە و تۆڵە خاوێن دەکاتەوە. وەک کۆترێک بەرەو ئاسمان دەتفڕێنێت و لەئازار و جەنجاڵی ژیان بەدوورت دەخاتەوە. هەموو مرۆڤێک بۆ ئەوەی لەدۆخە دژوارەکانی ژیانیدا بەدوور بێت و ئارامی بەخۆی بدات، پێویستە لەنێو بیری خۆیدا جیهانێک دروستبکات. جیهانێک پڕ بێت لەهەموو ئەو شتانەی ئارەزووی دەکات و هەست و دڵی دەیخوازێت، دیوارێک لەنێوان خۆی و ژیانی ڕاستی خۆیدا دروستبکات، بۆئەوەی چیتر ڕێگە نەدات ئەو مرۆڤانە بێنە ناو جیهانەکەیەوە کە نامۆن بەخەونەکانی.

ئەفسانە لەناو ئەو بیرانەدا تەزوویەکی دڵنەوایی هەموو جەستە قورس و گرانەکەی ئارام کردەوە، هەستی

بە تروسکاییەکی کەم  دەکرد لەناو تاریکی ناخییەوە دەبریسکێتەوە و خەریکە هەموو بیر و هەستەکانی ڕۆشن دەکاتەوە، ئەوە بۆ ئەفسانە شتێکی تەواو نوێ بوو، کە هانیدا بە هۆیەوە گۆڕانکاریی لەژیانی خۆیدا بکات. بۆخۆیشی نەیدەزانی ئەو بیرە وەک بروسکەیەک چۆن بەئاوەزیدا تێپەڕی و هەموو هەستەکانی گرتەوە. هەر بۆیە بە دڵێکی ئارامەوە کەوتە گەڕان بەناو ئەو ژێر نوێنەی لایەکی دیواری ژوورەکەی داگیر کردبوو، دەرگاکانی کردەوە و کەتە گەڕان بە نێو هەموو پۆشاکە قەدکراوەکانیدا، وەک منداڵێک کە چۆن ئارەزوو دەکات لەنێو هەموویاندا پۆشاکێک هەڵبژێریت و لەبەردەم باوکیدا پەراوەی بکات، بەو هەستەوە چەند پارچە کراسێک و ئاوەڵ کراسێکی دەرهێنا و هەموویانی هەڵگرت و هاتە ژوورەکەی دەروێشەوە و لەنێزیک زۆپاکەوە داینا. دەروێش کاتێک ئەفسانە دەبینێت دەست لەخوێندنەوەی قورئانەکە هەڵدەگرێت و بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانێت، کە خەریکە ماکسیەکە لەبەری خۆیدا دادەماڵێت بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، چاوە بزێوەکانی لەسەر ڕەفتارەکانی ئەفسانەیە. متمانە بەو ڕەفتارەی ناکات، زەردەخەنەیەکی تاڵ لێوە وشکهەڵهاتووەکانی دەبزوێنێت، ئەفسانە وەکئەوەی نمایشی جەستەی خۆی بکات ڕوو لەدەروێش دەکات و لەبەردەمیدا بە هێمنی مەمکدانەکەی لەخۆی دەکاتەوە و دواتر بەئەسپایی  دەست دەداتە دەرپێ کورتەکەی و بەرەو خوارەوە دای ئەماڵێت.

تـەزوویـەک لـەشـێوەی هێزێکی ئـەفسـاونـاوی بەناو هەموو هەناوی دەروێشدا دەگەڕێت و هێزێکی زۆر بە هـەمـوو جەستەی دەرویـش دەدات کـە لەشوێنی خۆی ببزوێت، کاتێک ئەفسانە پشتی تێدەکات و لەجێگەی خۆی دەنوشتێتەوە بۆ ئەوەی پۆشاکێک پەراوە بکات، دەروێش ئارامی لەجەستەیدا نامێنێت، وەک ئەوەی هێزێک لەدواوە پاڵی نێت و بە ئاراستەی ئەفسانەی ببات، لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و لەدواوە بەپڕتاو ئەفسانە لەئامێز دەگرێت و دەستە لەرزۆکەکانی لە مەمکەکانی توند دەکات و دەکەوێتە ماچکردنی لاملی، لەو کاتەدا ئەفسانە لەناخەوە بەو دۆخە پێکەنینی دێت، هەست دەکات ئەوەی لەمێشکی خۆیدا پلانی بۆ کێشابوو وەک خۆی هاتۆتە دی. هەر بۆیە ئارەزوو دەکات بەشێوازێک ڕەفتار بکات کە هەموو گومان و کینەو ڕقی دەروێـشـی پێدامرکێنێتەوە. کاتێک کەفەڵە گۆشتن و نەرمەکەی لەباوەشی دەروێـشـدا دەبزوێنێت، زیاتر تامەزرۆی خۆی دەکات و بەپەیڤێک کە ئاگر لە هەموو ناخی بەر دەدات پێی دەڵێت: « پیاوەکە ئێستا کەی وەختی ئەوەیە، لەوانەیە ئێستا موحەمەد و خێزانەکەی بێن، هەڵیگرە بۆ کاتی نووستن». ئەفسانە بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆچی ئەو پەیڤە هەستبزوێنە لەلێوەکانییەوە خلیسا و هەستی دەروێشی پێ وروژان، تەنها ئەوەندە نەبێت ئەو ڕەفتار و پەیڤانە ئاسوودەیی بە دەروونـی دەدات، بێ ئاگابوو لەوەی، لەو ساتەدا دەنگەکەی ناخی کە لەبەرامبەر هەموو

ڕەفتارێکی لەو شێوەیەی دەروێشدا بێدەنگ نەدەبوو، لەکوێی ناخیدا خۆی حەشارداوە و بۆکوێ چووە و بە تەمای چییە؟ ئایا ئەو تەنها خۆی ڕادەستی ئەو بیرانە کردبوو کە لە سپێدەوە ئاوەزی پیانەوە مژوڵ کردبوو، تا ئارامی بە ناخە پەژمووردەکەی بدات ؟

دەروێش بەدەم ماچکردن و گەمەی دەستەکانی لەنێو هەموو جەستەی ئەفسانەدا، هەستیدەکرد پەژیوانی خەریکە ناخی دەتەنێتەوە، شیمانەی ئەوەی دەکرد گۆڕانی ڕەفتارەکانی ئەفسانە بە هۆی نزاکانییەوە بێت، کە بەردەوام بەدەم خوێندنی قورئانەوە تکای ئەوەی دەکرد هەستی شەیتان لەناخی ئەفسانەدا بەدەرنێت و بگەڕێتەوە بۆ ژنە گوێڕایەڵەکەی جارانی، کە بە ویستی خۆی ڕەفتاری دەکرد و نەیدەتوانی سەرپێچی خواستەکانی بکات. هەر بۆیە دەروێش بە هەموو ئەو هێزەی لە جەستە و دەستەکانیدا بوو خۆی بەجەستەی ئەفسانەوە توند کردبوو. وەک ئەوەی قاچەکانی هێزیان تیا نەبێت و خۆی بەجەستەی ئەفسانەوە گرتبێتەوە ئاوا ئەفسانەی لەئامێز گرتبوو.

ئەفسانە بۆماوەک لەئامێزیدا مایەوە، بەدەم هەڵسونی کەفەڵی لە چوکە سیس و متبووەکەی دەروێش بەدەنگێکی نزم هەستبزوێنەوە پێدەچوو بەگوێکانیدا بچپێنێت دوبارە وتی: «پیاوەکە دەڵێم دوایی، ئارام بگرە، ئەمشەو لەباوەشتا دەخەوم، بەڵام ئێستا وازم لێبێنە با خۆم بگۆڕم کاتی ئەوە نییە». کاتێک دەروێش ئەوەی بیست دەستە زلەکانی

لەمەمکەکانی ئەفسانە بە هێمنی شل بوون و بە دەروونێکی ئاسوودەوە بەرەو قەرەوێڵەکەی خۆی گەڕایەوە، تا ئەو کاتەی ئەفسانە بە تەواوی خۆی گۆڕی، بەردەوام نیگای چاوەکانی لەبری دەستی بەهەموو جەستە نەرم گەرمەکەی ئەفسانەدا دەخشاند.

ئەوەی ڕوویدا بۆ هەر دووکیان شتگەلێکی نامۆ بوو، کە بە درێژایی ساڵێک بوو جەستەیان بەر یەکدی نەکەوتبوو، بەڵام ئایا هەموو ئەو ڕەفتارانە دەتوانێت بە سەر هەستە تاریکەکانی ناخیاندا زاڵ بێت، کە بە ڕق و کینە و تاوان و بەرامبەر بەیەکدی گەورەیانکردبوو. ئایا دەرویێش لەهەموو ئەو ڕەفتارو گومان و دڵپیسیانەی کە بۆ ئەفسانە هەیبوو دەتوانێت لێی پەژیوان بێتەوە و بەدڵێکی ئارامەوە تا دوا چرکە ساتەکانی ژیان لەگەڵ ئەفسانەدا بەخەیاڵی لاوێتییەوە شەوانە گەمەی لەگەڵدا بکات و هەوەسی خۆی تیا خاڵی بکاتەوە، یان ئەفسانە چۆن دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە دەنگە شاراوەکەی ناخی پێ کپ و بێدەنگ بکات و ڕێگری بکات لەهەڵچوونەکانی، کەهانی دەدات تاوانێک بکات و دەرویێش بکوژێت. ئایا ئەوەی ئەفسانە کردی لەهەست و ویستی خۆیەوە بوو یان بیری دەنگەکەی ناخی بوو؟ بێئاگا لەخۆی دەستی بەسەر ڕەفتارەکانیدا گرتووە و بۆخۆشی نازانێت بە کام ئاقاری ژیانیدا پەلکێشی دەکات و بە کام چارەنووسی دەناسێنێت.

# ٤

ئەو ڕۆژە تا کاتی ڕۆژئاوابوون ماڵەکە لەبێدەنگییەکی ئەفسوناویدا بوو. ترپەی دڵەکان ئارام و لەسەر خۆ لێیان دەدا، نیگاکان پڕ لە چێژی ژیان و خۆشەویستی بوون. خەونەکان لەنێو ئەو کەشی بەفر و کڕێوەیەدا سەوز دەبوون لە ناخی هەردووکیاندا بەهارێکی پێشوەختە هاتبوو، کە تەزوویەکی گەرمی بەساردی کەشەکە دەدا.

تا دەهات بەفرەکە زۆر تر دەبوو، بایەکی بە هێز و سارد کلووە بەفرەکانی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەکردەوە. بە شێوەیەک ڕووی جامخانەکەی تەواو سپی کردبوو کە دیمەنی حەوشەکەی شاردبۆوە. تا ئەو کاتەی بانگی نوێژی ئێوارە ماڵەکەی ئاوەدان کردەوە، کەس نەهات،

کەس لەدەرگای ماڵەکەیانی نەدا. خەڵکی بە هۆی کڕێوەی بەفرەکەوە لەماڵەکانی خۆیاندا خزابوو. شار لەبێدەنگییەکی کپ و ئارامدا بوو. کەس ئاگای لەکەس نەمابوو. ئاسمانی شار بە تەواوی لەناو تەمێکی چڕی بەفردا خنکابوو. ئەگەر هەموو خەڵکی لەماڵەکەی خۆیانەوە پڕ بە گەرویان هاواریان بکردبا، کەس دەنگی کەسی نەدەبیست، ئەو کەشە هەستێکی پڕ لە جوانی و ترسی لە ناخی هەموو کەسێکدا دروستکردبوو.

دەروێش لەگەرماوەکە دێتە دەرەوە، بەدەم داماڵینی قۆڵی چاکەتەکەی بەرەو ژوورەکەی پێشەوە دەچێت و بەرماڵەکە ڕادەخاتوو دەست بەنوێژ دەکات، ئەفسانە لەنێزیکی زۆپاکەوە سەرقاڵی ئامادەکرنی خوانی ئێوارەیە، لەسەر سفرەکە چەند قاپێکی قوڵی شوشە کە بەوێنەی گوڵ ڕوکەشەکەی ڕازێنراوەتەوە لەگەڵ دۆلکەیەکی ئاو و چەند پەرداخێک و هەندێک نان لەسەبەتەیەکدا دانراوە. ئەفسانە بەرەو ناندێنەکە دەچێت و بە دوو پارچەپەڕۆ مەنجەڵی شۆربای ترخێنەکە هەڵدەگرێت و بەرەوە ژوورەوە دەیهێنێت و لەسەر گەرمی پارێزێکی تەختە دای دەنێت و دواتر لەسەر ئەو دۆشەکەی بەتەنیشت قەرەوێڵەکەی دەورێشەوە دانراوە دادەنیشێت و بەهەردوو دەستەکانی ئەژنۆکانی لەئامێز دەگرێت، دەروێش لە نوێژەکەی تەواو دەبێت و هەر دوو دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵند دەکات و نزا دەکات، ئەفسانە چاوەکانی لەسەر ڕەفتارەکانی دەروێشە،

پاش ئەوەی دەروێش لە نزاکردن دەبێتەوە، لەشوێنی خۆیەوە لە سەر بەرماڵەکە ئاوڕێک بۆ ئەفسانە دەداتەوە و دەڵێت:

–ژنەکە موحەمەد دیار نەبوو؟

–بڵێم چی پیاوەکە، لەوانەیە بە هۆی بەفرەکەوە دواکەوتبێتن.

–دڵم هەر لایانە، دڵنیام هەر دێن، ئەو زۆر ئارەزووی شۆربای ترخێنە دەکات، کە تۆ چویت بۆ بازاڕ دڵنیایی کردمەوە کە دێت.

–من جارێ برسیم نییە. دڵم هیچ نابات. چاوەڕێیان دەکەین، بەڵکو لەناکاوێکدا پەیدا بن.

– زۆر برسیمە، بەڵام هەر چاوەڕێیان دەکەین، لەوەتەی ئەو لەم ماڵەدا نەماوە، نانێکمان پێکەوە نەخواردووە، بەشکم بەم نزیکانە بێن.

دەروێش لەدوای قسەکانی بەرماڵەکەی کۆدەکاتەوە و قەدی دەکات و لەسەر سەرینەکەی خۆی دای دەنێت، دوای کەمێک چاوەڕوانی دەست ئەداتە قورئانەکەی و لاپەڕەکانی ئەکاتەوە و ئەو ئایەتە ئەدۆزێتەوە کە جێی هێشتبوو، چاویلکەکە لەچاوی دەکات و دەستدەکات بەخوێندنی قورئان.

ئەفسانە بە دەروونێکی خاڵییەوە لەدیمەنی ئەو بەفرە دەڕوانێت کە لە پەنجەرەکەوە دیارە، وەک ئەوەی خەون بیباتەوە تاو ناتاوێک چاوە کانی لێک دەنێت، نزیکی

کاتژمێرێک تێدەپەڕێت، بەڵام کەس لەدەرگا نادات. دەروێش تا ئەو کاتەش لەخوێندنی قورئان بەردەوامە. ئەفسانە بەخۆی دێتەوە و لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و دەچێتە بەردەم پەنجەرەکە و کەمێک لەدەرەوە دەڕوانێت و ئاوڕێک بۆ دەروێش دەداتەوە و پێی دەڵێت:

-پیاوەکە بڕواناکەم بەم بەفر و کڕێوەیە بتوانن بێن، تازە درەنگە چێشتەکەش سارد بۆتەوە.

دەروێش بێدەنگ دەبێت و قورئانەکە دادەخات و بەچاویلکەکەیەوە کەمێک لە ئەفسانە دەڕوانێت، دواتر بەچەند هەنگاوێکی گرانەوە دەچێتە نزیکی ئەفسانەوە، کاتێک لەپەنجەرەکەوە ئەو بەفرە زۆرە دەبینێت کە بەباوە دەبارێت، نیگەرانی نێو چەوانە چرچەکەی دادەگرێت و دەڵێت: « تۆ ڕاست دەکەیت بڕوا ناکەم بێن، چار نییە تۆ چێشتەکە تێبکە و بەشی ئەوانیش جیا بکەرەوە».

ئەفسانە بەرەو لای خوانەکە دەچێت و سەری مەنجەڵەکە لادەبات و بە ئەسکوێکە کەمێک تێکی دەدات و دەڵێت:

-وا بزانم ساردبۆتەوە، با بۆتی گەرم بکەمەوە لەم سەرماو سۆڵەیەدا ترخێنە بە گەرمی خۆشە.

-کێشە نییە ژنەکە پێویست ناکات.

ئەفسانە قاپێکی قوڵی پڕ لە ترخێنە لەبەردەم دەروێشدا دادەنێت، دەروێش بەتامەزرۆوە تاو دەداتە کەوچکەکە و دەستدەکات بەنان خواردن، لەو کاتەدا بە ئەفسانە دەڵێت :

- بۆچی نان ناخۆیت؟

– ئەوەندە بۆنی چێشتەکە بەسەرمدا هاتووە دڵم گیراوە، تۆ نانەکەت بخۆ، ئەگەر ئەوان هاتن لەگەڵ ئەوان نان دەخۆم.

دەروێش دەست بەنان خواردن دەکات، ئەفسانە لەچاوەڕوانی هاتنی کوڕەکەی و ژنەکەیدا نیگەرانە، چاوەکانی لەسەر دەروێشە، کە بە تامەزرۆییەوە شوربا کە دەخوات، تاو ناتاوێک دەنگی گڤەی با بەناو بێدەنگی ژوورەکەدا دێت و دەچێت، دەروێش کاتێک لەنانخواردن تەواو دەبێت بەجەستەیەکی گرانەوە لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و لەسەر قەرەوێڵەکەی دادەنیشێت، ماوەی چەند خولەکێک تێدەپەڕێت کەسیان ورتەیان لێوە نایەت. لەهیکرا دەروێش لەتاو ئازاری هەناوی هاوارێک دەکات، وەک ئەوەی پێچ بەسکیدا بێت و ئازارێک هەموو هەناوی بتەنێتەوە دەست بە هاوار وناڵەی سکی دەکات، لەتاو ژانی سکی لەشوێنی خۆیەوە لەسەر قەرەوێڵەکە ڕادەکشێت و دەستە گەورە و زبرەکانی بەسکی خۆیدا دێنێت، ئەفسانە بە گومانەوە لەدەروێش دەڕوانێت و دەڵێت:

–ئەوە چیتە پیاوەکە بۆ هاوار دەکەیت؟

–ئازارێکی زۆر لە هەناومدایە، ئـاااااا دەڵێی پێچ بە سەکمدا دێت.

–هیچ نییە پیاوەکە ئارامبەرەوە، لەوانەیە بەهۆی ئاوە ساردەکەوە بێت دەستنوێژت پێ هەڵگرتووە.

– ژنەکە دەستنوێژ پەیوەندی بە ئازاری سکمەوە چییە، ئاااااخ ئەوەندە سکم ئازاری هەیە، دەڵێی بە چەقۆیەکی کول هەناوم پارچەپارچە دەکەن، ئاااخ.

تا دێت ئازارەکەی دەروێش زێدەتر دەبێت و پڕ بە گەرووی هاوار دەکات، ئەفسانە بە گومانەوە لەدیمەنی دەروێش دەڕوانێت، کە لەشوێنی خۆیەوە لە تاو ئازاری هەناوی وەک گایەکی زەبەلاح لەسەر قەرەوێڵەکە خۆی ئەمدو ئەو دیودەکات، بۆ ئەوەی دەروێش ئارام بکاتەوە پێی دەڵێت :

–پیاوەکە خۆ هیچ شتێکی خراپت نەخواردووە؟

دەروێش بەدەم ئازاروناڵەوە چاوە شینەکانی کە ڕەنگی خوێن سووری کردوون، بەڕقەوە لەسەر ئەفسانە دەنێت و بەدەنگێکی پڕلە ئازارەوە دەڵێت :

–هەی شەیتانی بێشەرەف کاری خۆت کرد!

ئەفسانە بە گومانێگەوە چاوەمەنگ و پڕ لەپرسیارەکانی لەنێوچەوانە گرژ و ترساوەکەی دەروێش دەنێت و دەڵێت:

–کاری چێم کردووە پیاوەکە ... ها، تۆ تەواویت یان هۆشت لەدەستداوە ؟

–هەر دەمزانی ڕۆژێک شتێک دەکەیتە خواردنەکەوە و دەمکوژیت .. ئاااااخ .... (بەردەوام لە سەر قەرەوێڵەکە دەتلێتەوە بەدەم ئازارەوە دەڵێت) دەبوایە زووتر تۆم بکوشتبا، بەڵام .... بەڵام تۆ ئاااخ ... زووتر دەستی خۆت وەشاند و کاری خۆت کرد.

کاتێک ئەفسانە گوێی لەقسەکانی دەروێش دەبێت، بیرێک وەک بروسکەیەک بەمێشکیدا دێت، وەک ئەوەی شتێکی بەبیردا هاتبێتەوە، ترسێک هەموو جەستەی دەگرێتەوە، بلەز لەشوێنی خۆی هەڵدەستێت و بەرەو ناندێنەکە دەچێت، لەناو دەرگای کەوانتەرەکەیا بەدوای زەرفی مەرگەموشەکەدا دەگەڕێت نایدۆزێتەوە و جارێکی دی هەموو خانەکانی ناو کەوانتەرەکە بەوردی دەپشکنێت، بەڵام هیچ نابینێت. کاتێک بێمەبەست سەرنجی بەرپێی خۆی دەدات زەرفی مەرگە مووشەکە دەبینێت بەبەتاڵی لای پێچکەی کەوانتەرەکەوە کەوتوو، متمانە بەخۆی ناکات بە دەستەکانی خۆی ئەو کارەی کردبێت، گومانی ئەوە دەکات زەرفەکە کەوتبێتە خوارەوە و مەرگەمووشەکە بە زەویدا بڵاو بووبێتەوە. لەو کاتەدا بەردەوام دەنگی دەروێش کەلە ژوورەکەی خۆیەوە بەدەم ئازاری هەناویەوە هاوار دەکات لەناندێنەکەدا دەبیسرێت، کاتێک بە وردی لە عاردی ژێر کەوانتەرەکە دەڕوانێت، هیچ ئاسەوارێکی ڕژانی مەرگەمووشەکە نادۆزێتەوە.

ئەفسانە بە گومانە لەوەی، بە ویستی خۆی ئەو کارەی کردبێت، بەڵام وەک ئەوەی خەونێکی بینیبێت و بە ئاستەم بێتە یادەوەرییەوە لەوە تیدەگات، ئەو کاتەی بە ئامادە کردنی خوانەکەوە ڕۆچووبووە ناو خۆیەوە و بەیەکلاکردنەوەی خۆی، لەئەنجامدانی تاوان و پەژیوان بوونەوەدا تێهەڵچووبوو. بێئاگایانە بە دەستەکانی خۆی

هەموو مەرگە مووشەکەی ڕۆکردبووە ناو چێشتەکەوە، ئەفسانە ئیتر لەوە دڵنیابوو کە ئەو کارە دەنگەکەی ناخییەتی و ئەو تاوانەی پێی ئەنجامداوە، هەر بۆیە بەترسێکەوە خێرا دەگەڕێتەوە بۆلای دەروێش و دەچێتە تەنیشتییەوە و بەسەرسامییەوە لەدیمەنی مەرگ ئاسای دەروێش دەڕوانێت.

دەروێش بەهەموو هێزی دەستێکی ئەفسانە دەگرێت و دەیگوشێت و دەڵێت «ژنەکە تکا دەکەم ڕزگارم کە ئاااا بمگەیەنە نەخۆشخانە، لەتاو ئازاری ناخم خەریکە لەخۆم دەچم.» لاوازی دەروێش هەستێک لای ئەفسانە دروستدەکات، بیر لەچارەسەری بکاتەوە، یان بەو کرێوەو بەفرە زۆرە بچێتە دەرەوە هانا بۆ دراوسێکانی بەرێت، هەتا بەفریای دەروێش کەون، بەڵام هەر زوو دەنگەکەی ناخی ئەو بۆچوونەی دەڕەوێنێتەوە، ئەفسانە لەخۆی دڵنیا نییە ئەوی ڕوویداوە، دیمەنێکی ڕاستییە، یان تەنها خەوێنێکە وەک هەموو ئەو خەونانەی کە تێیدا هەوڵی کوشتنی دەروێشی داوە، واهەست دەکات ئەم خەونەیان جیاوازتر بێت لەهەموو خەونەکانی دی، بە هەر دوو دەستەکانی دەمووچاوە گۆشتنەکەی خۆی هەڵدەگلۆفێت بۆ ئەوەی خۆی بە ئاگا بێنێتەوە، یان ئەوەتا دەیەوێت تەواو دڵنیا بێت لەوەی ڕوویداوە خەونە یان ڕاستی. دواجار لەوە تێدەگات ئەوەی ڕوویدا بە ویستی خۆی نەبووە، بەڵکوو ئەوە دەنگەی ناخی بووە، کە چەندین ساڵە لەناخیدا دەژێ و بە

هەستی تۆڵە و تاوان گەورە بووە، هەر بۆیە لەو ساتەدا هەموو هەست و ناخی خۆی ڕادەستی دەنگەکەی ناخی دەکات و بە هەستێکی ئاسوودەوە لەڕەفتارە بە ئازارەکانی دەروێش دەڕوانێت، کە بە دەم ئازار وناڵەوە ژوورەکەی پڕکردووە.

دەروێش بەردەوام تکا لە ئەفسانە دەکات شتێک بکات، بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات. بەڵام ئەفسانە گرنگی بە هاوارە پڕ لە ئازار و پاڕانەوەکەی نادات، دەروێش لە تاو ئازاری خۆی بەردەوام دەستی ئەفسانەی لەنێو دەستە زلەکانی خۆیدا گوشیوە، وەک ئەوەی نەیەوێت ئەفسانە لەبەردەمیدا هەڵبێت، یان وەک تاکە فریادڕەسێک هانای بۆ بردووە کە ئومێدی ژیانی پێ ببەخشێتەوە. پێدەچێت ئەو ژنە ئەفسانە نەبێت، نیگایەکی تاڵ و سامناک و پڕلە هەستی تۆڵە سیما گەنم ڕەنگەکەی تەنیوە. بەخەندەیەکی سارد و گاڵتە جاڕانەوە، لەنیگا گرژەکەی دەروێش دەڕوانێت و پێی دەڵێت:

–دەروێش ئەوە ئازار دەچێژیت ها؟ ... ناخت ئازاری هەیە وانییە.

–ئاااااخ

–ئێستا هەستدەکەیت ئازاری ژەهر چەند بەسۆیە ها؟ تۆ ئەزانێت بۆماوەی بیست و چوار ساڵە من بەردەوام هەموو ڕۆژێک ئەو ئازارەم چەشتووە. ئێستا هەست بەوە دەکەیت

من چەندین ساڵە بەهۆی ئەو ژەهرە پیسەی ناخ و بیرو جەستەتەوە، کە بەردەوام لە مندا ڕۆتدەکرد چەند ئازارم کێشاوە؟ ئێستا هەست بەوە دەکەیت ئەوەی تۆ کردووتە، بەناوی ئایین و نەریتەوە چەند ئـازاری منت داوە هەی نامەرد، (دەروێـش بـەردەوام چاوە پڕ لە خوێن و پڕ لە قینەکەی لەسەر چاوەکانی پڕ لە تۆڵەکانی ئەفسانە بڕیوە و بەردەوام هاوار دەکات. هەندێکجار هەوڵی ئەوە دەدات ئەفسانە بۆ ئامێزی خۆی ڕابکێشێت، بۆ ئەوەی لەو دۆخە بە ئـازاردا بۆ دواجـار شتێک لە ئەفسانە بکات و تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە. بەڵام هێزی ئەوەی نییە)، تۆ دەزانیت لەوەتەی بە زۆر و ویستی خۆت منت کرد بەهاوسەری خۆت، من لە چ دۆزەخێکدا ژیـاوم؟ تۆ بەناوی ئایین و نەریتەوە پاکیزەیی منت دزی و لەبێئاگایی خۆمدا پەردەی کێچنیت دڕاندم و هەموو خەونەکانی منداڵیت دزیم هەی نامەرد. زۆر باش دەتزانی ئەو کاتە منداڵێک بووم، هێزی ئەوەم نەبوو ئەو ڕەفتارە دڕندانەیەت ڕەتبکەمەوە، بەتۆپزی دەستەمۆی حەزە و ویستەکانی خۆت کردم. چەندین جار بە ڕەفتارەکانت هەوڵی کوشتنی منتدا و واتلێکردم بە دەستی خۆم خۆم بکوژم، بەڵام من زۆر زووتر مردبووم. هەر ئەو کاتە مردم کە ژیانم کەوتە دەستی تووە کە خەونەکانت تۆراندم و کۆیلەی نەریتە گڵاوەکانی خۆتت کردم. هەوڵدانم بۆ کوشتنی خۆم، تەنها بۆ ئەوە بوو بەجەستەش خۆم لەژیانتدا بسڕمەوە.

تۆ بیر بکەرەوە هەی ناپیاو، بیر بکەرەوە بزانە بۆچی ئەو کارەم کرد و ژەهر خواردم کردیت؟ چەندین جار بەدەم خەوەوە یان ئەو کاتانەی کە ناخم بە تانە و تەشەر و سووکایەتییەکانی تۆ گرژ دەبوو، بیرم لەکوشتنت دەکردەوە، بەڵام هەر ئەو کاتە هەستی مردۆڤدۆستیم پەژیوانی دەکردمەوە. تۆ دەزانیت ئەوەی ئێستا تۆی ژەهر خواردکردووە کێ بوو ها؟ .... کێ ئەو کارەی کرد ( ئەفسانە ماوەیەک لەچاوەکانی دەرویش دەڕوانێت تا وەڵامی بداتەوە بەڵام دەرویش هێزی ئەوەی نییە، لێوە وشکهەڵهاتووەکانی ببزوێنێت، تەنها دەمی کردۆتەوە بەدەم ئازارەوە هاوار دەکات و بەردەوام دەنگی لاوازتر دەبێت. ئەفسانە بە دەنگێکی پڕلە ڕق و کینەی ناخییەوە ئەوەندە بە توندی هاواری بەسەردا دەکات دیوارەکان لە بەهێزی دەنگیدا دەزرینگێنەوە) هاااااا دەزانیت کێ بوو؟ ئەوە ئەودەنگەی ناخی من بوو کە خۆت و دایکت بەشەیتانتان ناو دەبرد، ئەو دەنگەی لەتەمەنی موحەمەدی کوڕمەوە لەناخمدا مایەوە و نەهاتە دەرەوە. ئەوە دەنگی ئازاری ناخم بوو، دەنگی پەرچەکرداری ڕەفتارە قێزەونەکانت بوو، دەنگی هەستی تۆڵەی چەندین ساڵەی ڕەفتارەکانی تۆ بوو کە خۆت بەو شێوەیە گەورەت کردبوو.

تۆ هەرگیز نەتتوانی بە سۆز و خۆشەویستی ئەو دەنگەی ناخم پەروەردە بکەیت، چونکە من بە ویستی خۆم هاوسەرگیریم لەگەڵت نەکردبوو. دەرویش هەرگیز

تۆم خۆش نەویستووە، هەتا ئێستاش تۆم خۆشناوێت. ئەو دەنگە لەهەناوی ئەو ڕەفتارانەتەوە دروستبوو، کە ویستی تاوان و ڕق و کینەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، تۆش لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانە لەبەرژەوەندی خۆتدا بوون بەرگریت لێدەکردن و پەیڕەووت دەکردن. بەبێ ئەوەی بە هەستێکی مرۆڤدۆستییەوە بیرێک لەژیان و هەستەکانی من بکەیتەوە و بۆ تەنها جارێک ویژدانت ببزوێت و بزانیت، من دەمەوێت تەنها وەک مرۆڤێک بژیم.

دەروێش بە ئاستەم لەژێر لێوە قورسە کانییەوە بەدەم ئازارەوە بە ئەفسانە دەڵێت:» تۆ، جێگەت دۆزەخە» ئەفسانە بەپەیڤەکەی دەروێش پێدەکەنێت، دواجار بەدەم قاقای پێکەنینەوە کەلە ناو ژوورەکەدا دەنگ دەداتەوە، ماوەیەک بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «دۆزەخ هههههە تۆ چەندین ساڵە من بە ئاگری دۆزەخ دەمترسێنیت، هههههە ئەی نازانیت بۆخۆت لەم ژیانەدا دۆزەخێکت بۆ من دروستکردبوو؟ هههههە دۆزەخ ، ئەوەی پێویستە بچێت بۆ دۆزەخ تۆی، ئێستا تۆ لە دۆزەخی خۆتدا دەژیت هههههە لەناو ئازاری ئەو ڕەفتارانەتدا دەژیت، کە چەندین ساڵە ڕەواییان پێدەدەیت و منت پێ کۆیلە کردووە (ئەفسانە هەستدەکات خەریکە دەروێش هێز لەدەستیدا نامێنێت و لاواز دەبێت، لەوە تێدەگات مەرگ بەئارامی هەموو گیانی دەتەنێتەوە و هێزی لەنیگای چاوە زیتەکانی دەبڕێت، بەهەموو هێزی، مەچەکی لەناو دەستی دەروێش دەردەهێنێت، پاشان تاو

دەداتە ئەڵقەکەی دەستی و بەهەموو هێزی لەدەستی خۆی دەریدەهێنێت و دەیخاتە ناو دەستە لاوازەکەی دەروێشەوە و پێی دەڵێت: «ها بگرە، ئەوە ئەو شتە بێنرخەیە کە تۆ شانازیت پێوە دەکرد و منت پێ کۆیلە کردبوو»، ئەفسانە بەدەم خەندەیەکی شادمانییەوە لە دوانیگای دەروێش دەڕوانێت، کە بەردەوام بەدەم هاوارێکی تاساوەوە خەریکە تاریک دەبێت و بینایی چاوە کزەکانی لێڵ دەبێت، لەشوێنی خۆی بڵند دەبێت و ماوەیەک بەپێوە نیگاکانی لەچاوە شین و سوورهەڵگەڕاوەکەی دەڕوانێت تا بەتەواوی لەگەڵ دەست و جەستەیدا لەجووڵە دەکەون.

چێژێکی پڕلە شادوومانی هەموو ناخی ئەفسانەی تەنیوە، تا ئەو کاتەی خەریکە بەرەو شاگەشکە دەچێت، واهەستدەکات لەنێو بەندیخانەیەکی تاریکدا هەڵهاتووە، دەچێتە بەردەم ئاوێنەکەو بەهەردوو دەستی لەچکەکە لەسەری خۆی دادەماڵێت، بەپەنجە گۆشتنەکانی کەمێک پرچە ڕەنگ خورماییەکەی شانە دەکات و پاشان بە هەر دوو دەستی بەسەر شانیدا بڵاویان دەکاتەوە.

بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قوڵ و دەروونێکی ئارامەوە بەرەو دەرگای دالانەکە دەچێت و لەبەردم شوشەی دەرگاکەوە کە بەفر تەڵخی کردووە، لەدیمەنی بەفرەکە دەڕوانێت. وەک ئەوەی بیر لەشتێک بکاتەوە ماوەی چەند چرکەیەک بەبێ جوڵە وەک پەیکەرێک بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. لەگەڵ هەڵکێشانی هەناسەیەکی شادمانیدا، کە

هێزێک بەناخی دەداتـەوە، دەرگای جامخانەکە بەئاستەم دەترازێنێت، بە هەموو هێزی تاو دەداتە دەرگاکە، لەگەڵ کردنەوەیدا کزە بایەکی توندی سارد بە بەفرەوە خۆی بە داڵانـەکـەدا دەکـات و سەمایەی ئەفسوناوی بەپرچە پەخشانەکەی و کراسەگوڵدارەکەی دەکات، دواتر بەچەند شـەقاوێکی ئـارام، کـە هـەموو هەستەکانی خـۆی تێدا کۆدەکاتەوە، خۆی لەناوەڕاستی حەوشەکەدا دەبینێتەوە، لـەناو گـەردەلولی بـەفرەکـەدا هـەر دوو دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵند دەکـات. پێدەچێت نزا بکات یان چاوەڕوانی ئەفسونێکە بەر و قوڵایی ئاسمان هەڵیکێشێت و بۆ هەتا هەتایە نەگەڕێتەوە بۆسەر زەوی، لەو دۆخە قەتیسماوەدا بیرگەلێک بە خـەیاڵیدا تێدەپەڕن، وەک ئـەوەی بیەوێت بەو ڕەفتـارەی هەرچی  کللوە بەفرە لەئاسمانەوە دێتە خــوارەوە لەئامێزی خـۆی بنێت، یـان ئـارەزوو دەکـات لەگەڵ گەردەلوولی ئەو بەفرەی وەک دەستێکی میهرەبان و ئارامبەخش خۆی لەهەموو جەستەی هەڵدەسوێت و هەستێکی شادمانی پێدەبەخشێت، سەما بکات. سەمایەک لەگەڵ بەفرێکی سپی و سـارد، کە ئارامی بـەدەروونـە پەشمووردەکەی بداتەوە یان ئەوەتا، پڕ بە دڵ ئارەزووی ئەوە دەکات هەتا سپێدە بەپێوە لەو شوێنەدا بمێنێتەوە تا بەفرەکە لەناو خۆیدا دەیشارێتەوە. ئەوەو چەندین بیرگەلی تر بەهەستی ئەفسانەدا دێن و دەچن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا چێژێکی ئەفسوناوی وەک ئەوەی هەموو جەستەی

لەئازارێکی درێژخایەندا خاڵی بکاتەوە، هەموو ناخی دەتەنێت و بەرەو لوتکەی چێژێک شاگەشکەی دەکات، ئەو هەستە پێکەنینێکی نامۆ و ئەفسوناوی بەلێوەکانی دەبەخشێت و لەخۆیدا نوقمی دەکات.

دەنگی قاقاو پێکەنینی ئەفسانە لەناو کپی ئەو بەفرەدا دەنگ دەداتەوە، بەڵام کەس دەنگی نابیستێت، کەس هەست بەبوونی ناکات، کەلەناو حەوشەکدا وەستاوە و سەری بۆساپیتەی ئاسمان بڵند کردووە و چاوەکانی لێکناوە و پێدەکەنێت، تا ئەو کاتەی بە بەردەوامی گەردەلولی بەفرەکە بە هەموو جەستەیدا هەڵدەزنێت و لەخۆیدا وەک پەیکەرێکی شێرە بەفرینە دەیشارێتەوە.

ئەفسانە بۆخۆشی نازانێت چی دەخوازێت، چاوەکانی لێک ناوە و لەناو چێژی هەستی خۆیدا دەژێ، بێئاگالەوەی تارمایی کەسێک دێتە حەوشەکەوە و وەک بروسکەیەک زەبرێک لەسەر سنگی ئەفسانە دەدات، زەبرێک کە ئازارێکی بەسوێ ئاوێتەی چێژی دەروونی دەکات، ئەفسانە بەدەم ئاوابوونی پێکەنینی سەرلێوەکانییەوە چاوە ماتەکانی هەڵدەهێنێت، تەنها لەو چرکە ساتەدا تارماییەکە دەبینێت، کە بە سەر دەرگای حەشەکەدا هەڵدەزنێت و بەرەو کۆڵانەکە هەڵدێت.

بەڕەفتار و بەژن وباڵاو باریک و پۆشاکەکەیدا دەیناسێتەوە کە موحەمەدی کوڕیەتی، بەدەم توند بوونی هەناسەیەوە بەئاستەم دەستێکی بۆسنگی

خۆی دەبات، دەبینێت کێردەکە لەسەرسنگی چەقیوە، بە هەموو هێزی تاو دەداتە خۆی، بەڵام هێزی ئەوەی نابێت لەسنگی خۆیدا دەری بهێنێت، تەزوویەکی گەرم لەسنگە گۆشتنەکەیەوە بەرەو سک و دامێن و ڕانەکانی، وردە وردە شۆڕدەبێتەوە، لەگەڵیدا هێدی هێدی پێکانی لاواز دەبن و خۆی بەپێوە بۆ ڕاگیرناکرێت، بە دەنگێکی تاساوەوە هاواری دەکات «موحەمەد... ئاااى ئەوە تۆ بووی کوڕم» لەو کاتەدا دەیەوێت بانگی بکات، بەڵام هەست بە خاوبوونەوەی هەموو جەستە و لێوەکانی دەکات، وەک ئەوەی زەوی بۆخۆی لوش بدات بە هێمنی لەشوێنی خۆیدا دەکەوێت و بەفرەکە نیوەی جەستەی لەخۆیدا نوقم دەکات، تا ئەو کاتەی نیگاکانی ئەفسانە لەسەر دەرگای حەوشەکەیە لەچاوەڕوانی ئەوەدا یە موحەمەد بگەڕێتەوە تا پێی بڵێت «بۆچی باوکی ژەهر خوارد کرد» بەڵام ئەو ناگەڕێتەوە.

ئەفسانە بەپشتا لەناو بەفرەکەدا کەوتووە و هێز لەجەستە سڕەکەیدا نەماوە، بەدەم هێڵنجەوە خوێن دەهێنێتەوە و نیگاکانی لەسەر هەموو ئەو کلووە بەفرانەیە کە بە ئارامی دێنە خوارەوە، وێنای ئەوە دەکات هەموو کلوە بەفرەکان پەپوولە بن و بە هێمنی لە ئاسمانەوە داباریێن، یان باڵندەیەکی سپی نامۆ بن و لەو شەوە تایبەتەدا هاتبێتنە خوارەوە، هەتا لەسەر جەستەیدا بنیشنەوە، بۆ ئەوەی بە تاوێک پێکەوە بڵندی بکەن بۆ ئاسمان و لەگەڵ خۆیاندا

گەشتێکی ئەفسوناوی پێبکەن، ئەو گەشتەی چەندینجار لەئەندێشەی خۆیەوە وێنای دەکردووە ئارەزووی دەکرد ببێتە کۆترێک و بەناو قوڵایی ئاسماندا بفڕێت، زۆرجار باڵندەی ئەندێشەکانی خۆیان لەشێوەی کۆترە سپییەکانی خەیاڵیدا وێنا دەکرد، تا ئەو کاتەی ئەوەندە زۆر دەبوون، بینایی ئەفسانەیان لەخۆیاندا دادەپۆشی، هێدی هێدی بە بێ جەستە وەک تەمێک هەڵدەکشێت بۆ قوڵایی ئاسمان تا ئەو کاتەی ئەوەندە دوور دەکەوێتەوە، نزیک دەبێتەوە، لە ئەستێرەکان یان لە سەر هەسارەیەکی دیکە ئاشنا دەبێت بە پەری خەونەکان و لەوێدا بە دوو باڵی سپییەوە وەک هەموو ئەو کۆترانەی ئێواران لەسەر دیواری حەوشەکەی ماڵی خۆیان بەڕیز هەڵدەنیشتن، هەرکاتێک ئارەزوویان بکردبا، هەڵدەفڕین. دەفڕێت تا ئەو کاتەی لە کوێدا دڵی بخوازێت دەنیشتنەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەو خەیاڵە پڕ لەچێژەدا، خوێنی جەستەی لەژێر کراسە پەمەیی و کوڵدارەکەیەوە وەک جۆگەیەکی ژێر بەستەڵەکی شاخێک کە لە بەهاردا خاو دەبێتەوە، دەڕژێتە ناو بەفرەکەی ژێر خۆیەوە و بە ئارامی تێکەڵی دەبێت و دەچۆڕێتە بنەوە، تا ئەو کاتەی لەگەڵ بەفرەکەدا ئاوێتە دەبێت، سەرەتا ڕەنگێکی سووری تێر ڕووی بەفرەکە دەگرێتەوە، دواجار وردە وردە کاڵتر دەبێتەوە، تا دواجار ڕەنگی پەمەیی کاڵ بەسپێتی بەفرەکە دەبەخشێت، لەدوای چەند خولەکێک نیگاکانی لەتاریکیدا تەواو نوقم دەبێت،

گەردەلولی بەفرەکەش بەبەردەوامی، هەموو جەستەی لەخۆیدا دەشارێتەوە و ئاسەواری لەحەوشەکەدا دیار نامێنێت.